دێمۆكراسی بۆ ئێـران    خودموختاری بۆ كوردستـــان

# كوردستان

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران

٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٢    ٢٢ی ژوئیەی ٢٠٠٣    ژمارە ٣٦٩    ١٥٠ تمەن

## كۆنفرانسی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست
## بۆ دێمۆكراسی لە عێراق و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست

لە رۆژەكانی ١٨ و ١٩ی ژوئیەدا، ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست (SI) كۆنفرانسێكی لە ژێر نـاوی "جێگـیركردنی دێموكراسـی لـە عێراق‌و هەوڵ بۆ سەقامگیركردنی ئاشتی لە رۆهەڵاتی نێوەڕاستدا" لە شاری رۆم پێتەختی ئیتالیا بەرێوە برد.

لەم كۆنفرانسەدا جگە لە رێبەرانی حیزبە سـەرەكی‌یەكانی ئـەندامی ئـەنتێر ناسـیۆنالی سۆسیالیسـت، نوێنـەران‌و رێبـەرانی ١٤ حیزب‌و رێكخراوی عێراقییش (كە دوازدەیان ئـەندامی ئەنجومـەنی حوكمـی عـێراقن) بەشـدار بـوون. لـە لایـەن حـیزبی دێموكراتـی كوردستانی ئێرانیشەوە كە ئەندامی ئەنتێر ناسیۆنالی سوسیالیستە، هەیئەتێك پێكهاتوو لە هاوڕێیان خوسرەو عـەبدوڵلاّیی، ئـەندامی جێگری كومیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حـیزبی دێموكـرات لـە دەرەوەی وڵات‌و ئەحمـەدی جـەهانگیری، ئـەندامی موشـاویری كومیتـەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە وڵاتی نۆرویژ لەو كۆنفرانسەدا بەشدار بوون. **درێژەی ئەم ڕاپۆرتە لە لاپەڕە ١٤دا بخوێننەوە.**

### ڕاگەیەندراو:
## بە بـــۆنەی پێكهــــاتنی پلینـــۆمی كـــۆمیتەی نـــاوەندی

كومیتـەی نـاوەندیی حـیزبی دێمۆكراتـی كوردسـتانی ئێران، هەڵبژاردەی كۆنگرەی دوازدەهەمی حیزب، سـەعات ٩ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە، ٢٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٢ی هـەتاوی، (١٦ی ژوئیـــەی ٢٠٠٣ی زایینــــی) یازدەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەسڵی، جێگرو موشـاویری كومیتـەی نـاوەندی پێك هێنا.


پلینۆم پاش پەسند كردنی بەرنامەو دەسـتووری كـاری دانیشتنەكانی، گەڵاڵەی پێشنیاریی دەفتـەری سیاسـیی بـۆ چالاكتر كردنی ئۆرگانەكانی حیزب‌و بـەڕێوەچوونی باشـتری ئەركەكان لە هەلومەرجی ئێستادا، كـە لەلایـەن دەفتـەری سیاسی‌یەوە خرابووە بـەرچاوی بەشـدارانی پلینـۆم، خستە بـەرباس‌و پـاش تـاوتوێكردنێكی تێروتەسـەل‌و ڕادەربڕینـی بەشدارانی پلینۆم لەو بارەیەوە، بە تێكڕای دەنـگ پەسـندی كـرد. لــەو گەڵاڵەیــەدا گرنگی‌یـەكی تایبـــەتی بـــە پەروەردەكردن‌و پێگەیاندنی زیاتری كادرو ئەندامانی حیزب دراوەو ئەو مەسەلەیەی وەك ئــەركێكی گرینـگ لەبـەرچاو گرتوەو لەو پێوەندی‌یەشدا ئەركی تایبەتیی بۆ ئۆرگانەكانی پێوەندیدار بەو مەسەلەیەوە دەست نیشان كردوە.

لە بەشێكی دیكەی كاری پلینـــۆمدا، بـەڕێز سـكرتێری گشتیی حیزب، ڕاپۆرتێكی لــەبارەی هەوڵـەكانی دەفتـەری سیاسی بۆ لێك نزیك كردنــەوەو هاوكـاریی زیـاترو روونـتر لەنێوان هێزە سیاسی‌یەكانی كوردستانی ئێراندا، پێشـكێش بـە بەشـدارانی پلینـۆم كـردو گەڵاڵـەی هاوكـاریی هــێزە سیاسی‌یەكانی كوردستانی ئێرانی كە چــەند سـاڵە لەلایـەن دەفتەری سیاسیی‌یەوە ئامادەو لەگەڵ ئەو هێزانەدا هاتۆتــە گۆڕێ، خستە بــەرچاوی بەشـدارانی پلینـۆم. پلینـۆم پـاش تاوتوێكردنێكی تەواو و باس لەسەر ئەو مەسـەلە گرینگـە، وێڕای تەئییدی هەنگاوەكان‌و هەوڵەكانی دەفتـەری سیاسـی بـە مەبەسـتی پـەرەپێدانی هاوكـاری لــە نێـوان هــێزە سیاسی‌یەكانی كوردستانی ئێراندا، ڕێنوێنی‌و ڕاسپاردەكانی خۆی بۆ درێژەدان بەو رەوتەو بە ئاكام گەیاندنی بە دەفتەری سیاسی‌دا.

لــە بەشـــی كۆتـــایی كارەكـــانی پلینـــۆمدا، چـــەند مەسەلەیەكی پێوەندیدار بە بەشێك لە ئۆرگانـەكانی حـیزب كەوتنـە بـەرباس‌و بـۆ هـەركام لـەو مەســـەلانە لەلایـــەن پلینۆمەوە ڕێوشوێنی پێویست دەست نیشان كرا.

پلینۆم سەعات ١٢ی نیوڕۆی ڕۆژی پێنج شـەممە، ٢٦ی پووشپەڕ، كۆتایی بە كارەكانی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران**
**١٣٨٢/٤/٢٧ی هەتاوی**
**١٨ی ژوئیەی ٢٠٠٣ی زایینی**




## ڕێورەسمی ١٤ ساڵەی شەهید بوونی دوكتور قاسملوو
### لە بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران

دوانیوەڕۆی رۆژی یەكشەممە ٢٢ی پووشپەڕ (١٣ی ژوئیـە) لە بنكەی دەفتەری سیاسیی حـیزبی دیموكـرات، رێورەسمێكـی بەرین بە بەشداریی سـكرتێری گشـتی، ئـەندامانی دەفتـەری سیاسـی‌و كومیتـــەی نـــاوەندی، ئـــەندامانی كومیسـیۆن‌و كومیتەكانی سەر بە دەفتەری سیاسی‌و سەدان كەس لە ژنـان‌و پیاوانی تێكۆشەری حیزب‌و ئەندامانی بنەماڵەكانیان، بۆ یـاد كردنەوەی شەهیدی گـەورەی حـیزبی دیموكـرات‌و جووڵانـەوەی كوردستان، دوكتور قاسملووی نەمر پێك هات.

رێورەسمەكـە بـە سـروودی نەتەوایـەتیی ئـەی رەقیـب‌و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزنان لە شـەهیدانی كوردسـتان‌و لـە سەرووی هەموانەوە دوكتور قاسملوو، دەستی پـێ‌كرد. پاشـان هاورێی بەڕێز عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسـی‌و بەرپرسی كۆمیسیۆنی تەشكیلاتی حیزب، لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە، وتارێكی لەسەر كەسـایەتیی دوكتور قاسملووو كارەسـاتی تـیرۆری ئـەو رێبـەرە مەزنـە پێشـكێش كـرد. دەقـی وتـاری هـاورێ مێهرپەروەر لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەدا خراوەتـە بەر چاوی بینەران‌و خوێنەران.

لە درێـژەی مراسمەكـەدا، كۆمـەڵێك سـروود‌و پەخشان كە بە مەبەستی رێزنان لە مەقامی بەرزی سـكرتێری گشـتیی شـەهیدی حـیزبی دیموكـرات، ئامادە كرابوون پێشكێش كران. رێورەسمەكە كە لـە سەعاتی ٧ی داونیوەڕۆ دەستی پێ‌كردبوو، سەعات ٨/٥ كۆتایی پێ‌هات.

## دەست لەكار كێشانــەوەی خاتــەمی باشــترین خــزمەت دەبێ بە خـــەڵك


سرووش


كەدیوەر

**جیهان بـەم جۆرە لەگـەڵ زانسـتگەكان‌و ئـەندامانی مـەجلیس ناجووڵێنـەوە. زانسـتگە بۆتـە قوربانگـە، دەسەڵاتی "قضائیـە" بـووە بـە هـێزی "قصابیـە"و مەجلیس بووە بە مەحبەس (زینـدان)"**. موحسـینی كـەدیوەریش وێـڕای پشـتیوانی لـــە دەردنامەكــەی سـرووش ڕای‌گـەیاندوە **"لـە هەلومـەرجی ئێسـتادا ئیسـتیعفای خاتـەمی باشـترین خزمـەت دەبـێ بـە خەڵكی وڵات"**. كـەدیوەر هـەروەها گوتـی: **"ئەگـەر خاتـەمی بیهـەوێ لەگـەڵ خـەڵك هاوڕێیـەتی بكـا، چارەیەكی جگە لە دەست لـەكار كێشـانەوەو چوونـە دەر لە دەسەڵاتی نیە. ئەگەر خاتـەمی بیهـەوێ هـەر ئەم رەوتە درێژە بدا مانای ئەوەیە خـەریكی توانـەوە لەنێو بەشـی داسـەپاو و هەڵنـەبژێردراوی دەسـەڵات دایە". . . دەست لەكار كێشانەوەی خاتەمی لەگـەڵ هەموو گیروگرفتەكانی‌دا باشترین خزمەت بە خەڵكە. چونكە خـەڵك دەتوانـن لەبەرامبـەر دەسـەڵاتداراندا تەكلیفی خۆیان بە شێوەیەكی باشتر روون بكەنەوە".**

داوای دست لەكار كێشانەوە لە خاتەمی‌و رەخنە گرتــن لـە مـل ڕاكێشـانی ناوبراو بۆ سیاسەتەكانی خامەنەیی‌و دەسەڵاتبەدەستانی دیكەی ڕێژیم تا دێ پـتر پەرە دەستێنێ. بە دوای هاتنە گۆڕی ئەو داوایە لەلایەن دەیان هــەزار كـەس لـە خۆپێشـاندانەكانی جـۆزەردان‌و پووشـــپەڕدا، ژمارەیــەكی زۆر لــە ڕێبـــەرانی بزووتنەوەی خوێندكاری، رووناكبیران‌و كەسایەتی‌یە سیاســی‌و فەرهەنگی‌یـەكانی وڵاتیش لە نامەی سەر ئاوەڵاو وتووێژەكانیاندا، ئەو داوایەیان دووپات كردۆتەوە. عەبدولكەریمی سرووش، موحسینی كەدیوەر، مەسعوودی بێهنوودو سەید برایمـی نەبەوی (كە ئەم دوو كەسەی دوایی ماوەیەكـە لـە ترسـی فشـارو بێ‌حورمـەتیی كاربەدەستانی رێژیم لە دەرەوەی وڵات گیرساونەوە) لەو كەسایەتییانەن.

"سرووش" لەدەردنامەكەی‌دا بۆ خاتەمی ڕای‌گەیاندوە **"لـە هیـچ جێیـەكی**

## پێویستە UN كۆمیسیۆنێك بۆ ڕاگەیشتن بە مافی مرۆڤ لە ئێران‌دا پێك بێنێ

ژمارەیەك كەسایەتیی ئوروپایی رۆژی شەممە بـە دەركردنـی بەیاننامەیـەك لـە پـاریس، داوایـان كـرد كۆمیسـیۆنێكی لێكۆڵینـەوە لـە رێكخـراوی نەتـەوە یەكگرتووەكان بۆ پێڕاگەیشتن بە وەزعی مافی مـرۆڤ لە ئێراندا پێك بێ.

"رۆژێ دۆبرێ"، فیلسۆفی فەرانسـەیی، "خـۆزە ساراماگۆ"، وەرگـری خـەڵاتی نۆبێلی‌ئەدەبیی سـاڵی ١٩٩٨، "ژان زیگێلـیز"، كۆمەڵناسـی سویسـی، "كلۆد شیسۆن"، وەزیری پێشووی كاروبـاری دەرەوەی فەڕانسە، "گۆستاو گاوراس"، دەرهێنـەری یوونـانی، "سـەمیر ئـەمین"، ئـابووریزانی میسـری، "نـوام چامسـكی"، زەمانناسـی ئـەمریكایی، "ئاڵـبرێت ژاكـارد"، فەڕانسـەیی، لـەو كەسـانەن كـە بەیاننامەكەیان ئیمزا كـردوە. بەیاننامەكـە هـەروەها دەڵـێ: كۆمیسـیۆنی لێكۆڵینـەوە پـاش ئـەوەی لـە رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان پێك هات لە وەزعی دڵتەزێنی مافی مرۆڤ لـە ئـێراندا دەكۆڵێتـەوەو بـۆ پێشێلكەرانی ئەو مافانە، داوای سزاو تەمبێ دەكا.

## ئەو بانگەوازو داواو ئامۆژگارییانەی خامەنەیی ئامادە نیە بیان بیسێ!




ڕۆژی ٢٥ی پووشـپەر ٣٥٠ كەسـی دیكـە لـە كەسـایەتی‌یە سیاسـی، فەرهـەنگی‌و زانستگایی‌یەكانی ئـێران نامەیـەكی سـەرئاوەڵایان بـڵاو كـردەوە. ئـەوان لـە نامەكـەیاندا ڕووی قسـەیان كردۆتـە خامەنـەیی ڕێبـەری كۆمـاری ئیسلامی‌و پـاش وەبـیر هێنانـەوەی ئـەو قەیرانـە بێ‌وێنەیـەی ڕێژیـم تێی‌كـەوتوە، دوو ڕێگایان لەبەر دەم خامەنەیی داناوە: ١ـ درێژەدان بە تێگەیشتنێكی زۆردارانـە لـە ئیسلام‌و قـانوونی ئەساسـی‌و داسـەپاندنی كەسـانی بـێزراو لـەنێو خەڵك‌و، بەردەوامی لەسەر سیاسەتەكانی ناتـەبا‌و پێچەوانـەی بـیروڕای گشـتی‌و بەرژەوەندی وڵات. . . ٢ـ گرتنە پێشـی تێگەیشتنێكی خـەڵك سـەردارانە لـە قـانوونی ئەساسی. لـە درێـژەی ئـەو نامەیـەدا چـوار داوا وەك لانی‌كـەمی داواكان ناوبراون‌و گوتراوە ئەگەر وەڵامی گونجاویـان پێ‌نەدرێتـەوە، نارەزایـەتیی گشـتیی زۆر زیـاتر پـەرە دەسـتێنێ‌و ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسـی‌و كۆمەڵایـەتی ڕوو دەدەن. پوختـەی چـوار داواكـە بریتی‌یـە لـە ١ـ پێكـهێنانی ئـالوگۆڕی بنـەڕەتی لـە دەزگـای قـەزایی‌دا، ٢ـ گۆڕینی تەركیبی ئەندامـەكانی شووڕای نیگابـانو كـۆڕی دیـاریكردنی بەرژەوەندەكانی نیزام بە قازانجی ئێرادەی گشتی‌و بەرژەوەندی نەتـەوەیی، ٣ـ تـەئییدی دوو لایحەكـەی سـەركۆمار كـە مـەجلیس پەسـندو پێشكێشـی شـووڕای نیگابـانی كردوون، ٤ـ خاوێن كردنەوەی فەزای سیاسیی وڵات لـە ڕێگـای بـەردانی زیندانی‌یـە سیاسـی‌یەكان‌و ئـازادكردنی ڕۆژنامـە داخراوەكان‌و. . .

**دیارە نووسەرانی نامەكـە هێشـتا لـەوە حاڵی نـەبوون كـە لەلایەكـەوە خامەنـەیی‌و هاوبیرانی بۆ داوای زۆر لەوە كـەمتریش مـل نادەن‌و لەلایەكی دیكەوە خـەڵكی ڕاپـەڕیوی وڵات بڕیـاری خۆیـان داوەو وەدیـهاتنی ویست‌و داخوازە بنەڕەتی‌یـەكانی خۆیـان لـە لابردنی ئەو ڕێژیمەدا، دۆزیوەتەوە.**



٣ لە یادی چوار ساڵەی كۆچی ناوەختی هاوڕێ سەلام عەزیزی‌دا
٤ ڕاگەیەندراو بە بۆنەی مەرگی گوماناویی زارا كازمی‌یەوە
٥ وتووێژی "شرق الاوسط" لەگەڵ سكرتێری گشتیی حیزب دا
٩ هەلومەرجی تازەی عێراق‌و ئەركی كوردەكان
١٠ بەڵێ بۆ یەكیەتی‌و هاوكاریی نێوان ڕێكخراوە سیاسی‌یەكانی كوردستان
١١ ڕاپەڕینی خوێندكاری ـ جەماوەریی جۆزەردان‌و پووشپەڕی ٨٢، تایبەتمەندی‌و خاڵە لاوازەكان
پاشكۆی ژمارە




# وتاری هاوڕێی بەڕێز عەلی مێهرپەروەر

## ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكرات

# لە چواردەهەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوكتور قاسملوودا



**خوشك‌و برایانی بەڕێز!**
**بەشدارانی خۆشەویست!**

بۆ جارێكی دیكە لێرەدا كۆبووینەتەوە كە یادی ساڵڕۆژی كارەساتی شەهیدكرانی دوكتور قاسملوو هاوڕێیانی لە ڤییەن، پێتەختی وڵاتی ئۆتریش بكەینەوە. یادی ئەو ڕۆژە تاڵە لە مێژووی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا لەلایەك ڕێزو حورمەتێكە بۆ ڕێبەرێكی هەڵكەوتوو، ئاشتیخوازێكی ناودار، خەباتگێڕێكی دیپلۆمات، دیپلۆماتێكی خەباتگێڕ، بەناوی دوكتور عەبدولڕەحمان قاسملوو. لەلایەكی دیكەوە یادی كارەساتیكی جەرگبڕ، جینایەتیكی كەم وینە، بێئەخلاقی‌و بێپرنسیپی‌یەكی ئاشكراو بێپەردە لەلایەن ڕێژیمێكەوە بەناوی كۆماری ئیسلامیی ئیران. بەشداریتان لەو یادكردنەوەدا نیشانەی ڕیزدانانە بۆ فیداكاری‌و لەخۆبردوویی ئەو كەلە پیاوە هەرگیز نەمرە. هەر لەو ڕۆژەدا بوو كە كاك عەبدوللا قادری‌ئازەر، ئەندامی كومیتەی ناوەندی‌و نوینەری حیزب لە ئورووپاو یارو هاوسەنگەری دوكتور لەسەر میزی وتوویژ ڤییەن‌و دوكتور فازڵ ڕەسووڵ، كوردی عیراقی بە دەست تیرۆریست دیپلۆماتەكانی ئیران شەهید كران. یادی ٢٢ی پووشپەڕی ١٤ ساڵ پیش دەستبەجێ ٢٤ی پووشپەری سالی ١٣٧٨مان وەبیر دینیتەوە كە لەو ڕۆژەشدا هاوریی ماندوویی‌نەناس‌و شۆڕشگیری كۆڵنەدەرو بەبیرو باور، ئەندامی بەوەجی دەفتەری سیاسی، واتە كاك سەید سەلامی عەزیزی بە یەكجاری ماڵئاوایی لیكردین‌و ئەركی گرانی دریژەدانی ریگای پرشانازیی خۆی‌و هەموو شەهیدانی پێ سپاردین.

كاك سەلامی عەزیزی ئەو شۆڕشگیرە بوو كە بەهەست بە بەرپرسایەتی لەبەرانبەر گەلەكەی‌داو ناسین‌و هەلسەنگاندنی سەردەم، بریاری دا ریگەی پر لە هەورازو نشیوو پركەندو لەندی خەبات لەگەڵ هاورییانی دیموكراتی لە حیزبی دیموكراتدا ببرێ. كاك سەلام بە پشت بەستن بە بڕواو ئیمان بە رزگاریی گەلی كورد لە ژێردەستی، ژێر چەپۆكی‌و سەقامگیركردنی ئازادی‌و دیموكراسی ئەو ریگا سەخت‌و دژوارەی هەڵبژاردو یەك لە دوای یەك قۆناخەكانی بەرپرسایەتیی تیپەر كردن. كاك سەلام كەسیك بوو وەك فارسان دەلین "از سربازی به سرداری رسید"، بەلێ ئەو لە نیو حیزبی دیموكراتدا لە پیشمەرگایەتیی سادەوە دەستی پێ كردو لە پلەی تەشكیلاتیی دەفتەری سیاسی‌دا ماڵئاوایی لێ كردین.

هەركەس لە نزیكەوە لەگەڵ كاك سەلام كاری كردبێ، ئەو تایبەتمەندییانەی وەك بڕواو ئیمان بە رزگاریی گەلەكەی، فیداكاری‌و خۆماندووكردن، دۆستایەتی‌و وەفا بەعەهدو پەیمان، سووربوون لەسەر ریبازی حیزب، بیرو باوەریكی قووڵ بە دیموكراسی‌و ئازادی، خاكی‌و خەلكی بوون، سەریح‌و قسە لە ڕوویی، خاوەنی هەلویست‌و بریاری سەربەخۆ، قسەخۆش‌و مەجلیس گەرم‌و دەیان تایبەتمەندیی دیكەی بە زەقی‌و بەراشكاوی تێدا دەبینی. بەراستی شەهیدبوونی بەناوەختی كاك سەلام، زەربەیەكی گەورەو گورچووبر لە حیزب بوو. ئەندامانی ریبەرایەتی‌و بەتایبەت دەفتەر سیاسییش هاوفكرو هاوكارو هاوڕێیەكی سادق‌و ماندوویی‌نەناسیان لە دەست چوو. بنەماڵە بەحورمەتەكەشی سەرپەرست، باوك، برا، دۆست‌و رەفیق‌و هاوڕێیەكی ژیانیان لەدەست دا. دوای ٤ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی كاك سەلام، هاورییانی لە ریبەرایەتیی حیزب‌و بەتایبەت لە دەفتەری سیاسی‌دا، هەموو كات هەست بە بوونی مەعنەویی ئەو لە نیو خۆیاندا دەكەن یا باشتر بلیین جیگەكەی لە گۆشەی دلی هەمواندا ڕاگیراوەو جێنشینیكی بۆ نییە. لیرەدا لە بنەمالە بەریزەكەی‌و هاورییانی دەفتەری سیاسی‌و ئیوەی خۆشەویست، بەشدارانی ئەو ڕیورەسمەو هەموو خەلكی كوردستان بۆ جاریكی دیكە سەرەخۆشی دەكەین. ئەركمان دریژەدانی ریگای پرشانازیی ئەو تا وەدیهینانی ئاوات‌و ئامانجەكانیەتی. هیوادارین بتوانین بەرووسووری ئەو ئەركە بەجێ بگەیەنین.

**بەشدارانی بەریز!**
**خۆشك‌و برایانی ئازیز!**

كە دیینە سەر باس لە شەخسییەت‌و كەسایەتیی دوكتور قاسملووی زاناو بلیمەت، من بەراستی خۆم بە بچووكتر لەوە دەزانم كە لەو بارەوە قسە بكەم. بەڵام بە پیی ئەركیك كە لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە پیم سپیردراوە، وەك قوتابی‌یەكی مەكتەبی قاسملوو، لەو بارەوە لەگەڵتان ئەدویم، هەرچەند بە لوكنەتی زمانیشەوە بێ.

شەخسییەت‌و كەسایەتیی سیاسیی دوكتور قاسملوو هەر لە سەرەتای لاوەتی‌یەوە بنجی داكوتا. دوكتور قاسملوو بەهۆی مەقعییەتی تایبەتی بنەماڵەیی، زۆر زوو لەگەڵ سیاسەت‌و لەگەڵ گیروگرفتی گەلی كورد ئاشنا بوو. هیشتا تازە لاو بوو كە لە یەكیەتیی لاوانی دیموكراتی كوردستانی ئیران لە سەردەمی كۆماری كوردستاندا چالاكیی لە خۆی نواند. هەرچەند حیزب‌و كۆماری كوردستان بەداخەوە ئەو دەرفەتەیان بۆ نەرەخسا، عەبدولرەحمان قاسملووو قاسملووەكان لەو سەردەمەدا پەروەردە بكەن‌و بۆ خۆیان تووشی كارەسات هاتن، بەڵام قاسملووی وریاو زیرەك‌و خەمخۆری گەل‌و حیزبەكەی یەكیك لەو كەسانە بوو كە قۆلی هیممەتی لێ هەڵماڵی‌و تەشكیلاتەكانی حیزبی سەرلەنوێ نویسازی كردەوە.

وردە وردە كە نەخشی قاسملوو لە دارشتن‌و نویسازیی حیزبدا زۆرتر بوو، توانی پیوەندیی تەشكیلاتیی حیزب لەگەڵ حیزبی توودەی ئەوكات بپسینێ‌و لەهەموو باریكەوە حیزب سەربەخۆ بكا. بەڵام بەداخەوە هەموو كات هەلومەرجەكان بۆ مرۆڤ لەبارو تەبا نابن. قاسملوو لە لایەك ناچار بوو بەهۆی فشاری ڕیژیمی شا، ئیران بەجێ بیلێ‌و لەلایەك نەیارانی نیوخۆی حیزب لە دەرەوەی وڵات‌و لە تاراوگە هەلومەرجیكیان بۆ خولقاند كە ناچار بوو یا باشترە بلیین ناچار كرا وڵاتی عیراق‌و كۆری هاورییانی بەجێ بیلێ‌و ڕوو لە هەندەران بكا. ئەو ماوە بەداخەوە نزیك بە دە سالی خایاند.

ئەو حیزبەی كە بە هیممەتی قاسملووو هیندیك لە هاورییانی توانی‌بووی ماوەیەك بە تیكۆشانی سەربەخۆیانەی خۆی دریژە بداو چالاكی مەیدانی سیاسیی سەردەمی خۆی بێ، جاریكی دیكە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ـ ١٣٣٩ تا ١٣٤٩ـ بەهۆی دیكتاتۆریی فەردیی ریبەریی ئەوكات‌و لەژیر پێنرانی ئوسووڵ‌و پرنسیپەكانی حیزب‌و لە دەستدانی سەربەخۆیی بریاردان‌و بەستراوەیی پووكایەوەو تووشی قەیران، ناكۆكی نیوخۆیی‌و دابران‌و زیزبوونی بەشیكی زۆر لە ئەندامان‌و تیكۆشەرانی ئەو سەردەمە بوو. هەرچەند ئەو دەورانە تاڵ‌و پركارەساتە نەی‌توانی بەتەواوی حیزب بە چۆكدا بینیێ‌و لە نیوی بەرێ، بەڵام وا لاوازو بێهیزو بێئیعتیباری كردبوو كە هیچ كەس حیسابیكی وەك حیزبیكی چالاكی مەیدانی خەبات‌و تیكۆشانی ئەوتۆ كە بتوانی نوینەرایەتیی گەلیكی مەزلووم‌و بەشخوراو بكا، بۆ نەدەكرد.

ئەگەر شنەبای بەیاننامەی ١١ی ئازار لە سالی ١٩٧٠دا هەلی نەكردایەو دەرەتانی بۆ گەرانەوەی دوكتور قاسملو كە ئەویش لەو ماوەدا بە تەواوی وجوودی‌یەوە هەستی بە دووركەوتەیی‌و دەردی دووری لە وڵات‌و كۆری یاران كردبوو، نەرەخسانایەو جاریكی دیكە رۆلی ریبەریی حیزب‌و بنیاتنانەوەی نەدایەتە دەستی قاسملوو، مەعلووم نەبوو كە ئیمرۆ مەوجوودی‌یەتیك بەناوی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران لە ئارادا بوایە.

ئەزموونی میژوویی نیشانی داوە كە كەسایەتی‌یەكان دەتوانن لە دیاریكردنی چارەنووسی گەلاندا نەخشی بەرچاویان ببێ، دوكتور قاسملوو یەكیك لەو كەسانە بوو كە لە شەوەزەنگی تاریكی حیزبدا وەك ئەستیرەیەكی پرشنگدار درەوشایەوەو ریگەی ونبووی جاریكی دیكە بە ریبوارانی بەئەمەگی ئەو حیزبە نیشان دایەوەو خستیانی‌یە سەر ریی راستەقینەی خەبات‌و تیكۆشان.

لە سالی ١٣٤٩دا بوو كە بە هیممەتی كاك دوكتور قاسملوو كۆنفرانسی ٣ی حیزب‌و پاشان كونگرەی ٣ پیك هات‌و بە دانانی بەرنامەو ئەساسنامەی نوێ بەگویرەی هەلومەرجی رۆژو بەلەبەرچاو گرتنی راستی‌یەكان‌و كۆكردنەوەو لاواندنەوە هاورییانی زیزبووی دەورانی سەرلیشیواویی حیزب‌و دارشتنەوەی سەرلەنویی قەوارەی تەشكیلاتیی حیزب‌و خستنەگەری دووبارەی‌و كەلك وەرگرتنی لە كەسایەتیی بەرزی خۆی بۆ دووبارە ناساندنەوەی حیزب بە كۆرو كۆمەلە جۆراوجۆرەكانی ناوچەو دەرەوەو گیرانەوەی سەربەخۆیی لەدەست چووی‌و بووژاندنەوەی چالاكیی تیكۆشانی ئەندامان‌و بە بەرداكردنی رۆحیكی تازە بە بەری حیزبدا، هیواو بروایەكی زۆری خستە نیو دلی خەلكی كورد لە كوردستانی ئیران بەگشتی‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب بەتایبەتی. دەرچوونی دووبارەی رۆژنامەی "كوردستان" ئورگانی كومیتەی ناوەندیی حیزب‌و دانانی بەرنامەو ئەساسنامەی نوێ‌و ساغكردنەوەی تەشكیلات‌و چاكسازیی دووبارەیان، حیزبی وەك حیزبیكی بەرپرس‌و تیكۆشەرو بە ئیعتیبار هیناوە مەیدان‌و پیوەندی‌یەكی سالمی لەسەر ئەساسی حورمەتی دوولایەنە بۆ پەرەپیدانی چالاكیی خۆی لەگەڵ زۆر ریكخراوی سیاسی‌و كۆرو كۆمەلی نیودەولەتی دامەزراند.

ئەو پرنسیپانە كە دوكتور قاسملوو لە حیزبی دیموكراتدا سەقامگیری كردن‌و كردنی بە فەرهەنگ، نە تەنیا لەو ماوەدا كە بۆ خۆی ریبەری ئەو حیزبە بوو، بەلكوو دوای نەمانیشی ئەو حیزبەی لە بەلاریداچوون‌و هەلەی سیاسی‌و لیك بلاوبوون پاراست‌و لەبەرچاو گرتنیشی لە دوارۆژیشدا هەر دەپاریزرێ.

**ئەو پرنسیپانە كە دوكتور قاسملوو لە حیزبی دیموكراتدا سەقامگیری كردن‌و كردنی بە فەرهەنگ، نە تەنیا لەو ماوەدا كە بۆ خۆی ریبەری ئەو حیزبە بوو، بەلكوو دوای نەمانیشی ئەو حیزبەی لە بەلاریداچوون‌و هەلەی سیاسی‌و لیك بلاوبوون پاراست‌و لەبەرچاو گرتنیشی لە دوارۆژیشدا هەر دەپاریزرێ.**

دوكتور قاسملوو لەسەر ئەو بنەمانە كە پیی دادەگرت‌و مایەی لەسەر دادەنا، گرنگترینیان ئەمانە بوون: كەلك وەرگرتن لە كاری جەمعی‌و ریبەریی جەمعی‌و "خیرەد"ی جەمعی، بەربەرەكانێ لەگەڵ كیشی شەخسییەت، بایەخدان بە پەروەردەكردن‌و پیگەیاندنی ریبەرانی حیزب‌و كادرەكانی دیكە، دوكتور قاسملوو كادرەكانی بە كۆلەكەی ئەو حیزبە دەزانی‌و بایەخی تایبەتی پێ دەدان. شابەیتی دوكتور قاسملوو هەموو كاتیك بۆ هاورییانی ئەوە بوو كە دەبێ بەهەر نرخیك بووە، نەهیلین ئەو حیزبە سەربەخۆیی بریاردانی لە دەست بدا.

قاسملوو بروایەكی قوولی بە دیموكراسی‌و رادەربرین‌و دیالۆگ‌و وتوویژ چ لە نیوخۆی حیزب‌و چ لە پیوەندی‌یەكانی دەرەوەی حیزبدا هەبوو. ئەگەر دوكتور قاسملوو وەك مامۆستای دیموكراسی ناسراوە، بەراستی لە جیی خۆیدا بووە، و ئەوە كالایەكە پر بە بەری ئەو براوە. نەتەنیا بۆخۆی بۆ چارەسەری كیشەكان سەبرو حەوسەلەی بەخەرج دەدا، بەلكوو راسپاردەشی ئەوە بوو كە هاوریكانی ئەو ریگاچارە بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ گرفتەكان لەبەرچاو بگرن. دوكتور قاسملوو لەسەر ئەو باورە بوو كە ئەوكاتە حیزب دەتوانێ لە كارەكانی‌دا سەركەوتوو بێ كە پیوەندی‌یەكی قوولی لەگەڵ خەلكەكەی ببێ، لە نزیكەوە لەگەلیان بێ، قسەیان لێ ببیسێ‌و رەخنەو گلەیی‌و گازندەكانیان لەبەرچاو بگرێ‌و خۆی لە خەلكەكە جیا نەكاتەوەو لیی دوور نەكەویتەوە، لەبەر ئەوە كە خەلك سەرچاوەی وزەو توانا و ئینرژی‌و هیزی ئەو حیزبەیە. بۆیە لە هەر دەرفەتیكدا بۆی رەخسایە، خۆی دەگەیاندە خەلكەكەی‌و لەگەلیان دەدواو مەسایلی لەگەڵ باس دەكردن.

قاسملوو لەو دەگمەن كەسانە بوو كە هەم توانای ناساندنی مەسەلەی كوردی لە رادەی نیونەتەوەیی‌دا هەبوو، هەم بروای بەوە بوو كە مەسەلەی كورد مەسەلەیەكی نیوخۆیی تەنیا وڵاتیك نیەو دەبێ مەسەلەی كورد ببێ بە مەسەلەیەكی نیونەتەوەیی، دەنا چارەسەركردنی یەكجار دژوار دەبێ. بەشانازی‌یەوە دەلیین كە بە پیی هەلومەرج‌و شەرایەتی سەردەم دوكتور قاسملوو لەو بوارەشدا سەركەوتوو بوو. دوكتور قاسملوو لە یەك كەلادا، پیشمەرگەیەكی مەیدانی خەبات، ئەدیب‌و نووسەر، سیاسەتمەدارو دیپلۆمات‌و ئاشنا بە فەرهەنگی ئورووپایی‌و ئیرانی‌و كوردی، ئەهلی خویندنەوە، زمانزانیكی بەتوانا، ریبەریكی هەلكەوتوو، مودیریكی كارامەو سەرمایەیەكی گەورە بۆ گەلی كوردو حیزبی دیموكرات بوو.

لە خۆرا نەبوو كە ئایەتۆلڵا خومەینی رشتنی خوینی دوكتور قاسملووی بەئاوات دەخواست‌و پیی وابوو بە كوشتنی قاسملوو حیزب‌و جوولانەوەی كورد لیك بلاو دەبن‌و لەبەین دەچن. هەرچەند ئەو ئاواتەی بۆ خۆی بردە گۆر، بەڵام پاشاوەكانی ئەو وسییەتەیان بەجێ گەیاندو لە پیلانیكی ناجوامیرانەو دوور لە ئەخلاقی ئینسانی‌و مرۆڤایەتی‌و شەرمهینەر، لەلایەك بە كەلك وەرگرتن لە پیوەندیی بازرگانی‌و دانی ئیمتیازاتی تیجاری بە وڵاتانی ئورووپایی‌و نەرمكیشیی ئەو وڵاتانە لە ئاست تیرۆرەكانی پیشووی كۆماری ئیسلامی‌و لەلایەك بەكەلك وەرگرتن لە هەستی ئاشتیخوازانەو بڕوای قوولی قاسملوو بەچارەسەری كیشەی

بۆ لاپەڕی٣

## برووخێ ڕێژیمی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێران

# وفاداری بەبیروباوەڕو خەبات بۆ ئازادی تا دواهەناسە

## (لەیادی چوارەمین ساڵەی کۆچی ناوەختی هاوڕێ سەلام عەزیزیدا)

عەولا بەهرامی

چوارساڵ لەمەوبەر، کۆچی لەناکاوو بێوەختی هاوڕێ سەلام عەزیزی، سیمای ناسراوو خاوەن پرستیژی نێو جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێرانو حیزبی دیموکرات، هەموومانی هەژاند. چوارساڵ لەمەوبەر هەم جووڵانەوەو هەمیش حیزبی دیموکراتو هاوڕێیانی حیزبی کەسایەتییەکی دڵسۆز، بەبڕوا، خاوەن تواناو بەڕێوەبەرێکی خاوەن ئەزموونو قاڵبووی سەختترینو ئاستەمترین قۆناغەکانی مێژووی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لەدەست دا. بە واتایەکی دیکە لەدەستدانی هاوڕێ سەلام لەلایەك لەدەست دانی کەسایەتییەکی بەرزی سیاسیو کۆمەڵایەتی بوو لە لایەکی دیکەشەوە لەدەستدانی سەرمایەیەکی بەنرخی ئینسانیو مەعنەوی بوو بۆ جووڵانەوەی کوردستانو حیزبی دیموکرات. بەبێ دوو دڵی دەبێ بڵێین هاوڕێ سەلام عەزیزی لە تەمەنێکدا کۆڕی یارانو تێکۆشەرانی بەجێ هێشت کە حیزبی دیموکراتو جووڵانەوەی کوردستان زیاتر لە هەرکات پێویستیان بە توانای زانستیو ئەزموونی ٢٠ ساڵی خەباتو تێکۆشانی ئەوو ئەو تایبەتمەندییە بەرزە سیاسی، کۆمەڵایەتیو تەنانەت تاکەکەسییانەش هەبوو کە لەودا بە زەقی بەدی دەکران.

سەلام عەزیزی بەرلەوەی ببێتە ئەندامی حیزبی دیموکراتو بەرلەوەی هەموو تواناو لێهاتوویی خۆی بخاتە خزمەت جووڵانەوەی کوردستانەوە، کەسایەتییەکی زانستیو کۆمەڵایەتیو یان باشتر وایە بڵێین لە ریزی هەڵبژاردە (elit) کانی کۆمەڵگای کوردەواری دابووو دواتریش سەلماندی لە نێو ئەوانیشدا لە ریزی دەگمەنەکان دایە. چونکە ئەو بە ئاگاداریو وریایی تەواوەوە رێبازی خزمەتو بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەکەی هەڵبژاردو لەهەمان کاتیشدا زۆر بە ئاسانی چاوی لە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیو ئیداری پۆشیو تواناو زانستی خۆی خستە خزمەتی بەرەوپێشچوونی خەباتی رەوای گەلەکەی. بەم



تایبەتمەندییانەوە کە باسیان لێوە کرا، لەو قۆناغەدا دەتوانین سەلام عەزیزی بەم شێوەیە پێناسە بکەین؛ هەڵبژاردەیەکی پێشڕەو، بەجورئەتو شۆرشگێر.

دەتوانین بڵێین کاك سەلام عەزیزی یەکێك لەو دەگمەن رووناکبیرانە بوو کە ناسیاوێکی راستو دروستی لە دیاردەکانی دەوروبەری لەوانە کۆمەڵگا، چەوسانەوە، کۆنەپەرستیو دواکەوتوویيو خەبات هەبووو لە ئاوێتە کردنی ناسیارییەکانی لەگەڵ تایبەتمەندییە بەرزە تاکەکەسییەکانی گەیشتبوە ئەو بڕوایەی کە هەڵبژاردە (نخبە)ی کۆمەڵایەتی نابێ لەئاست رووداوو گۆڕانکارییەکاندا دوورە پەرێز بێ، بەڵکوو دەبێ ئەرکو بەرپرسایەتیی شیاوی خۆی وەئەستۆ بگرێو نەخشی کاریگەری لەو رووداوە مێژووییەکاندا هەبێ.

نەمر سەلام عەزیزی بەم تێروانینە قووڵەوەو بۆ وەڵامدانەوە بە بانگەوازی ویژدانی وشیاری خۆی، رووەدەکاتە ریزەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانو وەك پێشمەرگە خزمەت بە هاتنەدیی ئامانجەکانی نەتەوەکەی دەکاو بەم تایبەتمەندییانەوە کە هەی بوو هەر زۆر زوو شوێنی شیاوی خۆی دۆزییەوەو لە ماوەیەکی کورتدا گەیشتە پلەی بەرزی بەڕێوەبەریی لە حیزبدا. ژیانو تێکۆشانی سیاسیی ئەو نموونەیەکی شیاوی سەرنجو هەر لەو کاتەشدا وێنەیەکی درەوشاوەیە بۆ کاری حیزبیو تێکۆشانی رێکخراوەیی. ئەو تێگەیشتنێکی روونو بەربڵاوی لە چەمکی حیزبو تێکۆشانی سیاسی هەبوو، هەربۆیەش لە تێکۆشانی سیاسیو رێکخراوەییدا هەموو جۆرە بەستراوەییەکی وەلا نابوو. بێجگە لەوانە ناوبراو لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا نموونەی سیمایەکی دیموکرات بوو لە هەموو بارێکەوە. مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لەم بارەیەوە بەم شێوەیە باسی دەکا: "یەکێك بوو لەو کەسانە کە بە قەولی خاریجی تیپیك دیموکرات بوو. تەمایولی بە هیچ لایەکی ئەملاو ئەولای حیزبی دیموکراتدا، بە چەپ، بە راست، بە شەرق، بە غەرب نەبوو. ئەگەر بتویستایە پەیکەرێك بۆ حیزبی دیموکرات دروست کەی دەت توانی عەکسێك لە سەلامی عەزیزی بکێشیەوە بیکەی بە پەیکەر". (*)

ژیانی سیاسیو خەباتگێرانەی کاك سەلامی عەزیزی پڕە لە وێنەی بەرزو پێشکەوتووانەی ئەوتۆ کە شیاوی ئەوەن نەك هەر وەبیریان بێنینەوە بەڵکوو وێڕای بەرز نرخاندنیان بیانکەینەوە وانە بۆ ژیانو تێکۆشانی سیاسیو رێکخراوەییمان، پابەند بوون بە ئەخلاقی سیاسی، پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییو گشتییەکان، شەفافیەت لە هەڵوێستو بڕیارداندا، سەراحەتو قاتعییەت بەشێك لەو تایبەتمەندییانەن.

جیا لەو تایبەتمەندییە ئەخلاقییانە، کاك سەلام نموونەی بەڕێوەبەرییو رێبەرێکی خاوەن توانای مودیرییەت بوو. ئەم تایبەتمەندیو توانایەشی ببوونە هۆی ئەوە کە لەهەر هەلومەرجێکداو بۆ ئاستەمترین بەرپرسایەتیو پلەکانی بەڕێوەبەریدا پشتی پێ ببەسترێو حیساب بۆ تواناو لێهاتووییەکانی بکرێ هەر لەبەر بوونی تایبەتمەندییە بەرزانە بوو لەودا کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵو تا کاتی ماڵاوایی یەکجارییش وەك ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بمێنێتەوە.

گومانی تێدانیە لەدەست چوونی کاك سەلام لەم قۆناغە ئاستەمەی خەباتو تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێران بە هەق خەسارێکی گەورە و لەدەست دانی سەرمایەیەکی گەورە بوو. چونکە کاك سەلام بەم تایبەتمەندییانەوە کە باسیان لێوەکرا بەم وزەو توانایەوە کە هەیبووو ئەو ئەزموونانەی کە لە ماوەی بیست ساڵ ژیانی خەباتگێڕانەیدا وەسەریەکی نابوون، چاوەڕوان دەکرا زیاتر لە رابردووش ئەرکو بەرپرسایەتیی قورس وەئەستۆ بگرێ.

لە چوارەمین ساڵیادی کۆچی نابەوەختی هاوڕێ سەلام عەزیزیدا، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکیو پەیمانو بەڵێنی لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە درێژەدەری ئەو رێگایە بین کە ئەو گرتبوویە بەرو بە وەدیهێنانی ئامانجەکانی، رووحی ئەو و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان شاد دەکەین.

(*) کوردستان ژمارە ٢٨٩

---

## درێژەی وتاری بەڕێز عەلی مێهرپەروەر

کورد لە ریگای وتوویژو دیالۆگەوە، میزی وتوویژیان بۆ کرد بە داوی "تۆڵە"و لە رۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨دا لە ڤییەن، پیتەختی ئوتریش بەهۆی دیپلۆماتە تیرۆریستەکانیان شەهیدیان کرد. کاك عەبدوڵلا قادریئازەرو کاك دوکتور فازڵ رەسوولیش بوون بە هاوریی لەو کاروانە خویناوییەدا.

شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو تەنیا خەسارەتیکی گەورەو گران لە حیزبی دیموکرات نەبوو، بەلکوو بۆ گەلی کوردو ریبوارانی ریگای ئاشتیو ئازادیو دیموکراسییش کارەساتیکی جەرگبر بوو. لە ١٤هەمین سالرۆژی ئەو کارەساتەدا جاریکی دیکە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەکەمانەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەریزی، لەگەلی قارەمانی کوردو لە حیزبی دیموکرات، حیزبی دووبارە داریژراو بەدەستی توانای قاسملوو و ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزبو هەموو کادرو پیشمەرگەکان دەکەم.

ئەگەر ریژیم توانی دوکتور قاسملوو لە گەلی کوردو حیزبی دیموکرات بستینێ، بەڵام ئەو نەمامە کە بەدەستی قاسملوو ئاودیر کرابوو، توانی لە بەرانبەر ئەو رەشەبا تووشەدا خۆی راگرێو لەسەر پیی خۆی راوەستێ.

دەرسەکانی قاسملوو، کردەوەو رەفتاری قاسملوو، رینوینییەکانی قاسملوو، تویژێ لە ریبەرانی حیزبی وا پێگەیاندبوو کە بە پشتیوانیی گەلەکەیانو بە کەلك وەرگرتن لە دەرسی مامۆستاکەیانو پیکهینانی کەشو هەوای هاوکاریو دۆستایەتیو بەکارهینانی کاری جەمعیو "خیرەد"ی جەمعی توانییان شادیی دوژمن لە سەرکەوتن لە تیرۆری دوکتوردا بگۆرن بە خەمو پەژارەو پەشیمانیو بێهیواکردنی لەوەی کە پیی وابوو بە نەمانی قاسملوو حیزبی دیموکراتو جووڵانەوەی کورد کۆتایی بە تەمەنیان دێو لەبەر یەك هەڵدەوشین.

کۆبوونەوەی ئیمە لەو شوینەداو بە مەبەستی ریزدانان بۆ هەولو تیکۆشانی ئەو کەلە پیاوەی مێژووی هاوچەرخی کوردو دەربرینی نەفرەتو بیزاری لە هەلسوورینەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامیو سیاسەتی تیرۆریستپەروەرانەی ئەو ریژیمەو لە هەمان حاڵدا پەیمان نویکردنەوەو سووربوون لەسەر ئیدامەی ریگاو ریبازی قاسملووی نەمرو هەموو شەهیدانی ریگای رزگاری گەلەکەمانە.

**خۆشەویستان!**

لە هەلومەرجیکی ئەوتۆدا یادی کارەساتی ٢٢ی پووشپەر دەکەینەوە کە: ناوچەی خۆرهەڵاتی نیوەراست تووشی گۆرانی سیاسی هاتوە. هەرچەند پاش رووخانی حکوومەتی عیراق تا ئیستاشی لەگەڵ بێ حکوومەتیکی نوێ دانەمەزراوەو هەروەها ئەمریکاییەکانو ئینگلیسییەکان ئەو وڵاتە ئیدارە دەکەن، بەڵام گومانی تێدا نیە کە حکوومەتیك لەو وڵاتەدا دەبێ دابمەزرێ کە تەعبیر لە ئیرادەو ویستی هەموو گەلانی عیراق بکاو خەلکی عیراق بەگشتی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، عراق ببیتە نموونەیەکی باش بۆ سەقامگیریی ئازادیو دیموکراسیو گەشەکردنو ئارامیو پیکەوە ژیانی دیموکراتیکی هەموو گەلانی ئەو وڵاتە.

رەوتی وتووێژەکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیلو فەلەستینییەکان دوای دوو ساڵ شەڕو پێکدادانو دوای هەزاران کوژراوو بریندارو خەسارەتی بێئەژماری ماڵی، لە ژێر چەتری "نەقشەی رێگا" دەستی پێ کردۆتەوە.

وڵاتی ئێمەش واتا ئێران تووشی قەیرانێکی قووڵو لەچارە نەهاتوو بۆ رێژیم هاتوە. ئیعترازاتی خەڵکیو ئیعترازاتی دانشجویی یەکیان گرتۆتەوەو بوون بەهێزێکی گەورەی پڕمەترسی بۆسەر نیزامی سەرکوتو زەبرو زەنگ. ئێستا گەلانی ئێران بەکردەوە بۆ رزگارکردنی خۆیان لەژێر باری سێبەری سەنگینی رێژیم کەوتوونەتە جموجۆڵ. هەستی نەتەوایەتی لەنێو گەلانی ئێراندا زیاتر لە هەموو کاتێك پەرەی سەندوە، سەتحی داخوازییەکانی خەڵك وا قووڵترو رادیکاڵتر بوونەتەوە کە رێژیم نە لە توانایدا هەیەو نە دەیهەوێ چارەیان بکا. ئیعترازاتی خوێندکاران گەیشتۆتە پلەیەك لە گەشەکردن کە لە چوارچێوەی دانیشگاکان پێی ناوەتە دەرو لە داخوازی سینفیو پیشەیی، رەنگی سیاسی بەخۆیەوە گرتوەو تێکەڵ بە داخوازی خەڵك بووە. ئێستا خەڵك نەخشی تماشاچی لەبەربەرەکانێی هێزە ئینتیزامیو لیباس شەخسییەکان لەگەڵ خوێندکارانو رووناکبیرانی ناوەتە لاوەو بەکردەوە تێکەڵی خۆپێشاندانەکان بوون، وەك دەبینین لە بەرانبەر هەر خوێندکارێکی بەندکراودا چەند غەیرە خوێندکاریش زیندانی کراون.

دروشمەکان لە داوای چارەسەری گرفتەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو هتد، وردە وردە گۆڕاوە بە دروشمی نەمانی رێژیمو ریزی خەڵك لە ریزی سەردەمدارانی نیزامو داروودەستەکەیان لێك جیا بوونەتەوەو رووبەڕووی یەك راوەستاون.

لە وەها حاڵەتێك دایە کە رێژیم لە دوو جیبهەتەوە کەوتۆتە بەر مەنگەنەو لەژێر فشاردایە، لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئیعترازاتی خەڵکی بەرەوڕووەو خەڵك پشتیان تێ کردوە. لەڕادەی نێونەتەوەییشدا رێژیم بۆتە جێگەی مەترسی بۆ ئاشتیو سوڵحی جیهانی. هەوڵی ئێران بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیو ئەتۆمیو لایەنگری لە تیرۆریزم بۆ خۆی بۆتە خاڵی هاوبەشی وڵاتانی گەورەی سەنعەتیی رۆژئاواییو کۆڕو کۆمەڵی نێونەتەوەیی، پارێزەرانی ئاشتیو ئازادیو مافی مرۆڤ بۆ دژایەتیی ئێران. ئەوان دەزانن رێژیمێك کە بەبێ چەکی ئەتۆمی بۆ ئاشتی جیهانی مەترسیدارە، ئەگەر بەو چەکەش تەیار بێ، مەترسییەکەی زۆرتر دەکا. هەربۆیە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو سازمانی ئینێرژیی ئەتۆمییەوە کەوتۆتە ژێر فشار بۆ ئیمزای پرۆتوکولی ئیلحاقی بە پەیماننامەی بەرگری لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی. لەو پێوەندییەداو لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤو سەرکوتی ئازادیخوازاندا دەنگۆی تەحریمی ئابووریی ئێران لەملاو لەولا دەبیسترێ کە ئەگەر جێبەجێ ببێ، ئەویش زوڵمێکی دیکەیە بەهۆی ئەو رێژیمەوە لەو خەڵکە دەکرێ.

کوردستانی ئێرانیش بەهۆی مێژووی دەیان ساڵەی خەباتو تێکۆشانو قوربانیدان لە پێناو ئازادیو دێموکراسیو مافی نەتەوەییدا هەروا پڕ هیواو پڕ ئینرژیو هاوشان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران کە ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەوڵ دەدەن، چالاکی مەیدانی خەباتە، بۆیە جموجۆڵی سیاسیو پەرەگرتوویی ئیعترازات ترسو دڵەخۆرپەی خستۆتە دڵی کاربەدەستانی رێژیم.

لە هەلومەرجی ناسکی ئێستا کە خەباتی گەلانی ئێران پێی ناوەتە قۆناخێکی چارەنووسساز، ئەرکی ئێمە وەك تێکۆشەرانی حیزبو خەباتگێڕانی بزووتنەوەی کورد زۆر قورسترو سەنگینترەو دەبێ خۆمان زیاتر ئامادە بکەینو بە پیلی رووداوەکانەوە بچینو بە پێی بەرنامەرێژییەکی وردو موتالیعەکراو، هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێش کە نەتەنیا لە قافلە جێ نەمێنین، بەڵکوو بتوانن رۆڵی پێشڕەوی خەباتیش هەروا بپارێزین.

بەهیوا بە سەرکەوتنو بڕوا بە خەبات دژی رێژیمی دیکتاتۆرو ئیستبدادپیشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، جارێکی دیکەو لە نێو ئاپوورەی ئەویندارانی قاسملوو، بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە رێگەو رێبازی قاسملووی نەمر بەر نەدەینو درێژەی پێ بدەین تا هەم رۆحی ئەو شۆڕشگێڕە پڕ ئاوازەیە ئاسوودە بێ، هەم رۆحی هەموو شەهیدانی رێگای ئازادیو دێموکراسی لە وڵاتی بەڵاڵێدراوی ئێران، هەم بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکان، ئاکامی خەباتو تێکۆشانی جگەرگۆشەکانیان بە لەگۆڕنانی رێژیمی بێزراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەچاوی خۆمان ببینینو بزەی سەرکەوتنو ئاسوودەیی لەسەر لێوانیان نەخش ببەستێ.

**نەنگو سەرشۆڕی بۆ تیرۆریستانو تیرۆریستپەروەران**

**ئازادیو بەختەوەری بۆ گەلانی زوڵملێکراوی ئێران**

**سەربەرزی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# کۆنفرانسی SI بۆ جیگیرکردنی دیموکراسی لە عیراق‌و سەقامگیرکردنی ئاشتی لە رۆهەڵاتی نیوەراستدا

دریژەی لاپەرەی ١

کۆبوونەوەکانی رۆژی یەکەمی کۆنفرانس تەرخان کرابوون بۆ باسی جیگیرکردنی دیموکراسی لە عیراقدا. لە بەشی یەکەمی کاری ئەو رۆژەدا بەرپرسانی حیزب‌و ریکخراوە عیراقی‌یەکان بیرو بۆچوونی خۆیان هینایە گۆرێ. لە سەر یەك هەمووی ئەوان باوەریان بە عیراقیکی دیموکراتیك، فیدرال‌و هەر لەو کاتەدا یەکگرتوو هەبوو. هەر هەمووشیان خوازیاری پشتیوانیی زیاتری نیونەتەوەیی بۆ سەقامگیرکردنی پرینسیپە دیموکراتی‌یەکان لە وڵاتەکەیاندا بوون. لە دووهەمین بەشی کۆبوونەوەکانی رۆژی یەکەمدا، بەرپرسان‌و نوینەرانی حیزبە سەرەکی‌یەکانی SI، بیرورای خۆیان لە سەر شیوەو جۆرەکانی جیگرکردنی دیموکراسی لە عیراقی دوارۆژدا هینایە گۆرێ. ئانتۆنیۆ گوتیریس، سەرۆکی SI، لوئیس ئەیالا سکرتیری گشتیی SI،ماسیمۆ دالیما، سەرۆك وەزیری پیشووی ئیتالیاو ریبەری حیزبی چەپە دیموکراتەکانی ئەو وڵاتە، دوکتور بیرنارد کۆشنیر، نوینەری پیشووی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆسۆڤۆ، عەبدولرەحمان یووسفی، سەرۆك وەزیری مەراکیش، دوکتور گالبرایت، سەفیری پیشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شیمۆن پریز، ریبەری حیزبی کاری ئیسرائیل (وەزیری دەرەوەی ئیستای ئەو وڵاتە)و چەندین کەسایەتیی دیکە بیروای خۆیان دەربری. نوینەری ئەم حیزبانەش هەر لەم بەشەدا وتاریان پیشکیش کرد: حیزبی سوسیال دیموکراتی ئالمان، حیزبی سوسیالیستی فەرانسە، حیزبی سوسیالیستی بیلژیك، حیزبی سوسیال دیموکراتی ئیتالیا، حیزبی سوسیال دیموکراتی تورکیە و خانمی بی‌نەزیر بۆتۆ.

لە کۆتایی کاری ئەو رۆژەدا هەیئەتەکانی بەشداری کۆنفرانس لە لایەن "کارلۆ ئازۆ گیلو چیامپی"، سەرکۆماری ئیتالیاوە لە کاخی سەرکۆماری‌دا پیشوازی‌و میوانداریيان لی‌کرا.

بەرنامەی رۆژی دووهەمی کۆنفرانس بۆ مەسەلەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نیوەراست بە تایبەتی ئاشتی لە نیوان دەولەتی ئیسرائیل‌و خەلکی فەلەستیندا تەرخان کرابوو. لەو پیوەندی‌یەدا کەسایەتیی جۆراوجۆر بیروراى خۆیان دەربری. بۆ وینە بەریزان "تۆربیۆرن یاگلاند"، سەرۆکی کومیتەی رۆژهەڵاتی نیوەراستی SI و سەرۆك وەزیرانی پیشووی وڵاتی نۆرویژ، "پی‌یەرۆ فاسینۆ" لە ریبەرانی حیزبی چەپە دیموکراتەکانی ئیتالیا، "پی‌یەرۆ مۆسکۆویسی"، بەرپرسی پیوەندی‌یە نیونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە، "یووسی سارید" لە بەرپرسانی حیزبی ی‌یەرۆ فاسینۆ" لە ریبەرانی حیزبی چەپە دیموکراتەکانی ئیتالیا، "پی‌یەرۆ مۆسکۆیسی"، بەرپرسی پیوەندی‌یە نیونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە، "یووسی سارید" لە بەرپرسانی حیزبی Meretzی ئیسرائیل، نەبیل شەعس، وەزیری کاروباری دەرەوەی حکوومەتی فەلەستین، ئیمیلیۆ مینپیندیز، سەرۆکی گرووپی پارلمانیی حیزبە سوسیالیستەکانی ئورووپا کە هەموویان لە سەر گرینگیی مەسەلەی ئاشتی بە گشتی‌و ئاشتیی نیوان ئیسرائیلی‌یەکان‌و فەلەستینی‌یەکان بە تایبەتی بۆ هیمنایەتی‌و سەقامگرتوویی ناوچە پییان داگرت. شایانی باسە ئاغای یاگلاند لە وتارەکەی‌دا ئاماژەی بە گرنگیی دیموکراسی لە ئیراندا کردو رای‌گەیاند: "لە سالی ١٩٧٩دا خەلکی ئیران بە گشتی بۆ پیکهینانی ئازادی‌و دیموکراسی شۆرشیان کرد. ئەوکات کۆبوونەوەی ئەنتیر ناسیۆنالی سوسیالیست لە ئۆسلۆ پیتەختی نۆرویژ پیك هات کە لە نیو بەشدارانی کۆبوونەوەکەدا چەند کەسایەتیی بەناوبانگ هەبوون کە ئیستا لە کۆری گەرمی ئیمەدا نەماون. ئەو شۆرشەی سالی ١٩٧٩ دەستی پی‌کرد ئامانجی پیکهینانی ئازادی‌و دیموکراسی لە ئیراندا بوو، بەڵام بەداخەوە هەروەك هەموومان دەزانین ژمارەیەك "بنیادگەرا" دەسەڵاتیان گرتە دەست‌و دیتمان کە لە جیگای وەدیهاتنی ئازادی‌و دیموکراسی بۆ خەلك، دیکتاتۆری‌یەکی رەشتر بالی بە سەر وڵاتەکەدا کیشا کە ئیستاش هەر بەردەوامە، بەڵام ئیمە ئیستا لە ئیراندا لەگەل بارودۆخیکی وەك سالی ١٩٧٩ بەرەورووین، بەو مانایە کە خەلکی ئیران بە گشتی خوازیاری گۆرانکاری بنەرەتیی بۆ لە نیو بردنی دیکتاتۆری‌و سەقامگیرکردنی ئازادی‌و دیموکراسیین.ئیمە وەك SI دەبێ لە هیزە دیموکراتەکانی ئیران بۆ پیکهینانی ئەو بایەخە بەنرخانە بە تەواوی مانەوە پشتیوانی بکەین، چونکە ئەگەر ئازادی‌و دیموکراسی لە ئیراندا سەقامگیر بێ، شوینی راستەوخۆی لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێ".

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا نوینەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە دەرەوەی وڵات هاورێ "خوسرەوی عەبدوللایی" وتاریکی لە سەر وەزعی ئیران پیشکیشی بەشدارانی کۆنفرانسەکە کرد کە لە لایەن سەرۆکی SI، بەریز گوتیریس پیشوازیی لی‌کراو تەئییدی کرد کە لە ناوچەکەدا ریژیمی دیکتاتۆر هەن. هەروەها گوتی بەڵام دلنیاتان دەکەین کە SI پشتیوانی هیزە دیموکرات‌و پیشکەوتنخوازەکانە‌و لە سەر پشتیوانیی ئیمە حیسیب بکەن.

پیویستە بگوترێ هەیئەتی حیزب لە پەراویزی کاری کۆنفرانس‌دا لەگەل کەسایەتی‌یەکان‌و هەیئەتەکانی بەشداری کۆنفرانس دیدارو ئالوگۆری بیروراى کردو ئەوانی لە تازەترین رووداوەکانی ئیران ئاگادار کردەوە.

❊❊❊

## دەقی قسەکانی هاورێ خۆسرەوی عەبدوللاهی،
## نوینەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە دەرەوەی وڵات،
# لە کۆنفرانسی ئەنتیرناسیۆنالی سوسیالیست بۆ "جیگیربوونی دیموکراسی لە عیراق‌و ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نیوەراستدا"

**جەنابی سەرۆك!**

**خانمان‌و ئاغایان!**

**هاورییانی بەریز!**

بەر لە هەموو شتیك ریگام بدەن کە سڵاوی برایانەی ریبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌و بە تایبەتی سڵاوی گەرمی هاورێ عەبدوللا حەسەنزادە، سکرتیری گشتیی حیزب پیشکیشی ئیوە بکەم‌و بۆ کۆنفرانس سەرکەوتن‌و ئاکامی پر دەسکەوت بخوازم.

دۆستان‌و هاورییان! ئیمە وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی کە نوینەرایەتیی بەشیك لە خەلکی ئیران، واتە کوردەکانی ئیران دەکا، زۆر خۆشحالین کە مەسەلەی دیموکراسی لە عیراق‌و جیگیربوونی ئاشتی لە نیوان دەولەتی ئیسرائیل‌و خەلکی فەلەستیندا سەرنجی کۆمەلگەی نیونەتەوەیی بە گشتی‌و ئەنتیرناسیۆنالی سوسیالیست بە تایبەتی بۆ لای خۆی راکیشاوە. بەڵام هەروەك هەمووتان دەزانن، لەو ناوچەیەدا وڵاتانیکی دیکەش هەن کە ریژیمە دیکتاتۆرەکان بە سەریاندا زالن کە لەوان نە شوینەواریك لە دیموکراسی هەیەو نە مافی مرۆڤ بەدی دەکرێ، ئیرانیش یەکیك لەو وڵاتانەیە. لە ئیراندا ماوەی چارەکە چەرخیکە کە خەلك لەگەل سەرکوتیکی هەمە لایەنە بەرەوروون. ئیعدامی بی‌دادگایی‌کردن، کوشتاری بەکۆمەل‌و بی‌سەروشوین کردن‌و لە نیو بردن، زیندانی و ئەشکەنجەی سیستماتیك‌و لە داردان لەبەرچاوی خەلك، بوون بە بەشیکی رۆژانەو ئاسایی کە هەموو تویژەکانی خەلك بە تایبەتی نووسەران، رۆژنامە نووسان، مامۆستایانی زانستگە، پاریزەرەکان (وکلای مدافع)، خویندکاران، ژنان‌و کەمایەتی‌یە قەومی‌و ئایینی‌یەکان بە تایبەتی کوردەکان‌و بەهایی‌یەکان دەگریتەوە. لیرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند نموونە دەکەم:

لە مانگی ژانویەی ٢٠٠٣ تا مانگی مەی ٢٠٠٣ لانی‌کەم ٢٥٠ کەس ئیعدام کراون. لە سێ سالی رابردوودا زیاتر لە ١٠٠ رۆژنامەو گۆڤار داخراون‌و بلاوکەرەوەو بەریوەبەرانیان موحاکەمە کراون‌و ژمارەیەکی زۆر لەوان بە زیندان‌و شەلاق‌و لیدان لە بەرچاوی خەلك مەحکووم کراون. هەر لە مانگی ژووئیەدا، ٦ رۆژنامەنووسی دیکە، یەك لەوان ئاغای "سەحەرخیز" بە تاوانی "تەبلیغات لە دژی ریژیم" گیراون‌و رەوانەی زیندان کراون. بە گویرەی ئەو هەواڵانەی بە ئیمە گەیشتوون، ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسانەی هەر ئیستا لە پشت میلەکانی زینداندا دەژین، ٢٣ کەسن. رۆژنامەنووسیکی دیکە بە ناوی خانمی زارا کازمی کە لە بنەرەترا ئیرانی‌یەو مافی هاونیشتمانەتیی وڵاتی کانادای هەیە، لەم رۆژانەی دوایی‌دا گیرابوو، بە هۆی لیدران لە کاتی گیراندا گیانی خۆی لە دەست داوە. سەرئەنجام لە رەوتی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایی‌یانەی خویندکاراندا کە پشتیوانیی تویژەکانی خەلکی لە پشت بوو، بە گویرەی ئاماری رەسمی نزیکەی ٤ هەزار کەس گیراون کە بە پیی دوا هەواڵەکان ٢٠٠٠ کەس لەوان هەروا لە زیندان دان. لە پیوەندی لەگەل قوربانییانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی چ لە نیو بەرهەلستکارانی ئەو ریژیمەداو چ لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا هیچ نالیم، چونکە هەمووتان لییان ئاگادارن. تەنیا ئاماژە بە تیرۆری دوو سکرتیری گشتیی حیزب، نەمران دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی‌و پینج کەس لە هاوکارەکانیان دەکەم کە پاش بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنتیر ناسیۆنالی سوسیالیستدا، یەکەمیان سالی ١٩٨٩ لە ڤییەن‌و دووهەمیان سالی ١٩٩٢ لە بیرلین بە هۆی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەریوەچوون.

دۆستان‌و هاورییان!

لەم هەلومەرجە دژوارەدا جیی خۆیەتی کە چاوەروان بین ئەنتیرناسیۆنالی سوسیالیست هاوپیوەندیی خۆی لەگەل ئەو خەباتە دژوار، بەڵام ئازایانەدا کە خەلکی ئیران لە ریگای ئازادی‌و دیموکراسی‌و مافی مرۆڤدا بۆ پیشەوەی دەبەن، رابگەیەنێ.

زۆر سوپاستان دەکەم کە بە حەوسەلەوە گویتان بۆ قسەکانم راگرت.

**خوسرەو عەبدوللایی**

**رۆم، ١٩ی ژووئیەی ٢٠٠٣**

# راگەیەندراو: لە پیوەندی لەگەڵ مەرگی گومانـاویی "زارا کـازمی"دا



**لە پشت هەر مەرگیکی گومانلیکراودا، کۆماری ئیسلامی دیارە**

زارا کازمی، هەوالنیرو وینەگری بەرەگەز ئیرانیی کانادایی، دوو رۆژ لەمەوبەر لە نەخۆشخانەی "بەقیەتوللا"ی سوپای پاسداران، لەکاتی دەستبەسەری‌دا، گیانی لەدەست دا.

بەریوەبەری گشتیی چاپەمەنیی بیانیی وەزارەتی فەرهەنگ‌و ئیرشادی ئیسلامیی ئیران، رای‌گەیاند کە ناوبراو بەهۆی سەکتەی میشکی‌یەوە مردوە. ناوبراو سەبارەت بە هۆی دەستبەسەرکرانی "زارا کازمی" گوتی چونکە خانمی کازمی تابیعەتی ئیرانیی هەبووەو بە گوزەرنامەی ئیرانی‌یەوە هاتبۆوە بۆ وڵاتەکەی، وەك هەوالنیریکی ئیرانی هەلسوکەوتی لەگەڵ کرا. بەڵام ناوبراو لەو ریوشوینەی کە بۆ چالاکیی هەوالنیری دانراوە، لای داوەو لەو شوینانە عەکسی هەڵگرتبۆوە کە بە هیمای "عەکس هەلگرتن قەدەغەیە" دیاری کرابوون. بەڵام بەگویرەی هەواڵەکانی دیکە دەلین کە خانمی زارا کازمی لەکاتی خۆپیشاندانە خویندکاری‌یەکان‌داو لەکاتی عەکس هەلگرتنەوەدا گیراوەو لە زیندانی ئێوین‌دا لەحالیك‌دا کە کاسەی کەللەی شکابوو، گوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەو لەوێ گیانی لەدەست داوە.

قسەکانی بەریوەبەری گشتیی چاپەمەنیی بیانیی وەزارەتی فەرهەنگ‌و ئیرشادی ئیسلامی بی‌مافیی هاووڵاتییانی ئیران لە حکوومەتی ئیسلامی‌دا نیشان دەدەن. لەم حکوومەتەدا هەر چەشنە رەفتاریکی نامرۆڤانە لەگەڵ هاوڵاتییاندا بەرەوا زانراوەو لە ئاستیکی بەریندا دەستبەسەرو سەرکوت دەکرین. هەر لەم شەپۆلی حەرەکەتی جەماوەری‌یەی ئەم دوایانەدا بەپیی قسەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پتر لە چوار هەزار کەس گیراون کە دوو هەزار کەسیان هیشتا هەروا دەستبەسەرن. لەم رۆژانەدا دەنگۆیەکی جیی نیگەرانی سەبارەت بە ئیعدامی هیندیك لەو دەستبەسەرکراوانە بلاو بۆتەوە. کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دیموکراسی، ویرای مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی، بانگەواز بۆ سەرجەم ریکخراوەکان، حیزبە سیاسی‌یەکان، بنیاتەکان‌و هەروەها کورو کۆمەلە دیموکراتیك‌و لایەنگرەکانی مافی مرۆڤ دەکا کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم حکوومەتە سەرکوتکەرە، چالاکیی خۆیان یەکانگیر بکەن‌و یەکی بخەن. ئیمە هەروەها داوا لە کومیسیۆنی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین، هەیئەتیك بۆ لیکۆلینەوەو روونکردنەوەی مەرگی گومانلیکراوی خانمی کازمی‌و ئاگاداربوون لە وەزعی دەستبەسەرکراوەکانی ئەم دوایانەو زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان بۆ ئیران بەرێ بکەن.

**کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دیموکراسی**
**٢٢ی پووشپەری ١٣٨٢ی هەتاوی**

**پیکهاتوو لە:**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**
**ریکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئیران**
**ریکخراوی کریکارانی شۆرشگیری ئیران (ریگای کریکار)**

# وتوویژی رۆژنامه‌ی "الشرق الاوسط" له‌گه‌ڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات

**له نیوه‌راستی مانگی پووشپه‌رو پێش ١٨ی پووشپه‌ر، شێرزاد شێخانی هه‌واڵنێری رۆژنامه‌ی "ئه‌لشه‌رقولئه‌وسه‌ت" وتوویژێکی له‌گه‌ڵ به‌رێز عه‌بدوڵڵا حه‌سه‌ن‌زاده، سکرتێری گشتیی حیزب پێک هێناو کۆمه‌ڵێک پرسیارو مه‌سه‌له‌ی جۆراوجۆری له‌گه‌ڵ هێنایه گۆڕێ. ئه‌وه‌ی لێره‌دا ده‌که‌وێته به‌رچاوی خوێنه‌ران، ده‌قی ئه‌و وتوویژه‌یه:**

**پ: شێرزاد شێخانی: مامۆستا! سه‌باره‌ت به‌و شته تازانه‌ی له ئێران هاتونه گۆڕێ، جه‌نابت ئاگات لێیه، خوێندکاره‌کان خه‌ریکی خۆپێشاندانن. له ناو خه‌ڵکه‌که‌ش‌دا مه‌سه‌له‌ی ناره‌زایه‌تی‌یه‌که زیادی کردوه. ئێوه وه‌کوو حیزبی دیموکرات، حیزبێکی نه‌یاری ئه‌و رێژیمه، ئه‌و وه‌زعه چۆن هه‌ڵ ده‌سه‌نگێنن؟**

مامۆستا: "ته‌زاهورات"و حه‌ره‌که‌ته‌که‌ی ئێستا هه‌یه، ته‌نیا ئی ئه‌مرۆ نیه، هه‌روا که ته‌نیا ئی خوێندکاره‌کانیش نیه. ئه‌و مه‌سه‌له‌یه، مه‌سه‌له‌یه‌کی له‌وه قووڵتره. راسته ئه‌م حه‌ره‌که‌ته به بیانووی ئه‌وه ده‌ستی پێکرد که بڕیارێك درا، (ئێستا لێی په‌شیمان بوونه‌وه، ده‌ڵێن وا نه‌بووه). بڕیاریان دا دانیشگاکان بکرێنه "خسووسی" یا به قه‌ولی ئێره "ئه‌هلی"، به‌ڵام خوێندکارانی ئێرانی له‌مێژه خۆ بۆ یاد کردنه‌وه‌ی رووداوێك ئاماده ده‌که‌ن که چوار ساڵ پێش ئێستا له رۆژی ١٨ی پووشپه‌ردا رووی دا. ئه‌ویش حه‌مله بوو به شوێنی حه‌وانه‌وه‌ی خوێندکارانی دانشگای تارانێ که له‌وێ چه‌ند که‌سێکیان کوشت‌و ژماره‌یه‌کی زۆریان گرتن‌و حورمه‌تی دانیشگاکه شکا. شته‌که به بیانووی ئه‌وه‌وه دروست بووه، به‌ڵام ئه‌و حه‌ره‌که‌ته، حه‌ره‌که‌تێکی ئازادیخوازانه‌یه له دژی هه‌موو سیاسه‌ته‌کانی جمهووریی ئیسلامی به‌رامبه‌ر به هه‌موو چین‌و توێژه‌کانی کۆمه‌ڵی ئێرانێ ـ هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌شه ـ ئه‌گه‌ر دیقه‌تتان کردبێ، شوعاری خوێندکاره‌کان، شوعارێك نیه ته‌نیا ئی خوێندکاران بێ. ئاخر "مه‌تالیبی" خوێندکاران ئه‌وه‌ی که بۆ وێنه بڵێن: به‌رنامه‌ی ده‌رسی ئاوا بێ، مامۆستایه‌کمان بگۆڕدرێ، شوێنی حه‌وانه‌وه‌مان باشتر بێ، ئه‌و مه‌سائیله که تایبه‌تی خوێندکارانن، به‌ڵام وه‌ختێکی خوێندکار شوعار ده‌دا که ده‌بێ رێبه‌ری جمهووریی ئیسلامی بروا، بکشێته‌وه، ته‌نانه‌ت که‌مێکیش به شێوه‌ی توندو تیژ ده‌ڵێن پاشایه‌تی وه‌لانێ ـ ناوی پاشایه‌تیشی له سه‌ر داده‌نێن ـ یا وه‌ختێکی ده‌ڵێن ده‌بێ ریفراندۆم بکرێ له سه‌ر نه‌وعی حکوومه‌ت له ئێرانی‌دا، ئیدی ئه‌وه، "مه‌تله‌ب"یکی خوێندکاری نیه، به‌ڵکوو "مه‌تله‌ب"یکه پێوه‌ندیی به هه‌موو خه‌ڵکی ئێرانه‌وه هه‌یه.

ئه‌وه‌ی مه‌ربووت به ئێمه‌یه، ئێمه به دوو جۆر له‌و "ته‌زاهوراته"دا به‌شدارین. یه‌کێکیان خوێندکارانی ئێمه‌ش وه‌کوو به‌شێك له هه‌موو خوێندکارانی ئێرانی. ئێمه له دانیشگای تارانێ‌و له ته‌واوی زانستگه‌کانی ئێرانێ‌دا ته‌له‌به‌ی کوردمان هه‌ن‌و ته‌له‌به‌ی وامان هه‌ن به جۆرێك له جۆران له‌گه‌ڵ حیزبی دیموکرات ئیرتیباتیان هه‌یه، ئه‌وانه به‌شدارن‌و به شێوه‌یه‌کی چالاکانه‌ش به‌شدارن. شێوه‌ی دووهه‌میان ئه‌وه‌یه وه‌کوو به‌شێك له خه‌ڵکی ئێرانێ، حیزبی دیموکرات‌و خه‌ڵکی کوردستان له‌و حه‌ره‌که‌ته‌ی‌دا به‌شدارن‌و پێمان خۆشه چه‌ندی بتوانن پتر "تأپیر"ی له سه‌ر دابنێن‌و پتر تێی‌دا چالاك بن.

**پ: مامۆستا! ئه‌و ته‌زاهوراته‌ی که له‌وێ ده‌کرێ به‌شێوه‌یه‌کی "منظم" ده‌کرێ؟ مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه ده‌وری "ته‌نزیمات" (ته‌شکیلات)ی موعاریزه‌ی ئێرانیی تێدایه یا مه‌سه‌له‌که هه‌ر خوێندکاران‌و خه‌ڵکی ناوه‌وه‌ی ئێرانن؟**

حه‌قیقه‌تی ئه‌وه‌ی هه‌ر رێکخراوێك یا هه‌ر حیزبێك ئیددیعا بکا که ئه‌و حه‌ره‌که‌ته، حه‌ره‌که‌تێکه که ئه‌و وه‌ڕیی خستوه، زیاد رۆیشتوه. ئه‌وه له سۆنعی هیچ حیزبێکی سیاسی‌و رێکخراوێکی سیاسیی ئێرانی نیه، به‌ڵام به حوکمی ئه‌وه‌ی مه‌گه‌ر حیزبی زۆر چووکه‌له‌و دوور له ئێرانێ، ده‌نا حیزبه‌کان له ئێران‌داو له نێو دانیشگاکان‌دا به‌شی خۆیان نفووزیان هه‌یه. هه‌موویان ده‌توانن ئیددیعا بکه‌ن که تێی‌دا به‌شدارن. ئه‌و حه‌ره‌که‌ته به حوکمی وه‌زعییه‌تێك که له ئێرانێ‌دا هه‌یه، حه‌ره‌که‌تێك نیه که بڵێی سه‌رتاسه‌ر مونه‌زه‌مه‌و هه‌مووی به یه‌که‌وه مه‌ربووته، چونکه له ئێران‌دا ئازادیی ئه‌وه نیه که خوێندکاران‌و توێژه‌کانی دیکه‌ی کۆمه‌ڵ خۆ رێك خه‌ن‌و رێکخراوێکی سه‌رتاسه‌ری پێك بێنن. ره‌نگه دانیشگا به دانیشگا ئیرتیباتیان پێکه‌وه هه‌بێ یا به‌شێك له دانیشگایه‌ك وه‌کوو پێ ده‌ڵێن کۆلیجێك (دانشکده)یه‌ك له‌گه‌ڵ کۆلیجێکی دیکه پێکه‌وه "ئیرتیبات"یان هه‌بێ، به‌ڵام هه‌مووی واحیدێکی پێکه‌وه به‌ستراو نیه. ئه‌وه‌ی ئه‌و خه‌ڵکه‌ی پێکه‌وه گرێ ده‌دا مه‌تله‌بی واحیده، هه‌موویان یه‌ك مه‌تله‌ب‌و یه‌ك ده‌ردیان هه‌یه. هه‌موویان له نه‌بوونی ئازادی ده‌ناڵێنن‌و هه‌موویان مه‌تله‌بی ئازادییان هه‌یه له یه‌ك مه‌قووله‌ی چووکه‌له‌دا، ئه‌گینا ئه‌و ئازادییانه مه‌جالاتی جۆراوجۆری ژیان ده‌گرنه‌وه، به‌ڵام هه‌موویان داوای ئازادی‌و دیموکراسی ده‌که‌ن‌و هه‌موویان له ده‌ستی ئه‌و زوڵم‌و زۆرو دیکتاتۆری‌یه ده‌ناڵێنن.

**پ: هه‌ر ئه‌وه‌شه سه‌به‌بی ئه‌وه‌ی که ده‌نگی ناره‌زایه‌تی‌یه‌که کپ بۆته‌وه، سه‌به‌به‌که‌ی ئه‌وه‌یه که نامونه‌زه‌مه یا شتێکی دیکه؟**

دیاره مونه‌زه‌م بوون ته‌ئسیری هه‌یه. له‌و باره‌یه‌وه ده‌مهه‌وێ دوو شت بڵێم. یه‌کێکیان ئه‌وه‌یه که: ده‌وڵه‌ته‌که، ده‌وڵه‌تێکی یه‌کجار بێ‌ره‌حمه، یه‌کجار دوژمن به ئازادی‌یه. به شێوه‌یه‌کی بێ‌ره‌حمانه لێ‌ده‌دا، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئه‌م حه‌ره‌که‌ته، حه‌ره‌که‌تێکی به ته‌واوی ئاشتیخوازانه‌یه، نه چه‌کداره‌و نه ده‌یهه‌وێ تووشی شه‌ڕو لێکدان‌و پێدادان بێ، هیچ عه‌مه‌لێکی وا ناکه‌ن، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه به ده‌یان‌و سه‌دان‌و هه‌زاران که‌س لێی دراوه، بێ‌حورمه‌تیی پێکراوه‌و خراوه‌ته زیندانه‌کانه‌وه. حه‌تمه‌ن ئاگاتان لێیه که حه‌فته‌یه‌کی به‌ر له ئێستا، بۆ خۆیان ئیعترافیان کرد که چوار هه‌زار که‌سیان گرتوه، له کاتێك‌دا ئه‌و ره‌قه‌مه به ته‌واوی درۆیه، ره‌قه‌می ئه‌وانه‌ی که گیراون له سه‌رتاسه‌ری ئێرانێ‌دا له ده هه‌زار که‌سیش زیاتره. ئه‌وه که‌مێك "ته‌ئسیر" داده‌نێ له سه‌ر پاشه‌کشه‌یه‌کی کاتیی ئه‌م حه‌ره‌که‌ته، به‌ڵام ئه‌م حه‌ره‌که‌ته به یه‌کجاری پاشه‌کشه‌ی نه‌کرد، ئه‌م حه‌ره‌که‌ته ئه‌وه‌نده‌ی له نیشانه‌کان را دیاره، خۆی ئاماده ده‌کا بۆ حه‌ره‌که‌تێکی وه‌سیعتر له رۆژی ١٨ی پووشپه‌ردا که ده‌بێته چواره‌مین یادی رووداوی دانیشگای تاران که له‌وێوه‌وه له هه‌موو دانیشگاکان‌و له هه‌موو ئێرانێ دیسانه‌که حه‌ره‌که‌تێکی گه‌وره‌تر وه‌رێ خه‌ن. دیاره ئه‌وان ئێستا هه‌موو دانیشگاکانیان ته‌عتیل کردوه، بۆ ئه‌وه‌ی خوێندکاره‌کان به‌سه‌ریه‌که‌وه نه‌بن، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته هه‌موو دانیشگاکانیان ته‌عتیل کردوون، به‌ڵام خوێندکاره‌کان‌و خه‌ڵکی دیکه‌ش له‌گه‌ڵیان رێك که‌وتوون، له سه‌ر ئه‌وه ئیتیفاقیان هه‌یه که ده‌بێ له رۆژی ١٨ی پووشپه‌ردا که ده‌کاته ٩ی ته‌مووز (ژووئیه) حه‌ره‌که‌تێکی گه‌وره‌تر له‌وه وه‌رێ بخه‌ن. ئه‌گه‌ر ئه‌م جاره‌ش سه‌رکوتی بکه‌ن به‌و مه‌عنایه نیه که ئه‌م حه‌ره‌که‌ته کشاوه‌ته‌وه، نه‌خێر، ئه‌مرۆ ره‌نگه بکشێته‌وه، سبه‌ینێ له موناسیبه‌تێکی دیکه‌دا سه‌ر هه‌ڵ ده‌دا تا ئه‌و وه‌ختی وه‌زعی ئێرانێ ده‌گۆڕێ، تا ئه‌و وه‌ختێ ئازادی‌و دیموکراسی له ئێران‌دا به‌رقه‌رار ده‌بێ.

**پ: مامۆستا! تۆ مه‌وعیدێکت داناوه، ٩ی ته‌مموز (١٨ی پووشپه‌ر)، به حیساب ئه‌بێ حه‌ره‌که‌ته‌که فراوان بێ، ئێوه وه‌کوو حیزبێکی موعاریزه‌ی ئێرانی، وه‌کوو حیزبێکی خه‌باتگێرو خاوه‌ن تاریخێکی دوورو درێژ له ته‌نیشت حیزبه‌کانی‌تره‌وه خۆتان ئاماده کردوه بۆ ئه‌وه‌ی ئیستیسماری ئه‌و وه‌زعه بکه‌ن؟**

به بێ‌شك هه‌موو حیزبێکی سیاسی هه‌وڵ ده‌دا له شتێکی ئاوا ئیستفاده بکا. نه‌ك ئیستیفاده‌یه‌کی حیزبی‌و رێکخراوه‌یی، به‌ڵکوو ئیستیفاده‌ی ئازادی له هه‌موو ئێران‌داو به نه‌فعی حوقووق‌و ئازادی‌یه‌کانی میلله‌تی کورد، ده‌مانه‌وێ ئیستیفاده بکه‌ین. به‌ڵام فه‌رمووتان وه‌ختێکتان دیاریی کردوه. ئه‌و وه‌خته نه من دیاریم کردوه‌و نه حه‌تتا خوێندکاره‌کانیش دیارییان کردوه، به‌ڵکوو که دیاریکراوه له سه‌ر ئه‌وه‌یه له‌و رۆژه‌ی‌دا چوار ساڵ له‌مه‌وبه‌ر هجووم کرایه سه‌ر زانستگاو خه‌ڵکیان گرت که تا ئێستاش هه‌ر له زیندان دان. حه‌تتا دوو سێ که‌س له رێبه‌رانیان له‌و ماوه‌یه‌دا بێ سه‌رو شوێن کردوون، که‌س‌و کاریان نازانن له کوێ‌و له چ زیندانێکیشن، به‌شێوه‌یه‌کی وه‌حشیانه ره‌فتاریان له‌گه‌ڵ ده‌که‌ن. ئه‌و رۆژه ته‌عیین کراوه. که‌وابێ هه‌موو حیزبێکی سیاسی هه‌وڵ ده‌دا نه‌خشی تێی‌دا بێ‌و به ته‌بیعه‌تی حاڵ ئێمه‌ش به نۆره‌ی خۆمان ئه‌و هه‌وڵه هه‌ر ده‌ده‌ین‌و هیواداریین جێ په‌نجه‌شمان به ئاشکرا پێیه‌وه دیار بێ.

**پ: مامۆستا! ئێستا حه‌ره‌که‌ته جه‌ماوه‌ری‌یه‌که ده‌ستی پێ‌کردوه، ئێوه‌ش چه‌ندین حیزبی موعاریزه‌ی رێژیمی ئێرانی هه‌ن. رێژیمی ئێران ٢٤ ساله حوکم ده‌کا. مه‌لاکان سه‌یته‌ره‌یه‌کی زۆریان کردۆته سه‌ر ده‌وڵه‌ته‌کان، ئێوه پێتان وایه بتوانن گۆڕانێک، به رووخاندنی ئه‌و رێژیمه پێک بێنن؟**

گۆڕانی ئه‌و رێژیمه‌ی بۆته زه‌روره‌تێکی تاریخی‌و حه‌تمی، به‌ڵام ئایا له‌م حه‌ره‌که‌ته‌دا یا له‌م چه‌ند مانگه‌ی ئاینده‌دا یا له یه‌ك ساڵی ئاینده‌دا ئه‌و گۆڕانه ده‌بێ یان نا، ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌کی دیکه‌یه. به‌ڵام وه‌زعی حاکمییه‌ت له ئێرانێ‌دا گه‌یوه‌ته جێگایه‌ك که ئه‌و خه‌ڵکه ته‌حه‌مولی ناکا. به هه‌ر شێوه‌یه‌ك‌و به هه‌ر قیمه‌تێکیش بووه، خه‌ڵکی ئێرانێ به گشتی ده‌یانه‌وێ جمهووریی ئیسلامی بگۆڕن. به خۆشی‌یه‌وه جمهووریی ئیسلامی ئێستا ئیدی پشتیوانی‌یه ده‌ره‌کی‌یه‌کانیشی به‌ره‌به‌ره لێ که‌م ده‌بنه‌وه، چونکه له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و شوعارانه‌ی که ده‌یان ده‌ن که گۆیا نه شه‌رقین‌و نه غه‌ربین‌و ته‌نیا جمهووریی ئیسلامییان ده‌وێ، ئه‌م رێژیمه هه‌تا ئێستا به پشتیوانی‌و کۆمه‌کی هێندێك ده‌وڵه‌تی خاریجی‌یه‌وه ماوه‌ته‌وه که ئه‌و ده‌وڵه‌ته خاریجی‌یانه راست له شه‌رق‌و غه‌ربن، راست به‌پێچه‌وانه‌ی شوعاره‌که، ئه‌وان هه‌م شه‌رقین‌و هه‌م غه‌ربین. هه‌م له‌گه‌ڵ یه‌کیه‌تیی شۆڤیه‌تی قه‌دیم‌و رووسیه‌ی ئێستا هاوکاری‌و موناسیباتێکی توندی بازرگان‌و تیجاری‌و ته‌سلیحاتییان هه‌یه‌و هه‌م له‌گه‌ڵ وڵاتانی غه‌ربی‌و یه‌ك له‌وان ته‌نانه‌ت ئه‌مریکا. ئه‌مریکا له واقیع‌دا له ماوه‌ی ئه‌و ٢٤ ساڵه‌دا لانی‌که‌م ٢٣ ساڵی هه‌وڵی داوه که له‌گه‌ڵ جمهووریی ئیسلامی‌دا پێوه‌ندیی باشتر بێ‌و هه‌وڵیان داوه که گۆیا له نێو جمهووریی ئیسلامی‌دا هێندێك له رێبه‌ران په‌یدا بکه‌ن که بتوانن له‌گه‌ڵ دنیای ده‌ره‌وه‌ش‌و له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی ژووره‌وه‌ش‌دا به‌رێ‌دا برۆن‌و خۆیان رێك بخه‌ن، به‌ڵام ئێستا به‌ره به‌ره تێگه‌یشتوون که جمهووریی ئیسلامی جه‌ناحی وای تێ‌دا نیه که بتوانێ له‌گه‌ڵ دنیای ئه‌مرۆ خۆی رێك بخا. به‌ره به‌ره خه‌ریکن به جۆرێك له جۆران پشتی تێ‌ده‌که‌ن که ئێمه ئه‌وه به شتێکی باش ده‌زانین.

**پ: پشتی تێ‌ده‌که‌ن‌و جگه له‌وه‌ش هه‌وڵ ده‌ده‌ن مه‌شاکیلی بۆ بدۆزنه‌وه، یه‌ك له‌وان مه‌سه‌له‌ی به‌رنامه‌ی ئه‌تۆمی‌یه. وێ ده‌چێ ئه‌مه سه‌ره‌تای شه‌ر پی‌فرۆشتن به ئێران بێ، بۆ ئه‌وه‌ی رێگا خۆش که‌ن که له ئێرانێ گۆڕانێک بکرێ وه‌کوو ئه‌وه‌ی له عێراق‌دا کرا. ئایا ئێوه ته‌وه‌قوعی ئه‌وه ده‌که‌ن ئه‌و گۆڕانه به‌و شێوه‌ی له عێراق‌دا کرا، له ئێرانیش‌دا بکرێ؟**

ئه‌وه موشکیله دروست کردن نیه، موشکیله‌که ئێران هه‌یه‌تی. ئێران له کۆنه‌وه تا ئێستا ئه‌وه‌نده‌ی له داخیلی وڵاته‌که‌ی‌دا خه‌ڵکی سه‌رکوت کردوه‌و دژی ئازادی‌یه‌کان راوه‌ستاوه، له دنیای ده‌ره‌وه‌ش کاری ناردنه ده‌ره‌وه‌ی تیرۆریزم بوو. کاری موخالیفه‌ت له‌گه‌ڵ سولح بووه. له هه‌ر جێیه‌کی بووه، قانوون شکێنیی کردوه، له راده‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی‌دا. دنیای ده‌ره‌وه که تا ئێستا ئه‌وانه‌ی لێ قبووڵ کردوه، ئێستا به‌ره به‌ره مه‌یووس بوون له‌وه‌ی ئیسلاح بێ. بۆیه هێندێك له‌و شتانه‌ی لێ له‌قاو ده‌ده‌ن، وه‌کوو شه‌ر پێ‌فرۆشتن نیه. شه‌ره‌که جمهووریی ئیسلامی فرۆشتوویه‌تی. ئێستا ئه‌وانیش دیفاع له خۆیان ده‌که‌ن. به‌ڵام ئه‌وه که داخوا ده‌گاته کوێ، نه ته‌وه‌قوعی ئێمه ئه‌وه‌یه نه ره‌نگه ئاره‌زووش بکه‌ین که شێوه‌که راست ئه‌و شێوه‌یه بێ که له عێراقێ رووی دا.

**پ: یانی ئێوه داگیرکه‌ری قبووڵ ناکه‌ن؟**

مه‌سه‌له ئه‌وه نیه که قبوولی ناکه‌ین، به‌ڵام ئاره‌زووی ناکه‌ین. چونکه مه‌سه‌له قبووڵ کردن‌و قبووڵ نه‌کردن نیه. ئه‌گه‌ر ئه‌مریکا بیهه‌وێ، سبه‌ینێ هجووم بکاته ئێرانێ، راست ده‌توانێ ئێرانێ بگرێ وه‌کوو عێراقی گرت. قه‌زییه‌که ئه‌وه نیه. ئێمه ئاره‌زوو ناکه‌ین، ئێمه پێمان خۆشه دنیای ده‌ره‌وه کۆمه‌ك به رێژیمه‌که نه‌کا بۆ مانه‌وه‌ی. عه‌کسی ئه‌وه کۆمه‌ك به بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه بکا که بتوانێ له خه‌بات به دژی ئه‌و رێژیمه‌دا به‌ره‌وپێش بچێ. حه‌ز ناکه‌ین وڵاته‌که‌مان وێران بێ، وه‌کوو دیتمان عێراق وێران بوو. ئێمه چونکه له کوردستانین، نابێ له سه‌ر کوردستان قه‌زاوه‌ت بکه‌ین. به‌خۆشی‌یه‌وه به‌شی زۆری کوردستان مه‌حفووز بوو، به‌ڵام هه‌موو به چاوی خۆمان دیتمان‌و دنیاش بینی که عێراق چۆن وێران بوو؟ چۆن سووتا، هیچ ئینسانێك ئه‌وه‌ی ئاره‌زوو ناکا. بێجگه له‌وه‌ش له به‌رنامه‌ی ئه‌مریکاو هاوپه‌یمانه‌کانیش‌دا نیه ـ لانی‌که‌م له هه‌لومه‌رجی ئێستادا ـ که هجوومی نیزامی بکا بۆ ئێرانێ. ئێمه ئاره‌زووی ئاوا ناکه‌ین، پێمان خۆشه خه‌ڵك بۆ خۆیان قیمه‌تی ئازادی‌یه‌که بده‌ن‌و هه‌ر بۆ خۆشیان ده‌سه‌ڵاتی ئاینده بگرنه ده‌ست. پێمان وایه به قازانجی هه‌موو میلله‌تێکه که بۆ خۆی خۆی رزگار بکا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی کۆمه‌ك له ده‌ره‌وه وه‌رده‌گرێ‌و بۆ خۆشی ده‌سه‌ڵاتی وڵاته‌که‌ی بگرێته ده‌ست.

**پ: مامۆستا! ئه‌و قسه‌یه‌ت تا ئێستا مه‌قبووله‌و مه‌عقوولیشه، به‌ڵام له عێراق حیزبی به‌عس ٣٥ ساڵ حوکمی کرد. ته‌قریبه‌ن ١٢٠ حیزبی موعاریز له عێراق‌دا دروست بوون، ٣٥ ساڵ خه‌باتیان کرد، زۆریشیان چه‌کدار بوون نه‌یان توانی رێژیمی عێراق بڕووخێنن هه‌تا ئه‌مریکا نه‌هات. ئێوه کۆمه‌کتان ده‌وێ له ده‌ره‌وه، ئه‌گه‌ر کۆمه‌کتان بکه‌ن ، ده‌توانن رێژیم بروخێنن؟**

من پێم وایه وه‌زعه‌که له ئێران‌و عێراق فه‌رقی زۆره. ئه‌من ته‌ئیید ده‌که‌م که ده‌وڵه‌تی عێراق نه ده‌رووخا ئه‌گه‌ر هاتنی ئه‌مریکاو هاوپه‌یمانه‌کانی نه‌بایه. به‌ڵام ئه‌وه‌ش به باوه‌ڕی من وا نه‌بوو که حه‌تمه‌ن پێویستی به ده‌خاله‌تی نیزامیی ئه‌مریکا هه‌بێ. ئه‌گه‌ر پشتیوانی‌یه‌کی جیددی له حه‌ره‌که‌تی ئازادیخوازانه‌ی [ خه‌ڵکی عێراق] کرابایه. ده‌توانرا رێژیم بروخێنرێ بێ ئه‌وه‌ی ده‌خاله‌تی خاریجی هه‌بێ. به‌ڵام له‌گه‌ڵ هه‌مووی ئه‌وانه ئه‌گه‌ر قبووڵ که‌ین له عێراقێ مومکین نه‌بوو له ئێرانێ مومکینه، چونکه له ئێرانێ موخالفه‌ته‌که له‌گه‌ڵ جمهووریی ئیسلامی زۆر وه‌سیعتره. جمهووری ئیسلامی به هیچ جۆر ئه‌و قووه‌ت‌و پایگایه‌ی نیه که ده‌وڵه‌تی عێراقێ هه‌ی‌بوو. هیچ شکێك له‌وه‌ی دا نیه که ده‌وڵه‌تی عێراقێ دیکتاتۆر بووه به‌تایبه‌تی به‌نیسبه‌تی کوردان ده‌وڵه‌تێکی خوێنرێژ بووه، له‌وه‌دا هیچ موناقشه نیه، به‌ڵام ده‌وڵه‌تی ئێرانێ زۆر دواکه‌وتووتره، زۆر دوورتره له خه‌ڵك له ده‌وڵه‌تی عێراقێ. بۆیه ئێمه پێمان وایه ئه‌گه‌ر خه‌ڵکی ئێرانێ حیمایه‌تیان لێ بکرێ ده‌توانن ئه‌و رێژیمه بروخێنن. مه‌به‌ستمان له پشتیوانیی زیاتر ئه‌وه‌یه که پشتیوانیی ده‌وڵه‌ته‌که نه‌که‌ن. ئه‌و ده‌وڵه‌ته به ئیمکاناتی عه‌سکه‌ری، به ئیمکاناتی فه‌نییی دنیای ده‌ره‌وه له سه‌ر پێی خۆی راوه‌ستاوه. ئه‌گه‌ر ئه‌وانه‌ی لێ‌قه‌تع که‌ن، خه‌ڵکی ئێران ده‌توانن ئه‌و رێژیمه برووخێنن، هه‌روه‌ك توانیان رێژیمی پاشایه‌تی برووخێنن که ده‌قات له‌م جمهووریی ئیسلامی‌یه به قووه‌ت‌تر بوو. خۆ له ساڵی ١٩٧٩ش‌دا خه‌ڵکی ئێرانێ پشتیوانیی عه‌مه‌لی هیچ وڵاتێکی خاریجییان له پشت نه‌بوو، ته‌نانه‌ت تا ئاخر رۆژه‌کانیش هه‌موو ده‌وڵه‌تانی ده‌ره‌وه پشتی رێژیمی پاشایه‌تییان ده‌گرت. ئه‌مریکا وه‌ختێك پشتی رێژیمی ئێرانی به‌ردا که تازه تێی گه‌یبوو که ئیدی ئه‌و رێژیمه ده‌رووخێ. ئه‌ویش نه‌به‌وه که که بیت پشتوانی له راپه‌رینی خه‌ڵك بکا، به‌وه که پشتی به‌ردا، به‌وه که به جۆرێك له جۆران به سوپا (ئه‌رته‌ش)ی ئێرانیی گوت که بکشێته‌وه، ئه‌وه موهیم بوو. شا سوپای ئێرانیی به‌جێ‌هێشتبوو و ئه‌گه‌ر ئه‌مریکا پێی نه‌گوتبایه ـ ره‌نگه ئه‌وه قه‌ت به ره‌سمیی ئاشکرا نه‌کرێ ـ ئه‌و سوپایه ٨

بۆ لاپه‌ره ٨

## درێژەی لاپەڕە ٥

دەیتوانی بە کوودیتایەکی نیزامی هەرچی موخالیفی خۆیەتی سەرکوتی بکا، لانیکەم رووخانی ریژیمی پاشایەتی وەدوابخا. بەڵام دیتمان ئەوان بە دەستی بەتاڵەوە توانییان ریژیمی پاشایەتی برووخینن، بۆ ئیستا نەتوانن ریژیمی جمهووریی ئیسلامی برووخینن.

**پ: لەو راپەڕینەی دژی ریژیمی شای بەرپا بوو، زەعیمیک دروست بوو ناوی خومەینی بوو و وای لێکرد کە بتوانێ سەیتەرەی سەر شەقامی ئیرانی بکا، ئیستا لە ئیراندا زەعیمیک هەیە بتوانێ ئەو دەورە بگیرێ بۆ رووخاندنی ئەو ریژیمە؟**

و: ئینکاری ئەو ناکرێ کە هەم خومەینی وەکوو خومەینیو هەم موئەسیسەی دینی تەئسیریکی زۆریان هەبوو لە ریکخستنی ئەو راپەڕینەدا، بەڵام بێشك ئەو راپەڕینە، راپەڕینیك نەبوو ئی ئەوانە بێ کە جمهووریی ئیسلامییان دامەزراند یا ئی ئاخوندەکان بێ، بەلکوو ئەو راپەڕینە، راپەڕینیك بوو ئی هەموو خەلکی ئیرانو هەموو چینو تویژەکانی کۆمەلی ئیران تییدا بەشدار بوون. لە پاش ئەوەی ئەو راپەڕینە بە ئاکام گەیشت، چونکە ئەوان ریكوپیكتر بوون، نە ریكوپیكتر بوون وەکوو حیزب، ئەوانیش حیزبیکی ریكوپیکیان نەبوو، بەڵام موئەسیسەی دینی بۆخۆی نەوعیك تەنزیمە، بۆخۆی نەوعیك حیزب بوو، ئەوانە توانییان دەسکەوتەکانی بۆخۆیان پاوان بکەنو بیخەنە حیسابی خۆیانەوەو لە واقیعدا شۆڕشەکە لە ریگاو مەسیری ئەسلیی خۆی لابدەن.

لە جوابی پرسیارەکەتدا زۆر بە راشکاوی عەرزت دەکەم کە نەخیر نە ریبەریکی ئاوا هەیە وەکوو خومەینی بیبیتە سۆمبولو کاریزماو نە حیزبیکیش هەیە کە سەرتاسەری خەلکی ئیرانیی لە ژیر فەرماندا بێ، بەڵام ئەو راپەڕینە لە نیوخۆیدا رەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانێ رەهبەریی خۆی بدۆزیتەوە، قیادەی خۆی لە نیوخۆیدا دروست بکا.

**پ: ئەوە تا ئیستا دروست نەبووە، هیواداریـن لە لای ئیوە دروست بێ. ئەوە رامان دەکیشیت بۆ پرسیاریک، ئیوە ئامادەن هاوکاری لەگەل ئەمریکا بکەن بۆ رووخاندنی ئەو ریژیمە؟**


و: ئیمە ئامادەین هەموو یارمەتییەکی غەیری مەشرووتی خاریجی وەرگرین، بەڵام ئەوەی کە هاوکاری لەگەل ئەمریکادا بکەین، ئیمە پیمان وانیە هیزی ئیمە، هیزی کورد بتوانێ دەولەتی ئیران برووخینێ. لە واقیعدا ئەگەر هجوومیکی وەکوو ئەوە بۆ عیراق کرا، بۆ ئیرانێ بکرێ، ئەوە دەولەتی ئەمریکایە دەیرووخینێ نە هاوکاریی ئیمەو ئەمریکا. ئیمە پیمان خۆش نیە کە ولاتەکەمان بکەویتە بەر هیرشی ئەمریکاو هەر ولاتیکی دیکە، بەڵام ئەگەر رۆژیك لە رۆژان سیاسەتی ئەمریکای بیتە سەر ئەوەی هیرش بۆ ئیران بکا، ئیمە لە دژی راناوەستین، بە دوو دەلیل، یەکیان: ئەوە کە پیمان ناکرێ، دووهەم: پیمان وانیە دیفاع لە جمهووریی ئیسلامی، دیفاع لە ئیرانێیە. جمهووریی ئیسلامی بیگانەترە لە خەلکی ئیرانێ وەکوو ریژیمی سەدام حوسین بیگانە بوو لە خەلکی عیراق. کەوابێ ئیمە دیفاع لە خەلکی ئیران دەکەین نە دیفاع لە جمهووریی ئیسلامی. دیفاع لە خەلکی ئیرانیش ئەوە نیە کە ئیمە شەر بکەین لە زیددی دەولەتیکی خاریجی کە دەیەوێ ریژیمەکە بگۆڕێ.

**پ: ئەگەر بیینە سەر مەوزووعی عیراق، پیش شەڕەکەی ئەمریکا دژ بە سەدام، ئیوە علاقە (رابیتە)یەکی باشتان لەگەل ریژیمی سەدامدا بووە، ئایا رووخانی ئەو ریژیمە هیچ زەرەریکی بۆ ئیوە بووە؟**

و: باسی عیلاقاتی باشتان کرد، نازانم مەبەست لە باش چیە؟ ئیمە لەگەل دەولەتی عیراقدا، عیلاقاتمان هەبووە، شاراوەش نیە، بەڵام هەروەك شاراوە نیە، تەبیعەتەکەشی شاراوە نیە. عیلاقاتیکی یەکجار زۆر سەلیم بووە. بە دەنگی بەرزو بە سەراحەتەوە دەلیم عیلاقاتیکینموونە بووە، هەتا ئیستا هیچ هیزیکی سیاسی عیلاقاتیکی لەگەل دەولەتیکی نەبووە کە ئەوەندە سەربلیند بێو ئەوەندە ئیستیقلالی خۆی بپاریزێ. پیم وایە ئەوە هەم ئیوەو هەم کەسی دیکەش لیمان قبوول دەکا. لە بەر ئەوە ئیمە هیچ وەختیك نیگەران نەبووین کە دەولەتی عیراق بروا. ئیستا کە دەولەتی عیراقێ رووخاوە، ئیمە تاقە یەك زەرەرمان کردوە، ئەویش ئەوەیە کە ریگامان بۆ دنیای دەرەوە، دەولەتی عیراق بوو. لە بە بەغدایەدا سەفەرمان دەکرد بە ئیمکاناتیك کە بەو ریگایەدا بۆمان پیك دەهات، سەفەری دنیای دەرەوەمان دەکرد. پیمان وایە ئەوەش لە ئایندەدا رەنگە جوبران بیتەوە. ئیستا عیراق نەبۆتە ولاتیك کە دەولەتی خۆی هەبێ، دەنا ئەگەر دەولەتیکی موئەسیساتی لە عیراقدا دروست ببێ، پیمان وایە لە ئایندەدا ئەو ئیمکانە پیك بیتەوە، هیچ دەلیلیك نیە دەولەتی تازەی عیراقێ موخالیفەت لەگەل ئیمە بکا، چونکە ئیمە هیچمان بۆ دەولەتی پیشوو نەکردوە، هیچ عیلاقاتیکی مەشکووکمان لەگەل دەولەتی پیشوو نەبووە تا ئەو بە چاویکی دیکەوە تەماشامان بکا. رەنگە ئەوەش بگونجێ کە جاریکی دیکە ئەو ئیمکانە بۆ ئیمە دروست بیتەوە. لەبەر ئەوە بە تایبەتی ئەگەر عیراقییەکان ببنەوە ساحیبی دەسەلاتی عیراقو ببنە ساحیبی دەولەتیکی دیموکراتی، گەلی، فیدرالی وەکوو شوعاری ئیستای موتەداول لە نیو کوردەکاندا بە تایبەتیو لە نیو موعاریزەی پیشووی عیراقدا بە گشتی هەیە، ئەگەر ئەوە بێ ئیمە یەکجار زۆر پیشوازیی لێدەکەینو پیرۆزباییيان لێدەکەین.

**پ: مامۆستا تا دەگاتە ئەو رۆژەی ئەو حکوومەتە دادەمەزرێ، ئیوە هیچ جۆرە تەعامولو پیوەندییەکتان بەو ئیدارە ئەمریکییەوە نەکردوە بۆ راپەڕاندنی ئیشو کاری خۆتان؟**

و: ئیمە لەچەند ساڵ لەمەوبەرەوە لەگەل دەولەتی ئەمریکادا عیلاقاتمان هەیە، بەڵام عیلاقاتەکە لە واشینگتۆن بووە نەك لیرە. لیرە هەتا ئیستا شتیکی ئاوا زەروورەتی پەیدا نەکردوە کە ئیمە لەگەل ئەوان عیلاقاتمان دروست ببێ.



ئیمە لەگەل دەولەتی عیراقدا، عیلاقاتمان هەبووە، شاراوەش نیە، بەڵام هەروەك شاراوە نیە، تەبیعەتەکەشی شاراوە نیە. عیلاقاتیکی یەکجار زۆر سەلیم بووە. بە دەنگی بەرزو بە سەراحەتەوە دەلیم عیلاقاتیکینموونە بووە، هەتا ئیستا هیچ هیزیکی سیاسی عیلاقاتیکی لەگەل دەولەتیکی نەبووە کە ئەوەندە سەربلیند بێو ئەوەندە ئیستیقلالی خۆی بپاریزێ. پیم وایە ئەوە هەم ئیوەو هەم کەسی دیکەش لیمان قبوول دەکا. لە بەر ئەوە ئیمە هیچ وەختیك نیگەران نەبووین کە دەولەتی عیراق بروا.

**پ: ئەی ئیوە دەرگاتان لێدانەخراوە؟**

و: دروستە، بەڵام ئەوان بۆخۆشیان جارێ وەزعییەتیکی وا موستقەریان نیە. ئیستا موراجیعەی کێ بکەین؟ خۆ ئیستا ئەگەر بە فەرزیش موراجیعە بە پۆل بریمیر بکرێ، رەنگە جوابیکی پێ نەبێ. چونکە جارێ ئەو دەولەتەی کە دەیەوێ دایمەزرینێ، بۆی دانەمەزراوە، یانی حەتتا موقەدەماتەکەشی ساز نەبووە. لەبەر ئەوە ئیمە پیمان وایە مەجبووریش نین پەلەی بکەین، دەبێ سەبر بکەین تا وەختیکی کە ئیمکاناتیکی وا پیك دێ. ئیمە پیمان وایە بۆ هەموان مەشرووعە کە لەگەل دەولەتانی حاکم بە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا عیلاقات دامەزرینن، مادام ئەو عیلاقاتە، عیلاقاتیکی سەلیمە، لە سەر حیسابی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان تەواو نابێ، نابێ لە سەر هیچ هیزیکی کوردی حەرام بکرێ.

**پ: مامۆستا! وەکوو مولاحەزەت کردوە ئەمریکا زەختیکی زۆر ئەکاتە سەر موجاهدینی خەلق، مەعەسکەراتەکانیان بە موجاهدینی خەلق چۆل کردوە. چەکەکانیان لێوەرگرتون. وا خەریکە سەرکردەکانیشیان لە ئورووپا دەگرنو موحاسەبەیان ئەکەنەوە. لەو زرووف (مەوقعییەت)ەی کە ئیستا ئیران پییدا تێدەپەرێو دنیا هەموو مەشغوولی ئیرانەو خەریکی ئەوەن لە ئیراندا گۆڕانیک دروست بێ، ئیستا وەختی ئەو شتانەیە؟**

و: بە سەراحەتەوە دەلیم ئیمە لەگەل موجاهدینی خەلقدا هیچ جۆرە پیوەندییەکمان نیە، چونکە ئەوان لە رەفتاریان لەگەل هیزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیراندا، هیزیکی دیموکرات نین. دەتوانم پیت بلیم عیلاقاتیان لەگەل هیچ هیزیکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ئیراندا باش نیە، ئەمەیان با لە جیی خۆی بێ، بەڵام ئەوەی ئیستا لەگەلیان دەکرێ، ئەوە سیاسەتی ئەمریکایە بەرامبەر بە موجاهدین، چونکە وەختی خۆی موجاهدین هیندیك کەسی ئەمریکاییيان لە ئیرانێ تیرۆر کردن، ئەوە شتیکە ئەوە سیاسەتی وانەو موجاهدین بە تیرۆریست دەزانن. موجاهدینیش رەنگە هیندیك شتیان هەبووبێ کە کەس لیی رازی نیە. مەسەلەن ئەو تەعاونەی کە لە ساڵی ١٩٩١دا لەگەل دەولەتی عیراقدا کردیان بە هیچ جۆر هیچ ئینسانیکی ئازادیخواز لە ئەفریقاو لە ئەمریکای لاتینیش تەئییدی ناکا، ئەوە بە جیی خۆی. بەڵام لە سەریەك ئەوەی لەگەل موجاهدین کرا بە تایبەتی ئەوەی لە فەرانسە کرا، ئیمە پیمان باش نەبوو، حەتتا بەیانیەیەکی چکۆلەشمان لە سەر دەرکرد کە ئیمە مەحکوومان کرد. بە دەلیلی ئەوەی کە لەو وەختەدا ریژیمی ئیران لە لایەن خەلکی خۆیەوە کەوتۆتە بەر هجووم، ئەوە نەوعیك کۆمەك بە ئیران یانی نەوعیك لادانی بیروڕای گشتیی ئیرانو دەرەوە لەو حەرەکەتە ئازادیخوازانەیە بوو کە لە ئیراندا هەیە بۆ لای مەسەلەیەکی لاوەکی، بۆیە لەگەل هەموو مولاحیزاتمان لە سەر موجاهدین، پیمان خۆش نەبوو لە هەلومەرجیکی ئاوادا موجاهدین بکەونە بەر حەملەو پەلاماری هیزەکانی خاریجی لەگەل ئەوە کە رەنگە زۆر ئارەزوو نەکەین کە موجاهدین بینە جیی جمهووریی ئیسلامی.

**پ: مامۆستا! ئیستا باسی ئیران دەکەین. حالەتیک دروست بووە، وا نارەزایەتیی خەلك رۆژ لە دوای رۆژ پەرە دەستینێو مەشاکیل لە ئیراندا دروست دەبێ. رۆژی ئەوە هاتوە کە موعاریزەی ئیران، ئەو خەباتگیرانەی کە پیشتر لە ساحە (مەیدان) بوونو ئەوانەی کە ئیستا هەن. کۆبوونەوەیەك بکەن "مۆئتەمەریک" بکەن، جەهدیك بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ ناوەوە قسە بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن تەئسیر لە "شارع"ی ئیرانی بکەن؟**

و: ئەگەر راستت بوێ، رۆژی ئەوەی لە میژە هاتووە. ئەمە کاریکە کە دەبوو سالیك بەر لە ئیستا، سێ ساڵ، پینج ساڵ، دە ساڵ بەر لە ئیستا بکرایە. هیچ وەختیك بۆ ئەوە زوو نیە، هەرچی زووتر بکرێ باشترە، بەڵام بەداخەوە ئۆپوزیسیۆنی ئیران هەم لە ئیرانو هەم لە دەرەوە لەو هەدەفە دوورە. لە ئیراندا هیزە سیاسییەکان ناتوانن خۆیان بنوینن تا بتوانن پیکەوە دانیشنو قسە بکەنو عادەتەن شتیکی ئاوا لە هەلومەرجیکی ئاوادا پیك دێ. لە دەرەوەش لەبەر ئەوەی کە پرشو بلاونو ئیختلافاتیکی ئیدئۆلۆژیکییان لەبەیندا هەیە، ئیمکانی ئەو پیکهاتنەی ئاسان نەبووە. بەو حالە ئیمەو بەشیکی دیکە لە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەولی ئەوەداین کە بەلکوو چەندی مومکینە پتر لە یەکدی نزیك بنەوەو پتر بتوانن ـ ئەگەر نەشبنە جەبهەیەك ـ نەوعیك هەماهەنگییان لە بەیندا هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن لە زیددی جمهووریی ئیسلامی کاریکی وا بکەن کە جیگا بەو ریژیمە لیژ بکەن.

**پ: مامۆستا! ئیوە هیچ جۆرە وتوویژیکتان لەگەڵ جمهوریی ئیسلامیدا هەیە؟**

و: ئیمە هیچ گفتوگۆییەکمان لە ساڵی ١٩٨٩ەوە کە دوکتور قاسملوو شەهید بووە، نەبووە. لە واقیعدا ئەویش هەر موزاکەرە نەبوو، چونکە بەناوی موزاکەرەو وتوویژەوە داویان بۆ نایەوەو کوشتیان. لەپاش ئەو وەختە هیچ شتیك نەبووە. ئەوەندەمان گوتوە لیی ماندوو بووین. دەتوانم بلیم لەو وەختەوە تا ئیستا نزیك لە سەد جار ناردوویانە کە وەرن بە نهینی وتوویژ بکەین، گوتوومانە شتی وا موکین نیە، وتوویژ تەنیا [ئەوکات] مومکینە کە ئیوە بەرەسمی ئیعلام بکەن کە ئیمە لەگەڵ حیزبی دیموکرات لەسەر داخوازییەکانی میللەتی کورد دەمانەوێ، موزاکەرە بکەینو قەبوولیشی بکەن کە ئەو وتوویژە، ئەو موزاکەرەیە لەسەر دەستی لایەنیکی خاریجی بێ، لەو حالەدا حازرین وتوویژ بکەین، ئەگینا وتوویژ ناکەین، بۆیە هەتا ئیستا هیچ جۆرە وتوویژیکمان لەبەیندا نەبووە.

**پ: یانی ئەوان داوایان کردوەو ئیوە رەتی دەکەنەوە؟**

و: وەختیك ئەوان بە جیددی داوای موزاکەرەیان نەکردوە، ئەوان دەیانەوێ دیسان یا بکوژن یا ئەگەر بۆ کوشتنیش نەبێ، جیددیبوونی حیزبی دیموکرات یا هیزیکی سیاسیی دیکە بخەنە ژیر پرسیارەوە، ئەگینا ئەگەر بینانەوێ، بۆچی بە ئاشکرا نەبێ؟ چ عەیبیکی تێدایە، دەولەتیك بۆ حەللی موشکلیکی ولاتەکەی خۆی لەگەڵ بەشیکی میللەتی خۆی وتوویژ بکا؟ مانای وایە درۆ دەکەن. لەبەر ئەوە ئیمە هەموو وەختیك رەتمان کردۆتەوە. ئیمە گوتوومانە ئەسلی وتوویژ رەت ناکەینەوە، حازرین، بەڵام ئەو وتوویژە دەبێ هیندیك شەرتی تێدا بن، لە کوردستانی عیراق نایکەین، لە ئیراندا نایکەین، بە دزی نایکەین، بەبێ نیوبژیوانی هیزیکی خاریجی نایکەین. لەسەر ئەوە کە بۆچی فلان پاسگامان گرتوە، یا بۆچی ئەوان دوکتور قاسملوویان کوشتوە، لەسەر ئەوەش نایکەین. لەسەر داخوازەکانی میللەتی کورد کە داوای حوقووقی نەتەوایەتی دەکەن لەسەر ئەوە ئەگەر حازرن، موزاکەرە دەکەین، ئەگینا نایکەین.

**پ: بەناوی موزاکەرەوە دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوویان شەهید کرد، دوکتور شەرەفکەندییان تیرۆر کرد. جەنابت ئیستا سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی، ناترسی کە تۆش تیرۆر بکەن؟**

و: ترس هەیەو مەترسی هەیە. مەترسی مانای خەتەرە. ئەو خەتەرە هەموو رۆژیك لەسەر گیانی منو لەسەر گیانی زۆر لە رەفیقەکانی دیکەشم هەر هەیە، بەڵام ئەگەر قەرار بایە ترسابایین، هەر لە ئەوەڵەوە خەباتمان دەست پێ نەدەکرد، چونکە ناکرێ لە ترسی ئەوە کە رەنگە ئیمە بمرین، خەباتی سیاسی نەکەین. ئیمە لەسەر خەباتی خۆمان بەردەوامین. رەنگە سبەینێ ئەمنیش تیرۆر بکریم، نەخیر ئەمن بە وەرگەڕانی ترۆمبیلیك یا بە نەخۆشییەکی دیکە بمرم، ئەوە موسیبەت نیە، موهیم ئەوەیە ئەو حیزبە یا لە حیزب زیاتر، ئەو میللەتە ریگای خۆی دەروا. وەختیکی بە مەرگی دوکتور قاسملوو میللەتی کورد پەکی نەکەوت، بە مردنی عەبدوللا حەسەنزادە بە "تەریقی ئوولا" کاری میللەتی کورد پەکی ناکەوێ.

**پ: دوو سکرتیری ئەو حیزبە تیرۆر کراون، مەبەستم ئەوەیە ئایا حیزبی دیموکرات قبوولی دەکا جاریکی دیکە لەگەڵ ئەو ریژیمە دانیشێ؟ ئایا ئەو سیقەیە هەیە؟**

و: ئەگەر سیقە هەبا لەگەلیان دادەنیشتین، سیقە نیە، بۆیە دەمانەوێ ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یا دەولەتیکی موعتەبەری خاریجی لەبەیندا بێ، چونکە سیقەمان پییان نیە، پیشمان گوتوون باوەڕتان پێ ناکەین، درۆزنن، ئیوە پیاو کوژن. بەڵام ئیمە ناتوانین ئەسلی وتوویژی ئاشتییانە رەت کەینەوە، چونکە ئیمە لە بنێڕا شەڕخواز نین، ئیمە داخوازی سیاسیمان هەیەو پیمان خۆشە لە ریگای ئاشتیخوازانەوە ئەو داخوازانە بینە دی، ئیمە ناتوانین ئەوە رەت کەینەوە، بەڵام ئەوە کە جیددین یا جیددی نین، ئیمە پیمان وایە جیددی نینو ئەوە کە داوا دەکەن بە نهینی لەگەلیان دانیشین، بە نهینی لەگەلیان دانانیشین. مەسەلەکە ئەوە نیە، چونکە دوکتور قاسملوویان شەهید کرد، ئیدی ئیمە وەکوو ئینتیقام، هەموو وتوویژیكو هەموو [ریگا] حەللیکی ئاشتیخوازانە رەت کەینەوە. ئەمن پیم وایە تۆڵەی قاسملوو بەوە ناستیندرێ کە ئیمە قاتلەکانی بکوژینەوە، بەوەی دەستیندرێ کە ریژیمەکە برووخێ، بەوەی دەستیندرێ کە داخوازەکانی میللەتی کورد بینە دی. ئەگەر حوقووقی میللەتی کورد وەدی هات، ئەو ریژیمە رووخاوە، ئیدی ئەو ریژیمە نەماوە، ئەوە موهیمە، خۆ ئیمە نابێ بۆ مەسەلەی تۆڵەو تۆڵە ئەستاندنەوە وەکوو لەبەینی دوو عەشیرە یا دوو خانەوادەدا هەیە، بچین. دەبێ مەسەلەکە وەك مەسەلەیەکی سیاسی لیك بدەینەوە.

**پ: خاتەمی بەوەی هاتە ناو ئینتخاباتەوە کە گۆیا پیاویکی ئیسلاحخوازەو ماوەیەك هەولی دا کە نەختیك ریژیمەکە بکریتەوە بەرامبەر بە کۆمەلانی خەلکی ئیران، ئیستا موحافیزەکارەکانیش لەولاوە**

←

**وەستاون، سیراعیک هەیە لە بەینی ئیسلاحخوازان‌و موحافیزەکاران‌دا. ئیوە پیتان وایە خاتەمی وەزعی ئیران بەرەو شتیک ببا کە ئیوە پیی رازی بن؟**

و: وەختیك لە نیو دەولەتیك‌دا دوو جەناح پەیدا دەبن یا دوو ریبەر پەیدا دەبن کە یەکیکیان باسی نەوعیك لە ئازادی‌و دیموکراسی دەکا، هیزیکی خوازیاری ئازادی‌و دیموکراسی ناتوانێ بلێ ئەوەیان خراپترە لەوەی دیکەیان، دەبێ حەتمەن ئەوەی بە باشتر بزانێ کە باسی ئازادی دەکا. ئیمە لە رۆژی ئەوەلەوە تا ئیستا لەسەر دوو شتی خاتەمی گومانمان نەبووە، یەکیکیان ئەوە کە: لە "کل"دا ئەویش بەشیکە لە جمهووریی ئیسلامی‌و جمهووریی ئیسلامیی بە هەموو "تفصیلات"ی خۆیەوە قبوولە. قانوونە ئەساسی‌یەکەی قبوولە، ویلایەتی فەقیهی‌یەکەی قبوولە، کەوابێ دەیەوێ جمهووریی ئیسلامی بپاریزێ. ئەو کابرایە باوەری بە ئازادی‌و دیموکراسی بەو جۆرەی نیە کە ئیمەو هیزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئیران باوەریان پییەتی. دووهەم شت، ئەوە بوو کە پیمان وابووە خاتەمی توانای ئەوەی نیە ئەو کەمە ئازادی‌یەش کە باوەری پییەتی، لە ئیران‌دا وەدی بینێ. بەداخەوە لە هەردووکیان‌دا ئەو نەزەرەی ئیمە بەراست دەچووە. خاتەمی کە هیچ باوەری پیی نەبووە، هیچیشی پێ نەکراوە، یانی خاتەمی نەك نەی‌توانیوە ئازادی بدا بە خەلکی ئیران، ئازادی بدا بە میللەتی کورد یا مەسەلەی ئازادی بە حیزبی سیاسی بدا، نەی‌توانیوە ئازادی بەخۆی بدا، بۆخۆی تا ئیستا ئازادیی وەرنەگرتووە، ئیستا خاتەمی لە دەربرینی نەزەری خۆی‌دا ئازاد نیە.

**پ: کەواتە ئەو سیراعەی کە ئیستا لەبەینی خاتەمی‌و موحافیزەکارەکان‌دا هەیە، مەبەستی ئەوەیە بکریتەوە بەرەو ئازادی؟**

و: مەبەستی نە ئەوە بووەو نە ئەوەیە کە ئازادی‌و دیموکراسی بە خەلکی ئیران بدا. خیلافە (جیاوازی‌یە)کە لەوەدایە کە ئۆسلووب بۆ راگرتنی جمهووریی ئیسلامی چیە؟ ئەو پیی وایە بەو شیوەیە کە تا ئیستا ئەوان کردوویانە، جمهووریی ئیسلامی ناتوانێ بمینێ، ئەوانیش نەزەریان ئەوەیە کە ئەگەر زەبرو زەنگەکە نەمینێ، ئەگەر ئازادی بدرێ، جمهووریی ئیسلامی نامینێ، بەنەزەری من هەردووکیان راست دەکەن، چ ئازادی بدرێ، جمهووریی ئیسلامی نامینێ، چ ئازادی نەدرێ جمهووریی ئیسلامی هەر نامینێ، بەلام خیلافەکەیان لەسەر ئەوەیە.

**پ: ئەوە مەعنای ئەوەیە کە ئیوە لە خاتەمییش نائۆمیدن؟**

و: ئیمە قەتمان ئۆمید بە خاتەمی نەبووە، تا نائۆمید بین. ئیستا خەلکی ئیران لە خاتەمی نائۆمید بوون.

**پ: ئاخر مامۆستا! ئەوەت لەبیر نەچێ کە خاتەمی بە دەنگی ٢٠ میلیۆن کەس هەلبژیراوە؟**

و: ٢٢ میلیۆنیش دەنگی دا. ئیمە رۆژی ئەوەلێ ئیمانمان بە خاتەمی نەبووە. لە ئینتخاباتیش‌دا داوامان لە خەلکی نەکرد کە بەشدار بن، بەلام خەلك تینووی ئەوە بوون یەکیك بلێ ئازادی دەدەم. ئەو ٢٢ یا ٢٠ میلیۆن دەنگە بەخاتەمی، لەواقیع‌دا نەدران بە خاتەمی، بە نەفیی ئەوی دیکە، واتە ناتیقی نووری کە مورەشیحی نیزام بوو، بۆ ئەوەی رەئی بەوی نەدەن، رەئی‌یان بە خاتەمی دا. بەلام ئەوانەی ئیستا دەنگیان پێ داوە، نزیکترین یارانی خۆی لیی پاشگەز بوونەوەو هەر ئەوەی کە جاران پییان دەگوت "خاتەمی، خاتەمی ئیقتیدار"، یانی خاتەمی دەسەلات بەکار بینە، ئیستا دەلین "خاتەمی، خاتەمی ئیستیعفا" یان مەسەلەن ئەو شوعارانەی کە دراون، یەکیکیان ئەوەیە کە "نە خامنەیی، نە خاتەمی". دیارە ئی دیکەی لەگەل دەخەن کە نامەوێ هەمووی بلیم، نەفیی هەردووکیان دەکەن. لە میژە هەر لە دۆست‌و هاوفکرەکانی خاتەمی‌دا ئەوە هاتۆتە گۆرێ کە دەلێ "عبور از خاتەمی" (تیپەرین لە خاتەمی). یانی ئەوەی کە خاتەمی دەیەویست، ئەوەمان ناوێ، لە خاتەمی تێدەپەرین، چونکە خاتەمی هیچ شتیکی زیادیی پێ نیە لەوەی جمهووریی ئیسلامی هەیەتی.

**پ: مامۆستا! بۆ ئەوەی کۆتایی بەم وتوویژە خۆشە لەگەل جەنابتدا بینم، دەمهەوێ ئاخر کەلیمەی جەنابت بزانم لەبارەی ئایندەی ئیران‌دا؟**

و: ئیمە بە ئایندەی ئیران خۆش بینین. لەسەر یەك دەمویست ئەوەی بلیم، ئیمە وەکوو ئینسانی سیاسی‌و وەکوو خەباتگیری ریگای ئازادی، ئەگەر گەشبین نەبین، ناتوانین خەبات بکەین. پیاو ئەگەر رەشبین بێ، دەچێ لە مالی خۆی دادەنیشێ، بە تەبیعەتی حالی ئیمە، گەشبین بە ئاییندە، بەلام سەرفی نەزەر لەوەش، ئیمە نیسبەت بە داهاتووی ئیرانێ زۆر گەش‌بینین. پیمان وایە رەنگە قەزیەی رۆژو حەفتەو سەعات نەبێ، بەلام قەزیەی رووخانی جمهووریی ئیسلامی، گۆران لە دەولەتی ئیران‌داو تەنانەت بەرپابوونی ئازادی‌و دیموکراسی لە ئیران‌دا قەزیەی یەك سال‌و دوو سالە نەك زیاتر. پیمان وایە لە ئایندەیەکی نزیك‌دا دەگۆرێ‌و بەرەو باشییش دەگۆرێ، چونکە ئیدی دەورانی ئەوە کە خەلك بەشیوەی جاران بتوانێ حکوومەت قبوول بکا یا حکوومەتەکان بەشیوەی جاران لەم مەنتەقەدا حکوومەت بکەن، بەسەر چووە. دیموکراسی نە تانکە، نە تۆپە، نە تەلەڤیزیۆنە، نە رادیۆیە کە لە دەرەوەرا وارید بکرێ. دیموکراسی فەرهەنگە، تەمرین‌و فیربوونە، وەختی دەوێ، بەلام ئیران بەرەو ئازادی‌و دیموکراسی دەروا، نەك بەرەو ئیستبدادو دیکتاتۆری‌یەك کە ئیستا هەمانە. ئەوە دەورانی بەسەر چووە.

**زۆر سوپاس مامۆستا، ئینشاللا ئیرانیش وای لێ بێ. . .**

---

## دوکتور مەحموود عوسمان لە کۆڕێکدا

# هەلومەرجی تازەی عیراق‌و ئەرکی کوردەکان



سەعات ١٠ی پیش نیوەرۆی پینجشەممە ١٩ی پووشپەری ١٣٨٢ ( ٢٠٠٣/٧/١٠) کۆمیسیۆنی لیکۆلینەوەو فیرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، کۆریکی بە بەشداریی سەدان کەس لە هاوریانی حیزبی بۆ کەسایەتیی سیاسیی ناوداری کورد، بەریز دوکتور مەحموود عوسمان پیك هینا.

لە سەرەتای کۆرەکەدا، هاوریی بەریز حوسینی مەدەنی ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی کۆمیسیۆنی لیکۆلینەوەو فیرکردن، بەخیرهاتنی بەریز دوکتور مەحموودی کردو سوپاسی کرد کە داوای ئەو کۆمیسیۆنەی بە مەبەستی پیشکەش کردنی باسیك لە بارەی هەلومەرجی تازەی عیراق‌و ئەرکی کوردەکان قبوول کردوە. پاشان بەریز دوکتور مەحموود لە ماوەی نزیك بە سەعاتیك‌دا رەوتی ئالوگۆرەکانی عیراقی لە دوای رووخانی حکوومەتی بەعسەوە تا ئیستا هینایە بەرباس‌و هەر لەو پیوەندی‌یەش‌دا، لە ئەرکی ئەمرۆی هیزو کەسایەتی‌یە سیاسی‌یە کوردەکان دوا.

لە دەسپیکی باسەکەدا، دوکتور مەحموود عوسمان ئاماژەی بەو هەولانە کرد کە لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا بە مەبەستی پیکهاتنی ئالوگۆر لە ئیران‌دا لە گۆرێ دان. لەو بارەوە گوتی لە سەرەتادا ئامانجی ئەو هەولانە ئەوە بوو کە لە چوارچیوەی دەسەلاتی ئیستادا، ریگە بە دیموکراسی‌و ریفۆرم لە ئیران‌دا بدرێ. ئەوان هومیدەوار بوون کە خاتەمی‌بی‌و ئالوگۆر پیك بینێ، بەلام ئیستاش بۆیان دەرکەتوە لە جیاتی ئەوەی خاتەمی گۆران لە دەسەلات‌دا پیك بینێ، دەسەلات ئەوی گۆریوەو خستوویەتە خزمەت خۆی. هەر بۆیە ئیستا ئامانجی هەولەکان، گۆرینی ئەو نیزامەیە کە ئەمرۆ لە ئیران لە سەر کارە.

بەریز دوکتور مەحموود عوسمان ویرای بە ئاواتخواستنی خەبات لە پیناوی ئازادی‌و دیموکراسی لە ئیران‌دا، هاتە سەر باسی پیوەندیی کوردەکان لە ئیران‌و عیراق. لەو بارەوە گوتی: **کوردی عیراق وەکوو میللەت هەمیشە دۆست‌و پشتیوانی حیزبی دیموکرات بوون. خەلکی کوردستانی ئیرانیش هەمیشە لە کاتی پیویست‌دا بە هاواری کوردی عیراقەوە هاتوون‌و لەو پیوەندی‌یەش‌دا حیزبی دیموکرات نەخشی سەرەکی هەبووە. پاشان باسی ئەو پیوەندییانەی کرد کە حیزبی دیموکرات بە هۆی بارودۆخی جوغرافیایی‌و هەلومەرجی تایبەتیی خەباتەوە ناچار بووە لەگەل حکوومەتی عیراق هەیبێ. لەم پیوەندی‌یەدا قامکی لە سەر خالیکی زۆر گرنگ داناو گوتی: ئەوە شانازی‌یە بۆ حیزبی دیموکرات کە سەرەرای ئەو پیوەندییانەی لەگەل حکوومەتی عیراق، هیچ کات زەرەری لە کوردی عیراق نەداوە، بۆخۆی زەرەری کردوەو ئامادە بووە قازانج‌و بەرژەوەندی خۆی فیدا بکا، بەلام قەت زیانی بە کوردەکانی عیراق نەگەیاندوە. ئەو هەموو فایلەی کە بە دوای رووخانی حکوومەتی عیراق لە ئەمن‌و موخاباراتی عیراق، دەستی خەلك‌و هیزە سیاسی‌یەکان کەوتوون، نەك هەر هیچ شتیکی نگەتیڤیان لە سەر حیزبی دیموکرات‌دا تێدا نیە، زۆر شتی پۆزەتیڤیشیان بۆ حیزبی دیموکرات تیدایە. (بەشدارانی کۆرەکە بە چەپلە لیدان، خۆشحالیی خویان لەم قسانەی بەریز دوکتور مەحموود دەربری).**

دوکتور مەحموود دواتر باسی وەزعی تازە لە عیراقی کرد و گوتی ئەو گۆرانکاری‌یانەی لە عیراق پیك هاتوون، بە نیسبەت کوردەکانەوە زۆر زیاتر بوون، کورد جگە لەوەی حکوومەتیکی زۆرداری لە کۆل بۆتەوە، تەعریبی لە کۆل بۆتەوە، وەزعیکی وای بۆ پیك هاتوە کە لە ئابلۆقەی ئیران‌و تورکیەو سووریە نەجاتی بووە. کیشەی کوردی عیراق لە کیشەیەکی ناوچەیی دەرچووەو تا رادەیەکی زۆر بووە بە کیشەیەکی نیونەتەوەیی. چونکە لەگەل ئەمریکاو بریتانیاو ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەرەفە.

هەر لە دریژەی ئەو بەشە لە باسەکەدا دوکتور گوتی: ئیمە (کوردەکانی عیراق) دوو بالمان هەیە. بالیکی نەتەوەیی، یەکیکیش عیراقی. ئیمە بەشیکین لە نەتەوەی کورد. لە هەر پارچەیەکی کوردستان کورد سەر بکەوێ، کوردی هەموو پارچەکان سوودی لێ وەردەگرن، هەر بۆیە گوتوومانە پیویستە کوردی هەموو پارچەکان پشتیوانیمان لێ بکەن‌و ئیمەش دەبێ یارمەتیی کوردی هەموو پارچەکان بدەین تا بە مافەکانی خۆیان شاد بن.

لە پیوەندی لەگەل ئەرکی کوردەکانی عیراق لە چوارچیوەی ولاتی عیراق‌دا گوتی: هەر ئالوگۆریك لە عیراق‌دا پیك بێ‌و بۆ عیراق باش بێ، کوردەکانیش سوودی لێدەبینن. هەر بۆیە دەبێ هەموو هەولی خۆیان بدەن لەو هەلومەرجە نوێ‌یەی عیراق سوود وەربگرن.

بەریز دوکتور مەحموود عوسمان یەکیەتیی میللەتی کورد لە هەلومەرجی ئیستای‌دا بە یەکیك لە ئەرکە گرنگەکان داناو گوتی: **میللەتی کورد دەبێ یەکیەتیی خۆی بپاریزێ. ئیستا بارەکە قورسترە لە جاران. ئیستا جۆری خەبات گۆراوە، ئیستا خەباتی سیاسی‌و دیپلۆماتیك دەوری بنەرەتیی هەیە. پیویستیمان بەوە هەیە چوارچیوەیەکی یەکگرتووی کوردستانی دروست بکەین کە لە چوارچیوەی تەسکی حیزبایەتی‌دا نەبێ، کەلك لە هەر کوردیك وەربگیرێ کە توانای جیبەجیکردنی ئیشەکەی هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو داوایانەی هەمانن لە نیو دەستووری داهاتووی عیراق‌دا بیچەسپینێ.**

دوکتور مەحموود عوسمان، پاش ئاماژە بە رووداوەکانی سەردەمی دامەزراندنی حکوومەتی عیراق لە ١٩٢١دا گوتی: کورد ئەوکات بەو هۆیەوە هەلویستی جیاوازی هەبوو، بەو جۆرە کە پیویست بوو مافەکانی نەچەسپاوەو غەدری لی‌کرا. ئیستا کە خەریکە جاریکی دیکە عیراق بینا دەکریتەوە، دەبێ هەول بدرێ مافەکانمان بچەسپینین. دوکتور، چوار خالی گرنگی وەك داواکانی کورد دەست نیشان کرد:

١ ـ بەشداری‌یەکی کاریگەر لە ریژیمی مەرکەزیی بەغدادا، بە جۆریك کە کوردەکان لە دەولەت‌دا پۆستی گرنگیان بە دەستەوە بێ، وەك پیشوو نەبێ کە هیندیك پۆستی لاوەکییان بدریتێ.

٢ ـ پیوەندی‌یەکی فیدرالی لە بەینی حکوومەتی مەرکەزی‌و کوردەکانی عیراق‌دا هەبێ کە پرۆژەکەی لە لایەن دوو حیزبە سەرەکی‌یەکەی کوردستان‌و حیزبە سیاسەیەکانی دیکەی کوردستانی عیراق پەسند کراوە. فیدرالی لە سەر بناغەی لامەرکەزیی سیاسی، نەك ئیداری.

٣ ـ کوردەکانی کوردستانی عیراق بتوانن بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین‌و دەولەتانی دراوسێ نەتوانن دەست لە کارو باریان وەربدەن بە تایبەتی تورکیەو ئیران.

٤ ـ ئەو مافانەی بۆ کورد دابین دەکرین، یا ئەو حەللەی بۆ کیشەی کورد لە عیراق دەبینریتەوە، زەمانەتی نیونەتەوەیی هەبێ تا لە داهاتوودا دەسەلاتی مەرکەزی نەتوانێ بیستینیتەوەو پیشیلی بکات.

دوکتور مەحموود عوسمان، پیشی لە سەر ئەو راستی‌یە داگرت کە گەیشتن بەم داوایانەو وەدەست هینانیان خەباتی زۆری دەوێ. لەو بارەوە ئیشارەی بەو کات‌و هەل‌و دەرفەتانە کرد کە لە کیس چوون. پاشان ئاماژەی بەو ناوەندو ئۆرگانانە کرد کە ئیستا بە سەر یەکەوە وەك "ئیدارەی ئینتیقالیی عیراق" ناو دەبرین. لەو بارەوە گوتی: ولاتی عیراق پیویستی بە حکوومەتیکی سەربەخۆیە. حکوومەتیکی سەربەخۆ کە ئەمریکاو بریتانیاش پشتی بگرن. ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئیمە وەکوو عیراقی دەبێ هەول بدەین عیراق سەقامگرتوویی تێدا هەبێ، وەکوو کوردیش دەبێ خەبات بکەین تا مافەکانمان بچەسپینین.

دوکتور مەحموود لە کۆبەندی باسەکەی‌دا ١ ـ یەکگرتنی سیاسی‌و ئیداری لە کوردستان‌و ٢ ـ متمانە کردن بە "میللەت"ی بە دوو ئەرکی گرنگی ریبەری‌و هیزە سیاسی‌یەکانی کورد لە کوردستانی عیراق ناو برد. گوتی **سەردەمی ئەمرۆ، سەردەمی "شفافیت"ە. سەرکردەکان‌و بریاربەدەستانی کورد نابێ هیچ شتیك لە میللەتەکەی خۆیان بشارنەوە. هەتا میللەت پتر لە کاروباریان ئاگادار بێ، پتر پشتیوانییان لێ دەکا.** بەریز دوکتور مەحموود باسی ئەوەی کرد هەر هیزیك، دەولەتیك، حیزبیك بیهەوێ بەهیز بێ، دەبێ بروای بە ١ ـ شفافیت ٢ ـ رەخنە لە خۆگرتن ٣ ـ وەلامدەربوونی سەرکردایەتی لە بەرامبەر خەلك دا و ٤ ـ دەرس وەرگرتن لە رابردوو هەبێ.

دوکتور مەحموود عوسمان لە کوتایی باسەکەی دا بە سەرنجدان بە نزیك بوونەوەی ١٣ی ژوئیە، یادی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملووی کردەوەو جاریکی دیکە بەداخبوونی خۆی لە تیرۆری ئەم کەسایەتی‌یە مەزنە دەربری.

بە دوای تەواو بوونی باسەکەی دوکتور مەحموود عوسمان‌و پیشوازیی زوری بەشداران لە قسەکانی بە چەپلە لیدان، هاوریی تیکۆشەر، عەبدوللا حەسەن‌زادە، سکرتیری گشتیی حیزب قسەی کرد. مامۆستا حەسەن‌زادە بە ئاماژە بە قسەکانی بەریز دوکتور مەحموود لە بارەی حیزبی دیموکراتەوە، دوکتوری وەك نوینەری بیروڕای گشتیی کوردستانی عیراق ناوبردو گوتی: **"ئەو جۆرە هەلسەنگاندنەی هەلویستی حیزبی دیموکرات‌وپیوەندیمان لەگەل حکوومەتی عیراق،هەر لەوکاتەدا کە بو ئیمە مایەی شانازی‌یە، پاداشیشە. سکرتیری گشتیی حیزب، گوتی ئیمە لە گەیشتنی کوردەکانی عیراق بە بەشیك لە ماف‌و ئازادی‌یەکانیان خۆشحال بووین‌و وەك کاك دوکتور باسی کرد ئارەزوو دەکەین ئەو ماف‌و ئازادی‌یانە بچەسپین. حیزبی دیموکرات، هەروا کە تا ئیستا ئامادە بووە لەو پیناوەدا فیداکاری بکا، لە داهاتووش‌دا ئامادەی فیداکاری‌یە."**

پاشان جاریکی دیکە ئەو راستی‌یەی دووپات کردەوە کە کوردەکانی عیراق نیشانیان‌دا ئەگەر دەرفەتیان بۆ برەخسێ، دەتوانن بە لیوەشاوەیی‌یەوە کاروباری خۆیان بەریوە بەرن.

هاورێ عەبدوللا حەسەن‌زادە لە دریژەی قسەکانی‌دا باسی ئەو بزووتنەوە بەهیزەی کرد کە ئیستا لە ئیران‌دا هەیەو لە زانستگەکانەوە دەستی پێکردەوە، بەلام هەموو خەلك پشتیوانی لێدەکا. لەو بارەوە پاش ئیشارە بە هیرش‌و پەلاماری هیزە سەرکوتکەرەکان بۆ سەر زانستگاکان‌و خویندکاران‌و بەردەوامیی ئەوان لە سەر خەبات دژی کۆماری ئیسلامی گوتی: **"ریژیمیك کە ئیددیعای دەکرد بەندیخانەکان دەکا بە زانستگە، زانستگەکانی کردوە بە بەندیخانە". سکرتیری گشتیی حیزب، هەولە سەرکوتکەرەکانی ریژیمی وەك پەلەقاژەو مەلەکردن بە پیچەوانەی رەوتی ئاو ناو بردو هەر ئەو خۆپیشاندان‌و هاتنە مەیدانەی خەلك لە شەوی١٨لەسەر١٩ی پووشپەردا، سەرەرای هەموو هەولو تەقەللاکانی ئەو ریژیمە، بە نیشانەی کۆلنەدانی خەلك تا رووخانی ئەو ریژیمە دانا.**

بەریز سکرتیری گشتیی حیزب یادکردنەوەی سالرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە لایەن بەریز دوکتور مەحموودەوەی بە نیشانەیەکی دیکەی نزیکیی ئەو کەسایەتی‌یە خەباتگیرو بەریزە لە حیزبی دیموکرات داناو هیواداریی دەربری سالیکی دیکە، رۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو ببیتە رۆژی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان. لە دوابەشی کۆبوونەوەدا، بەریز دوکتور مەحموود عوسمان وەلامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە.

**دەقی قسەکانی هەردوو بەریزان دوکتور مەحموود عوسمان‌و مامۆستا حەسەن‌زادە، لە سایتی "کوردستان میدیا"دا هەن.**

# به‌ڵێ بۆ یه‌کیه‌تیی‌و هاوکاریی نیوان ریکخراوه سیاسی‌یه‌کانی کوردستان

## له وه‌ڵامی "نامه‌ی سه‌رئاوه‌ڵای کۆمه‌لیك له خویندکارانی زانکۆی کوردستان"دا

**قادر وریا**

له نیوه‌راسته‌کانی پووشپه‌ری ئه‌مسالدا نووسراویك له ژیر ناوی "نامه‌ی سه‌رئاوه‌ڵای کۆمه‌لیك له خۆیندکارانی زانکۆی کوردستان بۆ ریبه‌رانی سیاسی کوردستان" به ئیمه‌یل گه‌یشته ده‌فته‌ری نوینه‌رایه‌تیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران له ده‌ره‌وه‌ی وڵات. دیاره ئه‌و به‌ریزانه نووسراوه‌که‌یان به ئیمه‌یل ناردبوو، ئادره‌سی ئیمه‌یلی خۆشیان نه‌ناردبوو، ئه‌گینا ده‌کرا هه‌ر ئه‌م وه‌ڵامه‌ی ئیستا زووترو راسته‌وخۆ به ئاگاداریيان بگه‌یه‌نرێ. ده‌قی ئه‌و نامه سه‌رئاوه‌ڵایه رۆژی ١٨ی پووشپه‌ر له رۆژنامه‌ی "جه‌ماوه‌ر" چاپی کوردستانی عیراقیشدا چاپ‌و بڵاو بۆته‌وه.

"کۆمه‌لیك له خویندکارانی زانکۆی کوردستان" له‌و نامه سه‌رئاوه‌ڵایه‌یاندا به سه‌رنجدان به "رووداوه هه‌نووکه‌یی‌یه‌کان‌و ئه‌گه‌ری شیمانه سیاسی‌یه‌کانی داهاتووی ئیران" سه‌رنجی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیران‌و سێ ریکخراوی سیاسیی دیکه‌ی کوردستان (سازمان کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران ـ کۆمه‌له، یه‌کیه‌تیی شۆرشگیرانی کوردستان‌و کۆمه‌له‌ی شۆرشگیری زه‌حمه‌تکیشانی کوردستانی ئیران)یان بۆ لای هیندیك خاڵ راکیشاوه‌و هیوایان ده‌ربریوه که چوار ریکخراوی ناوبراو "به تیگه‌یشتوویی‌و خویندنه‌وه‌ی شیاوی خۆیان‌و وردبوونه‌وه‌و رامان لییان وه‌ڵامیکی شایسته‌و به کرده‌وه‌یان پیبده‌نه‌وه‌و ئه‌وان‌و گه‌لی زۆرلیکراوی کوردیان پیدڵشاد بکه‌ن".

**پوخته‌ی ئه‌و پینج خاڵه که له نامه سه‌رئاوه‌ڵاکه‌دا هاتوون بریتین له: ١ ـ ئه‌گه‌ری پیکهاتنی ئالوگۆر له بارودۆخی نیونه‌ته‌وه‌یی، هه‌ریمی‌و نیوخۆیی‌داو پیکهاتنی هه‌لیکی میژوویی بۆ گه‌لی کوردو هه‌موو گه‌لانی ئازادیخوازی ئیران‌و مه‌رجی که‌ڵك وه‌رگرتن له‌و هه‌له ٢ ـ روانینی ره‌خنه‌گرانه له جۆری پیوه‌ندیی نیوان ریکخراوه سیاسی‌یه‌کان‌و پیشگیری له دووباره بوونه‌وه‌ی رووداوه تاڵه‌کانی ساڵانی ده‌یه‌ی ٦٠ی هه‌تاوی ٣ ـ داوای چاره‌سه‌رکردنی پاشماوه‌ی ناکۆکی‌و گیروگرفته‌کان له ریگای دیالۆگ‌و وتوویژه‌وه ٤ ـ هه‌نگاو هه‌لگرتنی هه‌رچی زووتر بۆ پیکهینانی به‌ره‌ی یه‌کگرتووی کوردستان ٥ ـ وازهینان بۆ هه‌میشه له بیرو بۆچوونه پاوانخوازی‌یه‌کان‌و ته‌سك‌بینی‌و له باتی خه‌ڵك بیرکردنه‌وه‌و سیاسه‌تی یه‌کتر وه‌لانان‌و دانانی بناغه‌ی یه‌کیه‌تی‌و هاوکارییه‌کی قایم‌و نیازچاکی‌و ریکخستنی په‌یوه‌ندی‌یه‌کی دیموکراتیك هه‌ر له ئیستاوه بۆ داهاتوو.**

بێ ئه‌وه‌ی بمانه‌وێ بزانین ئه‌وانه‌ی ئه‌م نامه‌یه‌یان نووسیوه کین‌و چه‌ند که‌سن، ئه‌م جۆره داواو چاوه‌روانی‌یانه به نیشانه‌ی دڵسۆزی‌و خه‌مخۆری له ئاست بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازیی گه‌لی کوردو داهاتووی کوردستان ده‌زانین. حیزبی دیموکرات له گرنگیدانی هه‌موو تویژه رووناکبیرو وشیاره‌کانی کوردستان به ره‌وتی رووداوه‌کان‌و هه‌وڵدانیان به مه‌به‌ستی دووپات نه‌بوونه‌وه‌ی رووداوه تاڵه‌کانی رابردوو له بزووتنه‌وه‌ی کوردستاندا و که‌ڵك وه‌رگرتنی هه‌رچی باشتر له‌و هه‌ل‌و ده‌رفه‌تانه‌ی به قازانجی گه‌له‌که‌مان‌و ئیران دینه پیش، خۆشحاڵه‌و به‌گه‌رمی پیشوازییان لیده‌کا.

ئه‌وانه‌ی له نزیکه‌وه ئاگایان له هه‌ڵویست‌و سیاسه‌ته‌کانی حیزبی دیموکرات هه‌یه، ده‌زانن که ئه‌م حیزبه به تایبه‌تی له‌م چه‌ند ساڵه‌ی دوایی‌دا که رووداو و ئالوگۆره‌کان له ئاستی ناوچه‌و ئیراندا به خیرایی ده‌چنه پیش، هه‌مووکات هه‌وڵی داوه له ئاستی ئه‌و مه‌سئوولییه‌ته گرینگه‌دا بێ که که‌وتۆته سه‌رشانی‌و، له جیهه‌تی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی به‌جێ به‌و پیویستی‌یانه‌دا هه‌نگاوی ناوه که هه‌لومه‌رجی میژوویی، به‌ره‌و رووی کردوونه‌وه.هانده‌ری حیزبی دیموکرات له گرتنه‌به‌ری هه‌وڵ‌و هه‌نگاوی به‌رپرسانه‌شدا ئه‌و راستی‌یانه‌ن که به‌شیکیان هه‌ر له‌و نامه سه‌رئاوه‌ڵایه‌دا ئاماژه‌یان پیکراوه. ئه‌و ئالوگۆرو رووداوانه‌ی له ئاستی نیونه‌ته‌وه‌یی‌و ناوچه‌و ئیراندا شاهیدیانین‌و ته‌نگیان به ده‌سه‌ڵاتداره‌تیی کۆماری ئیسلامی هه‌ڵ چینوه‌و هه‌روه‌ها ئه‌و پرسیاره که هیزو لایه‌نه سیاسی‌یه‌کان له راده‌ی کوردستان‌و ئیراندا ده‌بێ چ بکه‌ن تا ئه‌و ئالوگۆرانه له جیهه‌تی ویست‌و داخوازه بنه‌ره‌تی‌یه‌کانی خه‌ڵکی کوردستان‌و ئیراندا بچنه پیش‌و ئاکامیکی دڵخوازیان لیبکه‌ویته‌وه، له‌م هانده‌رانه بوون. ئه‌وه‌ش به جیی خۆی که حیزبی دیموکرات‌و بزووتنه‌وه‌ی کوردستان ئه‌زموونی رووخانی ریژیمی شایه‌تی‌و هاتنه سه‌رکاری کۆماری ئیسلامی‌و رووداوه‌کانی ساڵه‌کانی دواتریان هه‌یه، ئه‌زموونیك که دوو ده‌رسی گرنگی تیدان: ئه‌گه‌ر هیزه سیاسی‌و خه‌باتگیره‌کانی ئیران یه‌کگرتوو و خاوه‌نی ئامانج‌و به‌رنامه‌یه‌کی روون‌و باش بان، تاقمیکی دژی‌گه‌لی‌و کۆنه‌په‌رست وا به هاسانی نه‌یان ده‌توانی بۆ مه‌به‌ستی خۆیان ده‌ست به سه‌ر به‌رهه‌می شۆرشی پر له خه‌بات‌و خویندانی ده‌یان ساڵه‌ی گه‌لانی ئیراندا بگرن. کوردستانیش له ساڵانی دوای ئه‌و ئالوگۆره میژوویی‌یه‌ی وڵاتی ئیراندا، شاهیدی زۆر کاره‌سات‌و رووداوی ناخۆش له پیوه‌ندی نیوان ریکخراوه سیاسی‌یه‌کان‌و ره‌فتارو هه‌لسوکه‌وتی هیندیك له‌وان له‌گه‌ل خه‌ڵکدا نه‌ده‌بوو، ئه‌گه‌ر ئه‌و ریکخراوانه پیشترو له سه‌ر بنچینه‌یه‌کی دروست بناغه‌یه‌کیان بۆ هاوکاری‌و پیوه‌ندیی خۆیان‌و به‌ریوه‌بردنی کاروباری کوردستان‌و ریزگرتن له مافه‌کانی خه‌ڵك دامه‌زراندبا.

بۆ سه‌لماندنی راست‌و دروست بوونی ئه‌و ئیددیعایه له باره‌ی حیزبی دیموکراته‌وه، وه‌بیر دینینه‌وه که حیزبی ئیمه هه‌ر به هینانه گۆری پیویستیی یه‌کیه‌تی‌و هاوکاری له نیوان ریکخراوه کوردستانی‌و ئیرانی‌یه‌کانه‌وه نه‌وه‌ستاوه. جگه له‌وه‌ی زیاتر له ٥ ساله له زۆر بۆنه‌ی ره‌سمی‌و له به‌لگه‌نامه‌و په‌سندکراوه‌کانی خۆیدا به‌رده‌وام له‌و زه‌رووره‌ته دواوه‌و سه‌رنجی ریکخراو و که‌سایه‌تی‌یه سیاسی‌یه‌کانی کوردستان‌و ئیرانی بۆلای راکیشاوه، چه‌ند سالیکیشه به ئاماده‌کردنی گه‌ڵاڵه‌و پیشنیارکردنی بنچینه‌و ریوشوینه‌کانی یه‌کیه‌تی‌و هاوکاریی به کرده‌وه، و وتوویژو راگۆرینه‌وه له‌گه‌ل ریکخراوه کوردستانی‌و ئیرانی‌یه‌کان بۆ پیکهاتنی یه‌کیه‌تی‌و هاوکاری هه‌نگاو ناوه.

بۆ ئاگاداریی ئه‌و به‌ریزانه، ئاماژه به راپۆرتی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموکرات بۆ پلینۆمی هه‌شته‌می کومیته‌ی ناوه‌ندی (به‌فرانباری ٨١) ده‌که‌ین که به گویره‌ی ئه‌و راپۆرته له نیو ئه‌و ئه‌رکه گرنگانه‌دا، دووهه‌م کار که حیزب ده‌بێ له هه‌لومه‌رجی ئیستادا به زوویی هه‌نگاویان بۆ باویژێ، ریککه‌وتن له‌گه‌ل هیزه کوردستانی‌یه‌کانه. له‌و باره‌یه‌وه له راپۆرتی په‌سندکراوی پلینۆمی هه‌شته‌می کومیته‌ی ناوه‌ندی‌دا هاتوه:

**" . . . مه‌سه‌له‌یه‌کی گرنگی دیکه چالاکترکردنی پیوه‌ندیی دیالۆگ‌و وتوویژ له‌گه‌ل ریکخراوه‌کانی دیکه‌ی کوردستانی ئیرانه. جیی خۆشحالی‌یه که حیزبی ئیمه له‌گه‌ل ته‌واوی ریکخراوه‌کانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد له ئیراندا، پیوه‌ندی‌یه‌کی دۆستانه‌ی هه‌یه‌و له‌گه‌ل هیچیان ناکۆکی‌و نیوان ناخۆشیی نیه. به‌ڵام ئه‌مه ئه‌گه‌ر نه‌کریته زه‌مینه‌ی لیك نزیکبوونه‌وه‌ی زیاترو ریککه‌وتن له سه‌ر هیندێ ئامانج‌و ئوسوولی هاوبه‌ش‌و هه‌نگاونانی ویکرا بۆ وه‌دیهینانیان، به‌رهه‌میکی لیبه‌ده‌ست نایه. ریککه‌وتن له‌گه‌ل هیزه کوردستانی‌یه‌کان ده‌بێ هه‌م بناغه‌یه‌ك بۆ خه‌باتی هاوبه‌ش له پیناوی پیکهاتنی ئالوگۆر له وڵاتدا دابنێ، هه‌م ریوشوینی روون‌و جیگای په‌سندی هه‌مووان بۆ هینانه گۆری داخوازه‌کانی خه‌ڵکی کوردستانی ئیران له چوارچیوه‌ی ئیرانیکی دیموکراتی‌دا دیاری بکاو هه‌م بناخه‌یه‌ك بۆ به‌ریوه‌بردنی کاروباری ناوچه‌ی کوردستان له هه‌لومه‌رجی راگوازتن (شرایط انتقالی)دا دابریژێ. پیویسته هه‌وڵ بدرێ ئه‌و ئه‌سڵه هاوبه‌شانه ژماره‌یه‌کی چه‌ندی بکرێ زیاتر له هیزو ده‌سته‌و تاقمه سیاسی‌یه‌کان له ده‌وری خۆیان کۆبکه‌نه‌وه".** (*)

حیزبی دیموکرات له پیشه‌کیی گه‌ڵاڵه‌یه‌کیش‌دا که به مه‌به‌ستی هاوکاری له نیوان ریکخراوه کوردستانی‌یه‌کان له چه‌ند ساڵ له‌وه پیشتر ئاماده‌ی کردوه‌و دواجار له ریبه‌ندانی ١٣٨٠دا (ساڵ‌و نیویك به‌ر له ئیستا) چاوی پیدا خشاندۆته‌وه، ئه‌م خاڵانه‌ی "به‌شیك له خویندکارانی زانکۆی کوردستان" له نامه سه‌رئاوه‌ڵاکه‌یاندا به دروستی قامکیان له سه‌ر داناون، هیناوه‌ته به‌رباس. هه‌ربۆیه له‌ویدا گوتوویه‌تی:

**"گومان له‌وه‌دا نیه که حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌و ریکخراوه سیاسی‌یه‌کانی دیکه‌ی کورد هه‌م ئیستا له به‌ریوه‌بردن‌و رینیشاندانی بزووتنه‌وه‌ی خه‌ڵکدا ئه‌رکیکی قورسیان له سه‌ر شانه‌و هه‌م له کاتی پیکهاتنی ئالوگۆر له کوردستان‌و سه‌رانسه‌ری ئیراندا ریزه ئه‌رکیکی قورستریان له به‌ریوه‌بردنی کاروباری کوردستان‌و پاراستنی ئه‌منییه‌تی ناوچه‌که‌دا ده‌که‌ویته ئه‌ستۆ".** له‌و گه‌ڵاڵه‌یه‌دا هاتوه: بۆ ئه‌وه‌ی هیزه سیاسی‌یه‌کانی کوردستان ئه‌زموونه‌کانی کوردستان که به داخه‌وه بیره‌وه‌ریی تالیان لێ به‌جێماوه، دووپات نه‌که‌نه‌وه، **"پیویسته هه‌ر له ئیستاوه ریزه هاوکاری‌یه‌ك له نیو خۆیاندا ده‌ست پیبکه‌ن‌و ئوسوولیك بۆ به‌ریوه‌بردنی کاروباری ناوچه له داهاتوودا په‌سند بکه‌ن که هه‌موو لایه‌ك پییان پابه‌ند بن‌و له چه‌سپاندنیاندا هاوکاری بکه‌ن".**

گه‌ڵاڵه‌ی پیشنیار کراوی حیزبی دیموکرات بۆ هاوکاری، دوو قۆناغی بۆ ئه‌و هاوکاری‌یه ناو بردوه، پیش پیکهاتنی ئالوگۆر له سیستمی حکوومه‌تی‌داو دوای پیکهاتنی ئالوگۆر له سیستمی حکوومه‌تی‌دا. بۆ هه‌ر قۆناغیکیش کۆمه‌لیك له‌و هاوکاری‌یانه‌ی پیویسته له به‌ینی ریکخراوه سیاسی‌یه‌کانی کوردستاندا هه‌بن، ناو بردوون. به‌ر له‌وه‌ش که ئه‌رکه‌کان‌و جۆری هاوکاری‌یه‌کان له هه‌ر قۆناغدا روون بکاته‌وه، به‌م جۆره له‌و چاوه‌روانی‌یه به هه‌قه دواوه که خه‌ڵکی کوردستان له ریکخراوه سیاسی‌یه‌کانی کوردستانیان هه‌یه:

**"حیزبی دیموکرات‌و ئه‌و ریکخراوه سیاسی‌یانه‌ی کوردستان که هه‌رکام به نۆره‌ی خۆیان قوربانییان له پیناوی ئامانجه‌کانی خه‌ڵکی کوردستاندا داوه‌و کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك چاوه‌روانییان لییان هه‌یه، ناتوانن له دووره‌وه سه‌یری رووداوه‌کان بکه‌ن، به‌ڵکوو ده‌بێ تیبکۆشن نه‌خشیان له ریبه‌ری کردنی خه‌بات‌و به‌ربه‌ره‌کانیی خه‌ڵك له هه‌ماهه‌نگ کردنی بزووتنه‌وه‌ی کوردستان‌و بزووتنه‌وه‌ی سه‌رانسه‌ریی ئیران‌و سه‌ره‌نجام له پیکهینان‌و زووتر پیکهینانی ئالوگۆردا هه‌بێ. له به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌رکه‌وتوه که هه‌ر چه‌شنه نزیك بوونه‌وه‌یه‌کی ئه‌م هیزانه ده‌بیته مایه‌ی خۆشحالیی خه‌ڵکی کوردستان، پیویسته له‌گه‌ل پاراستنی سه‌ربه‌خۆیی سیاسی‌و ته‌شکیلاتیی خۆیان هه‌وڵ بده‌ن چه‌ندی بکرێ دروشمی هاوبه‌ش‌و سیاسه‌تی هاوبه‌ش بدۆزنه‌وه‌و به یه‌ك زمان روو بکه‌نه کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی کوردستان‌و سه‌رانسه‌ری ئیران".**

بۆیه به دلنیایی‌یه‌وه ده‌توانین بلیین حیزبی ئیمه نه‌ك هه‌ر پیویستی لیك نزیکبوونه‌وه‌ی هه‌رچی زیاترو هاوکاریی نیوان ریکخراوه سیاسی‌یه‌کانی کوردستانی به باشی‌و له‌میژه هه‌ست پیکردوه، به‌ڵکوو له هه‌نگاونان بۆ هاتنه‌دیی ئه‌و پیویستی‌یه‌ش ده‌ست پیشخه‌ر بووه. قه‌تیش هه‌وڵی نه‌داوه هه‌وڵ‌و تیکۆشانی خۆی له‌م بواره‌دا بکا به هه‌وینی ته‌بلیغات‌و بازارگه‌رمیی پیوه‌ربخا. بۆ ئیمه ئه‌سڵ‌و ئه‌ساس هه‌وڵدان‌و کارکردن بۆ وه‌ڵامدانه‌وه به‌و پیویستی‌یه میژوویی‌یه به دوور له هه‌راو هووریای ته‌بلیغاتی بووه.

به‌ڵام حه‌ز ده‌که‌ین ئه‌وه‌ش بلیین له هاوکاری‌و یه‌کیه‌تیی نیوان ریکخراوه سیاسی‌یه‌کانی کوردستاندا، بناخه‌کانی یه‌کگرتن‌و هاوکاری‌و خه‌باتی هاوبه‌ش‌و ئه‌و ئامانجانه‌ی هاوکاریی ریکخراوه سیاسی‌یه‌کانیان له پیناوی‌دا پیك دێ، له پله‌ی یه‌که‌می گرنگی دان. ئه‌وه که ئه‌و یه‌کیه‌تی‌و هاوکاری‌یه چ ناویکی له سه‌ر دابنرێ، با بمینیته‌وه بۆ دوای ساخبوونه‌وه‌ی ریکخراوه‌کان له سه‌ر ئامانجه‌کانی یه‌کگرتن‌و هاوکاری‌و ریوشوین‌و بناغه‌کانی ئه‌و لیك نزیکبوونه‌وه‌یه. ناکرێ به‌رزترین‌و گرینگترین جۆرو شیوه‌ی یه‌کگرتن‌و هاوکاری بۆ وینه پیکهینانی به‌ره‌ی کوردستان بکرێ به ئامانج، به‌ڵام ریوشوینی هاوکاری، میکانیزمی کاری به کۆمه‌ڵ‌و پیوه‌ندیی نیوان ریکخراوه‌کان‌و وه‌زعییه‌تی هه‌رکام له‌وان به روونی دیاری نه‌کرابێ. با هه‌موو لایه‌کمان کار بکه‌ین بۆ لیك نزیکبوونه‌وه‌ی زیاتر، بۆ دانانی باشترین بناغه بۆ هاوکاری‌و پیوه‌ندیی دیموکراتیك، بۆ دیاریکردنی ئه‌و ئه‌سڵ‌و ئامانجه هاوبه‌شانه‌ی ژماره‌یه‌کی هه‌رچی زیاتر له هیزو تاقم‌و که‌سایه‌تی‌یه سیاسی‌یه‌کان لیك کۆده‌که‌نه‌وه. گرنگ ئه‌وه نیه ئه‌وه‌ی هیزه‌کانی ئۆپۆزیسیۆن له ده‌وری خۆی کۆده‌کاته‌وه که‌نگێ پیك دێ‌و چ ناویکی له سه‌ر داده‌نرێ، گرنگتر ئه‌وه‌یه هاوکاری‌یه‌که چه‌نده کاریگه‌رو چه‌نده دریژخایه‌ن بێ.

ئیمه هیواداری‌ن‌و هه‌ر له‌و کاته‌شدا به نۆره‌ی خۆمان به جیددی هه‌وڵ ده‌ده‌ین تا چاوه‌روانیی به جیی خه‌ڵکی کوردستان به گشتی‌و به تایبه‌تی رووناکبیرانی خه‌باتگیرو دڵسۆزی گه‌له‌که‌مان له ریکخراوه‌کانی کوردستان له‌م هه‌لومه‌رجه‌دا بیته دی. پیشمان وایه گه‌له‌که‌مان له رابردوودا زیانی زۆری له بایه‌خنه‌دانی هیندیك له ریکخراوه سیاسی‌یه‌کان به پیویستیی میژوویی‌و خۆبه زلزانینی بێ جێ‌و نه‌ناسینی راستی‌یه‌کانی نیو کۆمه‌ڵ‌و ته‌سك بینی‌و له جیاتی خه‌ڵك بیرکردنه‌وه‌و مل رانه‌کیشان بۆ سه‌ره‌تاییترین ئوسووڵ‌و ریوشوینی دیموکراتیك دیوه. پیشگیری له دووپاتبوونه‌وه‌ی ئه‌و زیان‌و خه‌سارانه‌و دابین کردنی دوارۆژیکی باشتر بۆ خه‌ڵکی کوردستانیش له گره‌وی یه‌کیه‌تی‌و هاوکاریی ریکخراوه سیاسی‌یه‌کانی کوردستان‌و خۆبواردنیان له دووپاتکردنه‌وه‌ی هه‌له‌کانی رابردوودا ده‌بینین.

(*) ـ رۆژنامه‌ی کوردستان ژماره ٣٥٨، ١٥ی ریبه‌ندانی ١٣٨١

## کۆچی دوایی مه‌شه‌دی سه‌فه‌ر عه‌لی باقری

### پیشمه‌رگه‌ی دیرینی حیزب

ئیواره‌ی رۆژی هه‌ینی ١٣٨٢/٤/٢٠ی هه‌تاوی "مه‌شه‌دی سه‌فه‌ر عه‌لی باقری" کوری "که‌ربه‌لا حوسین"، پیشمه‌رگه‌ی دیرین‌و ئازه‌ری زه‌مانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، پاش چه‌ندین ساڵ به‌ربه‌ره‌کانیی به‌رده‌وام له‌گه‌ل کۆماری ئیسلامیی ئیران‌و هه‌روه‌ها به‌ربه‌ره‌کانی له‌گه‌ل نه‌خۆشی‌یه‌کی قورس، سه‌ره‌نجام به‌داخه‌وه کۆچی دوایی کردو تیکه‌ڵ به کاروانی شه‌هیدانی هه‌رگیز نه‌مری کوردستان بوو.

سه‌فه‌ر عه‌لی باقری ساڵی ١٣٠٢ی هه‌تاوی له گوندی "دۆله‌مه" سه‌ر به شاری ورمێ له دایك بوو، هه‌ر له منالییه‌وه له‌گه‌ل کورده‌کانی ناوچه‌ی ورمێ‌و شنۆ تیکه‌ڵاوی هه‌بووه. له سه‌ره‌تای شۆرشی گه‌لانی ئیراندا هاته ریزی تیکۆشه‌رانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران. له ساڵی ١٣٥٨ی هه‌تاوی‌دا که شه‌ری داسه‌پاوی ریژیمی کۆماری ئیسلامی دژی گه‌لی کورد ده‌ستی پیکرد، گوندی "دۆله‌مه"ش هه‌روه‌ك سه‌رجه‌م ناوچه‌کانی‌تری کوردستان یه‌کیك له‌و گوندانه بوو که که‌وته به‌ر هیرشی چه‌که ویرانکه‌ره‌کانی ریژیم، له ئاکامی ئه‌و هیرشه‌دا بۆ سه‌ر گوندی "دۆله‌مه" هاوسه‌ری مه‌شه‌دی سه‌فه‌رو کوریکی به ناوی "ره‌شید باقری" تا ئاخرین فیشه‌ك به‌ربه‌ره‌کانییان له‌گه‌ل هیزه‌کانی ریژیم کردو به‌داخه‌وه شه‌هید بوون. پاشان خوینریژانی کۆماری ئیسلامی هیرشیان کرده سه‌ر بنه‌ماڵه‌ی "مه‌شه‌دی سه‌فه‌ر"و ٧ که‌س که سێ که‌سیان منال بوون به شیوه‌یه‌کی زۆر ناجوامیرانه قه‌تل‌وعام کران. مه‌شه‌دی سه‌فه‌ر دوو کوری دیکه‌ی له هیزی "شه‌هید سمکۆ"ی ئه‌وکاتی شنۆدا پیشمه‌رگه بوون. له پاییزی ١٣٥٩دا کوریکی قاره‌مانی به ناوی "فه‌رزه‌نده باقری" که فه‌رمانده‌ی یه‌کیك له لکه‌کانی هیزی شه‌هید سمکۆ بوو به ده‌ستی جاشه‌کانی ناوچه‌ی ده‌شته بیلی شنۆ شه‌هید کرا.

مه‌شه‌دی سه‌فه‌ر تا ئه‌وکاته‌ی کۆچی دوایی کرد له‌گه‌ل ئه‌وه‌دا که ئاشقی ئازادی‌و سه‌ربه‌خۆیی ئیران‌و وه‌دیهاتنی مافه‌کانی گه‌لی کورد بوو، به‌رده‌وام له خزمه‌ت حیزب‌و گه‌ل‌و نیشتماندا بوو، به‌ڵام به‌داخه‌وه مه‌رگ له‌وه زیاتر ئیزنی پینه‌دا له خزمه‌ت وڵات‌و بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازیی کوردستاندا بێ‌و به چاوی خۆی ئازادیی وڵاته‌که‌ی ببینێ.

**ده‌سته‌ی نووسه‌ران‌و کارگیرانی "کوردستان" ویرای ناوه‌ندی ٣ی کوردستان سه‌ره‌خۆشی ئاراسته‌ی که‌س‌و کارو خه‌ڵکی گوندی "دۆله‌مه‌ی گه‌لیی قاسملوو"و سه‌رجه‌م خه‌ڵکی کوردستان ده‌که‌ن.**

**رۆحی شادو ریگای پر ریبوار بێ.**

# راپەرینی خویندکاری ـ جەماوەریی جۆزەردانو پووشپەری ٨٢، تایبەتمەندیو خالە لاوازەکانی

عیرفان رەهنموون

راپەرینی خویندکاری ـ جەماوەریی جۆزەردانو پووشپەری ١٣٨٢ لە زۆر رووەوە بە خالیکی وەرچەرخانی مەزن لە میژووی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئیراندا لە قەلەم دەدریّ، چونکە ئەم راپەرینە لە رەوتی روو لە گەشەی خەباتی دیموکراسیخوازانەی گەلانی ئیراندا لە حالەتی پاسیڤبوونو بەرگرییەوە گۆردرا بۆ حالەتیکی چالاكو هیرشبەرانەو بە هینانە مەیدانی لاوە ناخویندکارەکان ـ بە تایبەت قوتابییان ـ بۆ گۆرەپانی خەباتی سیاسی بە ئامانجی رزگاریو ئازادی، بووە مزگینیدەری کازیوەی رابوونی میلیۆنیی کۆمەلانی بەشمەینەتی خەلك بۆ ململانی لەگەل ریژیمی ئەهریمەنیی ویلایەتی فەقیهدا.

نارەزایەتی نیشاندانی دەیان خویندکاری زانکۆی تاران دژی تایبەتیکردنی زانکۆکان کە بۆخۆی ماهییەتیکی سەندیکایی هەبوو، لە پراو لە ماوەیەکی کورتدا گۆردرا بۆ ریپیوانیکی بەشکۆ بە دروشمی سیاسیو پیکهاتە شکینەوە.ئەم راپەرینە برووسکەئاسا گەیشتە زۆربەی زانکۆکانی ولاتو ئەم تەقینەوە مەزنە تەنیا بە زانکۆکانەوە نەوەستا، بەلکوو گەیشتە دەرەوەی زانکۆو بریك لە کۆمەلانی خەلك، بە تایبەتی لاوانی قوتابی بە ریکخستنی ئاپوورەی پچرپچرو کاتی، هاتنە گۆرەپانی ئەم نەبەردەو دلیرانەیەو شەری دەستەویەخە لە نیوان شەوپەرستان ئازادیخوازانی سەرانسەری ولاتدا دەستی پیّکرد. ئەم نەبەردە ئەهوورایییە، فەرمانرەوایانی ریژیمی وەلەرزە خستو ئەوانیش بە شیوەیەکی بەرین، پەردەیان لە سەر وەحشیگەریو ملهوریی خۆیان هەلدایەوەو وەکوو پیشەی هەمیشەییان هیزە سەرکوتکەرو تیرۆریستەکانی خۆیان بەردایە گیانی خویندکارانو لاوانی ولاتەکەمان تا بە خەیالی خاوی خۆیان بە پیشاندانی توندوتیژیی نامرۆڤانەو بەکارهینانی قەمە، زنجیر، چەقۆو باتۆم، خەلکی ئازادیخوازو عەدالەتویستی ولاتەکەمان چاوترسین بکەنو ببنە هۆی پاشگەزبوونەوەیان لە ئامانجە رەواکانیان.

ئەگەر چاویك بەسەر رووداوەکانی ئەم راپەرینەدا بخشینین، دەتوانین تایبەتمەندییە بەرجەستەو سەرەکییەکانی ئەم بزووتنەوە پیکهاتە شکینە بەم شیوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١ ـ بۆ هەمووان ئاشکرا بوو کە نارەزایەتی بەرتەسكو سەندیکایی خویندکاران بە خیراییەکی سەرسوورهینەر گۆردرا بۆ راپەرینیکی مەزن. ئەم پرۆسەیە تەعبیر لەوە دەکات کە زانکۆکانی ئیران وەك دەنگی هاواری کۆمەلانی خەلکی ئیران بووە بە بۆشکەیەك بارووتو بچووکترین پزیسکیك دەتوانیّ تەقینەوەیەکی گەورەی لیّدروست بکا.

٢ ـ دروشمەکانی ئەم راپەرینە، دروشم گەلیك بوون دژی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیداو خەلکی راپەریو، خوازیاری وەدیهاتنی ئالوگۆری ریشەییو بنەرەتی بوون لە پیکهاتەی دەسەلاتدا، بە کورتی رووخانی ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە ریزی پیشەوەی دروشمەکانی ئەم راپەرینە شکۆدارەدا بوو.

٣ ـ لاوان لەم راپەرینەدا رۆلیکی بەرچاو و حاشاهەلنەگریان گیراو بە وزەو چالاکییەکی بیّوینەوە رژانە شەقامەکان بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەل ریژیمی سەرەرۆی کۆماری ئیسلامیی ئیراندا.

٤ ـ گەلانی بندەستی ئیران لەم راپەرینەدا بە شیوەیەکی بەرین بەشدارییان کردو جیا لە هاودەنگی لەگەل بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە سەرانسەری ولاتدا، ویستە نەتەوایەتییەکانی خۆشیان هینایە گۆریّ کە ئەم هۆکارە خیراییەکی زیاتری بە خەباتی خەلکی ئیرانو رەوتی دیموکراتیزاسیۆن لە ئیراندا بەخشی.

٥ ـ ئەم راپەرینە لە شیوەگەلی جۆراوجۆری خەبات کەلکی وەرگرت کە بریتی بوون لە ریپیوان لە ناوەوەو دەرەوەی زانکۆکان، ناوەوەو دەرەوەی ولاتو مانگرتن لە خۆراكو. . . هتد.

٦ ـ ئەم راپەرینە بووە هۆی درووستبوونی کەلین لە نیوان هیزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم بە تایبەت لە نیوان هیزە ئینتیزامییەکانو تیرۆریستەکانی ئەنساری حیزبوللا. ئەم ناکۆکییە بووە هۆی ئەوە کە هەندیّ لە پرسونیلی بە شەرەفی هیزە ئینتیزامییەکان مل رانەکیشن بۆ فەرمانی ئۆرگانی سەرەوەی خۆیانو تەنانەت لەگەل کۆمەلانی خەلکدا هاوکاری بکەن.

٧ ـ ئەم راپەرینە بە پیچەوانەی راپەرینەکانی دیکەوە بە شیوەیەکی بەرین لە راگەیەنە گشتییەکانی جیهاندا دەنگی دایەوەو بووە هۆی ئەوە کە بیروړای گشتیی خەلکی ئازادیخوازیی جیهان هاوپیوەندیی خۆیان لەگەل خەباتی ئازادیخوازانەی خویندکارانو خەلکی بەشخوراوی ولاتەکەمان، پیشان بدەن.

راپەرینی خویندکاری ـ جەماوەریی جۆزەردانو پووشپەری ٨٢، دەسکەوتی زۆری هەبوو کە گرنگترینی ئەو دەسکەوتانە بریتین بوو لە پەیوەستبوونی کۆمەلیك لە لاوانی ولاتەکەمان بەم راپەرینە شکۆدارەوە.

جیگای باسە ئەم راپەرینە لەگەل ئەو هەموو خالە بەهیزانەدا هەندیّ کەموکوریو لاوازیشی پیوە دیار بوون کە گرنگترینیان لەم خالانەی خوارەوەدا کورت دەکرینەوە:

١ ـ نەبوونی ریبەریو ریکخستنی سیستماتیك

٢ ـ چاوەروانی زیاد لە ئەندازەی خەلك لە بزووتنەوەی خویندکاری

٣ ـ نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ هاودەنگیو هاوکاریو بەهیزکردنی ئەو راپەرینە

ئەگەر بە خیرایی چاویّ بە میژووی خەباتی سیاسی لە هەموو جیهاندا بخشینین، هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی ـ سیاسی بەدی ناکەین کە توانیبیتی بەبیّ ریکخستنیکی ئامانجدارو بەبیّ سیستمیکی ریبەری بە ویستو داخوازییەکانی خۆی بگا. هەرچەند کە بزووتنەوەی خویندکاری پیشەنگی بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلانی ئیرانە، بەلام دەبیّ ئەوەش بزانین کە هیزی سەرەکیی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازیی گەلانی ئیران، تەواوی چینو تویژەکانی کۆمەلگای ئیرانو نابیّ چاوەروانی ئەوە بین کە بزووتنەوەی خویندکاری بە تەنیایی بتوانیّ هەرەس بەم ریژیمە سەرەرۆیە بینیّ.

یەکیك لە خالە لاوازەکانی راپەرینی جۆزەردانو پووشپەری ٨٢، ئەوە بوو کە زۆربەی خەلك بە شیوەی راستەوخۆو چالاكو ریکخراو تیکەل بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خویندکاران نەبوونو ئەم هۆکارە بووە هۆی ئەوە خۆپیشاندانەکان شیوەو فۆرمی دوورگەگەلیکی دوور لە یەك بەخۆوە بگرن. روونو ئاشکرایە کە بەبیّ پیوەندییەکی بەرینو دینامیکی لە نیوان بزووتنەوەی خویندکاریو کۆمەلانی خەلکدا، خەونی وەدیهاتنی ویستو داخوازییەکانی خویندکاران بۆ رووخاندنی کۆلەکەکانی سەرەرۆیی، زیاتر وەك تراویلکەیەك خۆی دەنوینیّ. لە لایەکی دیکەوە نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش لە نیوان ئۆپۆزیسیۆندا بۆ هاوهەنگاویو هاودەنگیو بەهیزکردنی بزووتنەوەی خویندکاری ـ جەماوەریی جۆزەردانو پووشپەری ٨٢ لەو کەموکورییە بەرچاوانە بوو کە کاریگەریی نیگەتیڤی لە سەر راپەرینەکان دانا. ئۆپۆزیسیۆنی ریژیم نە تەنیا نەیتوانی بە شیوەیەکی بەرچاو ئەم راپەرینە بەهیز بکا، بەلکوو هەندیّ لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیران لە کردەوەدا زیاتر بیریان لەوە دەکردەوە کە سواری شەپۆلەکان بنو خۆیان وەك ریبەری جوولانەوە بە سەر ئەو بزووتنەوەیەدا بسەپینن. ناکریّ ئۆپۆزیسیۆنی ریژیم خەلك بۆ یەکیەتیو هاوپیوەندی بانگهیشتن بکا، لە کاتیکدا خۆی لیوانلیو بیّ لە ناکۆکیو ناتەبایی. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی ریژیمی کۆماری ئیسلامی بیەویّ بزووتنەوە بەرهەلستکارییەکانی نیوخۆی ولات ریك بخا، پیش هەموو شتیّ پیویستە کە زۆربەی ئەو هیزو لایەنانەی کە باوەریکی قوولیان بە دیموکراسی، خەلك سالاری، دادپەروەریی کۆمەلایەتیو مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی بندەستی ئیران هەیە، لە ژیر چەتری پلاتفۆرمیکی هاوبەشدا کۆبنەوە تا بە شیوەیەکی چالاكو کاریگەر بزووتنەوە پیکهاتە شکینەکانی نیوخۆی ولات ریبەری بکەن، یان لانیکەم رۆلی خۆیان لە بەهیزکردنیدا بگیرن.

بزووتنەوەی خویندکاری ـ جەماوەریی جۆزەردانو پووشپەری ٨٢ لە زۆر رووەوە بە خالیکی وەرچەرخانو گرنگ لە خەباتی کۆمەلانی خەلك دژی سەرەرۆیی مەزهەبی لە ئیراندا لە قەلەم دەدریّ. ئەگەر بمانەویّ لە جوولانەوەی پیکهاتە شکینی خویندکارانو کۆمەلانی خەلکی ولاتەکەمان دەرەنجامی زیاترو باشتر وەدەست بینین، دەبیّ بە بەرنامەریژییەکی زانستییەوە خالە لاوازو نیگەتیڤەکانی ئەم جوولانەوە چارەسەر بکرینو تیّکۆشین کە خالە بەهیزەکانی بەهیزتر بکەین. تەنیا لەوەها پرۆسەیەك دایە کە دەتوانین بە وەدیهاتنی ئالوگۆری بنەرەتی لە ئیراندا هیوادار بین.

## چەند هەواڵ

### مەهاباد

**خۆپیشاندان بەبۆنەی ١٨ی پووشپەرەوە**

ئیوارەی رۆژی چوارشەممۆ (١٨ی پووشپەر) بەبۆنەی سالرۆژی رووداوی کوی زانستگەی تاران (١٨ی پووشپەری ٧٨) خۆپیشاندانو ریپیوانیکی بەرین بەهۆی لاوانو خەلکی شاری مەهابادەوە بەریوە چوو. ریپیوانەکە لە یەکیك لە مەیدانەکانی رۆژئاوای شارەوە دەستی پیّ کردو بەخیرایی چوارریانی مەولەویو پاشان شەقامو چوارریانی ئازادیشی گرتەوە. ئەو خۆپیشاندانە لە کاتی رۆژئاوابووندا بەرەو مەیدانی مەلا جامی کشا. لەو حەرەکەتە ئیعترازییەدا کە بەبۆنەی ١٨ی پووشپەرو بە پشتیوانی لە خویندکاران بەریوەچوو، گەلیك دروشمی دژی ریژیمو ریبەرانی هاتنە گۆرو دروشمی ئازادیی زیندانییە سیاسییەکانو بەتایبەت خویندکارە گیراوەکان دەگوترایەوە. ئەو خۆپیشاندانە لەگەلّ سەرکوتی هیزەکانی ریژیم بەرەوروو بوو، بەلام خەلكو خۆپیشاندەرانیش بەرەنگاریان بوونەوەو لە بەرامبەریاندا راوەستان. خۆپیشاندانەکە پاش چەند سەعات دریژەکیشان کۆتایی پیّهات.

### هەورامان

بە پیی هەوالیك کە بە رۆژنامەی "کوردستان" گەیشتوە، کچە خویندکاریکی کورد خەلکی ناوچەی هەورامان لە کوردستانی ئیران بە ناوی "ئەفسانەی بەهیشتی" دوای ئەوەی کە تەلەویزیونی ئیران وەك خویندکاریك وتوویژی لەگەلّ کردوەو راوبۆچوونەکانی سەبارەت بە ریپیوانو حەرەکەتە ئیعترازییەکانی ئەم دوایانەی خویندکاران بلاوکردۆتەوە، بۆ رۆژی دواتر رفیندراوەو بیّسەروشوین کراوە کە تا ئیستاش چارەنووسی روون نیە.

گوتراوە کە ئەفسانەی بەهیشتی خەلکی "شوشمیی" ناوچەی هەورامانە.

### کوردستانی عیراق

**پشتیوانیی خویندکارانو لاوانی ئاوارەی کورد لە بزووتنەوەی خویندکاری**

کاتژمیر ٧ی دوانیوەرۆی رۆژی یەکشەممە، ١٥ی پووشپەری ١٣٨٢ی هەتاوی، سەدان کەس لە خویندکارانو قوتابیانی کوردی ئیرانی نیشتەجیی کوردستانی عیراق، لە ریپیوانیکی ئارامدا پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی خویندکاریو خەباتی خەلکی ولاتەکەمان بەدژی ریژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئیران دەربری.

ریپیوانەکە لە یەکیك لە کەمپەکانی بنەمالە کوردە ئیرانییەکانی دانیشتووی شاری کۆیەوە دەستی پیّ کردو تا یەکیکی دیکە لە بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دریژەی کیشا.

خویندکاران لەو ریپیوانەدا، پلاکاردگەلیکیان بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرز کردبۆوە کە ئەو دروشمانەیان لەسەر نووسرابوون:

ـ خویندکارانو لاوانی کوردستان، دوو رووداوی ٢٢ی پووشپەر، سالرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو رووداوی ١٨ی پووشپەر بە یەکەوە گریّ بدەن.

ـ خویندکارانو لاوانی شۆرشگیر! پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئیوە دەکەن

ـ خویندکارانو لاوانی ئازادیخواز، لەگەلّ ئیوە هاودلّو هاوفکرین

ـ سەرکەویّ بزووتنەوەی دیموکراسیو ئازادیخوازانە لە سەرانسەری ئیراندا

ـ خەلکی شۆرشگیری کوردستان! پشتیوانی لە رۆلە خویندکارەکانتان بکەنو بەشداری بزووتنەوەکەیان بن

ـ بروخیّ ریژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئیران

ـ سەرکەویّ خەباتی ئازادیخوازانەی خویندکارانو لاوانی ئیران

لە کۆتایی ئەو ریپیوانەدا دوای خویندنەوەی سروودی "یار دبستانی من" بریارنامەیەك بەو بۆنەوە خویندرایەوە، لە بەشیکی دیکەی مەراسیمەکەدا لەلایەن هونەرمەندانی کۆری هونەریی حیزبەوە چەند سروودیکی شۆرشگیرانە پیشکەش کران. ئەو کۆبوونەوەیە کاتژمیر ٨:٣٠ی ئیوارە کۆتایی پیّهات.

**پشتیوانیخویندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە بزووتنەوەی خویندکاری لە ئیراندا**

کاتژمیر ١٠ی سەرلە بەیانی رۆژی چوارشەممە ١٨ی پووشپەری ١٣٨٢ی هەتاوی، بەشیکی بەرچاو لە خویندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولیری کوردستانی عیراق، بە مەبەستی دەربرینی پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆیان لە بزووتنەوەی خویندکاری لە ئیراندا بە تایبەت خویندکارانی کوردستانی ئیران، ریپیوانیکیان لەو شارە وەریّ خست.

ئەو ریپیوانە لە شەقامی عەنکاوەی ئەو شارەوە دەستی پیکردو تا بەردەم بنکەی تیکۆشانە نیزامیو مەدەنییەکانی هاوپەیمانان CMOC بەردەوام بوو، خۆپیشاندەران کاتژمیر ١١ی بەیانی گەیشتنە بەردەرگای بنکەی CMOCوەدەستیان کرد بە دانی دروشم گەلیك بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئیران کە دروشمەکان بریتیبوون لە: "زیندانیی سیاسی دەبیّ ئازاد بکریّ"، "پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خویندکارانی ئیران دەکەین"و" خویندکاری ئیرانی پشتیوانیت لیدەکەین".

لە دریژەی ئەو ریپیوانەدا ٢ کەس لە خویندکارەکان بە نوینەرایەتیی لە لایەن بەشدارانەوە چاویان بە بەرپرسانی CMOC کەوت. لەو چاوپیکەوتنەدا باسی ئەو ستەمە نەتەوایەتییە کرا کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەرهەق بە خەلکی کوردستانی ئیران بەریوە دەبریّ. هەروەها داواکرا کە بە دژی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لە بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد بکەن. دوای پیشکەشکردنی دەقی بریارنامەی کۆتایی ریپیوانەکە بە بەرپرسانی CMOC، ریپیوانەکە بەرەو بنکەی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دریژە پیّدراو لە نزیك بنکەی un پەنابەرانی کوردی ئیرانیی دانیشتووی شاری هەولیریش تیکەلّ بەو حەرەکەتە بوونو هەموو یەکدەنگ خوازیاری ئازادیی زیندانییانی سیاسی لە ئیراندا بوونو بە شیوەیەکی بەربلاو پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی خویندکاری بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئیران راگەیاند.

لە دریژەی ئەو ریپیوانەدا ٢ کەس بە نوینەرایەتی لە لایەن بەشدارانەوە توانیان چاویان بە بەرپرسانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولیر بکەویّ. لەو چاوپیکەوتنەدا راپۆرتیك لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەلکی ئیران پیشکەش بە بەرپرسانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کراو داوایان لی کرا هەرچی زیاتر فشار بۆ کۆماری ئیسلامیی ئیران بینن تا زیندانییانی سیاسی بەگشتیو زیندانییانی حەرەکەتە ئیعترازییەکانی ئەم دوایانە ئازاد بکا. ئەوان بە ئاماژە کردن بە دەستگیرکردنی هەزاران خویندکارو مەترسیی ئیعدام کردنی دەیان کەس لەو گیراوانەو هەروەها بە نیسبەتی پیشیلکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران، داوایان لە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە هەنگاوی جیددی هەلّبیننەوەو چیتر ئیزنی ئەوە نەدەن کە گەلی ١٠ میلیۆنیی کورد لە کوردستانی ئیراندا لەوە زیاتر بچەوسینریتەوە.

لە کۆتایی ئەو چاوپیکەوتنەدا بریارنامەی کۆتایی ئەو ریپیوانە پیشکەش بە بەرپرسانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کراو لە بەرامبەردا ئەوانیش بەلینیان دا کە ئەو ویستو داخوازییانەیان بە بەرپرسانی سەرەوەتر تەنانەت شەخسی "کوفی عەنان" بەرپرسی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بگەیەنن.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکراتو پیشکەوتووەکانی ئیران تیّبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 369    22 July 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕاوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## "دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرنو شۆڕشگێڕێکی دیمۆکرات"


لەبەرەبەری چاردەیەمین ساڵرۆژی تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملووی نەمردا، کتێبی "دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرنو شۆڕشگێڕێکی دێمۆکرات" چاپو بڵاوبۆوە.

ئەم کتێبە ٣٣٠ لاپەڕەی گرتوەو، لە پێشەکییەکو ١١ فەسڵ پێک هاتوە. نێوەرۆکی کتێبەکە بریتییە لە ژیاننامەی ئەو شەهیدە مەزنەو چەندین وتارو بابەت لە بارەی کەسایەتیی سیاسیو بیروبۆچوونەکانی ئەو خەباتگێڕە مەزنەی گەلی کورد، کە زۆربەیان پێشتر لە چاپەمەنیی حیزبدا بڵاوبوونەتەوە.

هاوڕێ "کاوە بەهرامی" کە کتێبەکەی ئامادە کردوە، ئەم کتێبەی "پێشکێش بە گیانی شەهیدی نەمر کاک دوکتور قاسملوو هەموو شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان" کردوە. لە پێشەکییەکیشدا کە بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە، کۆمەڵێک لە توانا تایبەتییەکانو تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێبەرەی حیزبی دیمۆکراتو گەلی کوردی ناوبردوون.

بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە بەسوودەوە، پیرۆزبایی لە هاوڕێ کاوەی بەهرامیو هاوکارانی لە بەئاکام گەیاندنی ئەو بەرهەمەدا، دەکەینو ماندوونەبوونییان پێدەڵێین. هیوادارین کتێبی "دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرنو شۆڕشگێڕێکی دیمۆکرات" بەشێک لە پێویستییەکانی لێکۆڵەرانو نووسەرانی کورد بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو نووسین لە سەر ئەو ڕێبەرە مەزنە، دابین بکا.

"کوردستان"



## جەنابی خاتەمی!

بەر لە ماڵاوایی

# لەبەر ئەم هۆیانە دەست لە کار بکێشەوە

### چەند بەشێك لە نامەی سەرئاوەڵای سەید برایمی نەبەوی بۆ خاتەمی

ئاغای خاتەمی فەرموویانە ئەگەر خەڵك لە منیان بوێ، دەست لە کار دەکێشمەوە. بەو پەڕی داماوییەوە تکات لێ دەکەم پێمان بڵێ کە خەڵك بە چ زمانێكو لە کوێ دەبێ ئەم داوایەی خۆیان رابگەیەنن؟ لە ڕێپێواندا؟ بە خۆپیشاندان؟ لە کۆڕو کۆبوونەوەی ئیعتیرازیدا؟ بەهۆی مانگرتن لە خواردنەوە؟ وای دادەنێین خوانەخواستە خەڵك بیانەوێ ئەم داوایەت لێ بکەن، بۆ جێگایەك هەیە کە سەد بنیادەم بتوانن لەوێ کۆ ببنەوەو داوای دەست لەکار کێشانەوە بکەنو قۆڵبەست نەکرێن؟

جەنابیان فەرموویانە کە خەڵك ئەگەر داوایەکی ئەوتۆیان هەبێ، دەبێ دەری بڕن. ئێوە پێم بڵێن لە وڵاتێکدا، لە خۆپیشاندانێکدا کە بە قسەی کاربەدەستانی ئەمنییەتی، هەر ٣٠٠ کەس لەو خۆپیشاندانانەدا بەشدار بوون، ٤ هەزار کەس لەو خۆپیشاندانانەدا گیراونو ٥٠٠یان تا ئێستا ئازاد کراون، نارەزایەتی دەربڕینی ئەو خۆپیشاندەرانەش لەدژی تایبەتیکردنی زانستگەکان بووە، چلۆن دەکرێ داوا لە سەرکۆمارێك بکرێ کە دەست لە کار بکێشێتەوە؟

کێ دەبێ داوا لە سەرکۆمار بکا دەست لە کار بکێشێتەوە؟ نوخبەکان؟ نوێنەرانی مەجلیس؟ هونەرمەندان؟ ڕۆژنامەنووسان؟ خوێندکاران؟ سیاسەتمەداران؟ لە وڵاتی ئێمەدا سێ ڕەوتی بنەڕەتی لە سیاسەتدا هەن: تاقمێك کە کۆنەپارێز(محافظەکار)ەکانن. ئەوان چونکە رقیان لە خاتەمییە، خوازیاری لەسەرکار لابردن یا بێکەڵكو بێقیمەت کردنی سەرکۆمارن. دەستەی دووهەمیش کە "کارگوزاران"ن، چونکە خاتەمییان خۆش ناوێ، حەز دەکەن سەرکۆمار وەلابنرێ. تاقمی سێهەمیش کە لایەنگرانی سەرکۆمارن، بەو هۆیەوە کە خاتەمییان خۆش دەوێ، پێیان خۆشە دەست لەکار بکێشێتەوە. لەیەك ساڵی رابردوودا کێ هەیە لایەنگری دەست لەکار کێشانەوەی سەرکۆمار نەبێو ئەم داوایەشی رانەگەیاندبێ؟ هەر لەو دوو مانگەی رابردوو چەند کەس لە گەورەترین لایەنگرانی ئیسلاحات لە سەرکۆماریان ویستوە دەست لەکار بکێشێتەوە. براکەشی، خۆ داوای لێ کرد. هەر ماوەتەوە کچەکەی سەرکۆمار یا هاوسەرەکەی، سبەیو دووی لە ماڵێ پێی بڵێن: مەمەد گیان! یا سبەی دەست لەکار دەکێشییەوە، یا پێ لەو ماڵە نانێیەوە. تێگەیشتی؟

پرسیارێکی گرنگ: ئاغای خاتەمی لەبەر ئەوە دەست لەکار ناکێشێتەوە کە دەترسێ ئەگەر ئیستیعفا بدا، هەلومەرجەکە خراپ بێو بۆ وێنە ڕۆژنامەکانی "جامعە"، "توس"، و "نشاط"و "صبح امروز" و "خرداد" و "مشارکت" و "نوروز" و "دوران" و "بنیان" دابخرێنو لایەنگرانی سەرکۆمار بۆ نموونە "شمس الواعظین" و "جلاییپور" و "گنجی" و "سازگارا" و "حجاریان" و "عبدی" و ئەوانی دی بگیرێنو زانستگەکان سەرکوت بکرێنو پێشی ئازادییە فەردییەکانی خەڵك بگیرێ. خەتاکە هەمووی هی ئەو ئاغای ئەبتەحییەیە کە ئەم هەواڵانەی بە خاتەمی نەداون، ئەویش پێی وایە شتێکی واماوە بایی ئەوە ببێ لەسەر ئەو کورسییە دابنیشێ.

**بەڵام چەند دەلیل بۆ ئەوەی ئاغای خاتەمی ئەگەر ویستی دەست لەکار بکێشێتەوە، پشتیان پێ ببەستێو خەیاڵی ئاسوودە بێ:**

ـ لە سەردەمی حکوومەتی خاتەمیدا، گرنگترین داواکاری ئیسلاحاتو کاربەدەستی رەسمیی دەوڵەت، بەرۆژی روون لە نێوەندی شەقام تیرۆر کراو بکوژەکەش بەرۆژی روون ئازاد کراو سەڵاحییەتی قاتڵەکەش لەلایەن شووڕای نیگابانەوە تەئیید کرا. (کابرا قەتڵی کردوە، خۆ عارەقی نەخواردۆتەوە). دوو ساڵ دوای ئەم تیرۆرەش هێشتا هەر خەریکی هەڵایساندنی فیتنەیەو سەرکۆمار، دەسەڵاتی بە لاتێکی مل ئەستووری ٢٢ ساڵە ناشکێ. هەر لەبەر ئەم هۆیە دەتوانن دەست لە سەرکۆماری بکێشنەوە.

ـ لە سەردەمی خاتەمیدا گەورەترین کارەساتی مێژوویی فەرهەنگو چاپەمەنی رووی داو ١٠٥ ڕۆژنامەو حەوتوونامە داخران. ئەگەر لەنێو هۆزێکی ئینسانخۆردا ئەمە رووی دابا، سەرۆك هۆزەکە یا خۆی دەخوارد یا وەلا دەچوو. شتی وا تەنانەت لە قۆڵتای سەروو موزامبیکیش روو نادەن. بەڕاستی کورووش! بخەوە. چونکە کاتێك خەوتبووی بابمانیان لە قەبریدا راست کردەوە. ئاغای خاتەمی! هەر بەڕاستی قەت بیرت لێ کردۆتەوە ئەو کەسەی لەبەر مل نەدان بۆ سانسۆر، دەستی لە وەزارەتی ئیرشاد هەڵگرت، لە سەردەمی سەرکۆماریی خۆیداو دوای داخرانی زیاتر لە سەد رۆژنامە، بۆ دەست لەکار کێشانەوە بەدوای بەڵگەو دەلیلدا دەگەرێ؟

ـ ئاغای خاتەمی! لە سەردەمی حکوومەتی جەنابتاندا، ژمارەیەك مەئمووری وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێوە، ژمارەیەك روناکبیریان کوشتو گیران. ئێستا پارێزەران (وەکیلەکان)ی بنەماڵەی کوژراوەکان، پارێزەری پارێزەرانی بنەماڵەی کوژراوەکانو هتد پێوە بوون، ئەوەش لە حاڵێك دایە کە قاتڵەکان ئازاد کراونو ئەشکەنجەگەرانی قاتڵەکانیش ئازاد کراون، هەر کەسێکیش لەبارەی ئەم قاتڵانەوە قسەیەکی لەدەم هاتۆتە دەر، لە زیندان کراوە. ئایا ئەمە بەڵگەیەکی بەهێز نیە بۆ ئیستیعفا؟ ئێوە چاوی فیتنەتان کوێر کرد، ئەوانیش چوونە لەندەن، نەشتەرگەرییان بۆ چاویان کرد، ئێستا لە جوانییان، چاویان وەك چاوی "کلودیا کاردینالە"ی لێ هاتوە. پێت وایە هەموو وەك لالەو لادەنی خوالێخۆشبوو بۆ نەشتەرگەری دەچنە سەنگاپوور؟

ـ ئاغای خاتەمی! لە کۆماری ئیسلامیدا کە سەرۆکەکەی ئێوەن، بابایەك سەبارەت بە خۆش تیپ بوونەکەی، لە کاتی خۆپیشاندانێکدا وێنەی گیراوەو لەسەر بەرگی گۆڤارێك چاپ بووە، ئەو بابایە سەبارەت بە خۆش تیپ بوون، بڕیاری ئیعدامی بۆ دەرچووو ئێستاش ساڵانی گەنجێتیی خۆی لە زینداندا تێپەڕ دەکا.

ـ ئاغای خاتەمی! ئێوە لە ریزی سیاسەتمەدارانی خاوەن ئابڕووی مێژووی ئێران دان کە ژمارەشیان ئەوەندە زۆر نیە. مێژوو لەوە بێبەش مەکەن. بڕوات بێ ئەوەی ئێوە ئێستا دەیکەن، بەکردەوە، لە هی ئەوانیتر باشتر نیە. تەنیا شتێك کە روو دەدا ئەوەیە کە حکوومەتێکی دیکتاتۆر بەکەڵك وەرگرتن لە ئێوە، ئابڕوو بۆ خۆی دەکڕێو ئابڕووی ئێوە دەبا. ئەو میللەتەش نازانن لەگەڵ کێ تەرەف بن. دنیاش ئێوە بە بەرپرسی حکوومەتی ئێران دەزانێو نازانێ لەگەڵ ئەو حکوومەتە چ بکا. تکایە بۆ ئەوەی هۆمێدی میللەتێك لەنێو نەبەنو تەکلیفی خۆیان لەگەڵ حکوومەتێکی نەزانو زۆردار روون بکەنەوە، وەلاکەوە. پێم وابوو ئەو رۆژەی نامەی دوکتور سرووش دەخوێنییەوە، لاقی ئەوەت نابێ بچییە ژووری کارەکەت. بەڵام ئەو سیاسەتە پێستی مرۆڤەکان زۆر چرو ئەستوور دەکا!

## کۆچێکی تاڵو مەرگێکی دڵتەزێن



کاتژمێر ٩:٣٠ی پاشنیوەڕۆی رۆژی ٢١ی پووشپەڕ لە رووداوی دڵتەزێنی خۆ لێکدانی دوو ئوتومبیل لە نزیك شاری کەرکووکدا، بەداخەوە ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "ئیلهام میرزایی"، کچی هووشەنگ میرزایی، خەڵکی شاری سنە، گیانی لەدەست داو خزمو کەسوکار، دۆستانو ئاشنایانو هاوڕێیانی تووشی خەمو پەژارەیەکی قووڵ کرد.

ئیلهامی میرزایی، ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لەشاری سنە لەدایك بوو. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لەشاری کرماشان تەواو کردو پاشان چووە زانکۆی "رازی"ی شاری کرماشانو لە رشتەی ئاماردا درێژەی بە خوێندن دا. دواتر لە زانکۆی کرماشان لیسانسی لەو رشتەیەدا وەرگرت.

هاوڕێ ئیلهام میرزایی لەگەڵ هاوسەرەکەی، هاوڕێ "رامبۆد لوتفپووری"، پێش ئەوەی ناچار بن لەبەر فشارو شوێن پێهەڵگرتنی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیم، کوردستانی ئێران جێبێڵن، وەك دوو ئەندامو دڵسۆزی حیزب، لە نێوخۆی وڵاتدا دڵسۆزانە لەپێناوی ئامانجەکانی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێدەکۆشانو پاش ئەوەی ئاشکرابوون، خۆیان گەیاندە ریزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حیزبو درێژەیان بە ئەرکی خۆیان دا. بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەکی کەم، هاوڕێ ئیلهام میرزایی گیانی لەدەست داو چووە ریزی کاروانی نەمرانی حیزبو گەلەکەی.

**دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان" وێڕای دەربڕینی داخو کەسەری خۆیان بۆ لەدەستچوونی ئەو هاوڕێ تێکۆشەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی، دۆستانو هاوڕێیانیو بەتایبەت هاوڕێ "رامبۆد لوتفپووری"ی هاوسەری دەکەنو خۆیان لە خەمو پەژارەیاندا بەشەریكو بەشدار دەزانن.**

**یادی بەرزو پیرۆز بێ**

## "دنیا ناتوانێ لێکمان کاتەوە"

لالەو لادەن ئەم دوو خوشکە دوانەیە ناسراوەی ئێران، گیانێك نەبوون لە دوو جەستەدا، دوو گیان بوون لە دوو جەستەدا . بەڵام بە هۆی پێکەوەنووسانی سەریان ٢٩ ساڵ بوو ناچار بوون لە یەك جەستەدا بژین.

گومانی تێدانیە کە ئاواتی لێك جیابوونەوەی بە لەشو دەست پێکردنی ژیانێکی سەربەخۆ لە یەکتر، هەر لە یەکەم رۆژەکانی فامکردنەوە لە هەستو دەروونی ئەو دوو خوشکەدا، رەگی داکوتابووو تا دەهات پتر باڵای دەکرد. ئەوان لەو ئاواتە پیرۆزەشیاندا هەر بە تەنیا نەبوون، مرۆڤایەتی بە گشتیو بە میلیۆن کەس لە هاونیشتمانانیان، ئاواتی ئەو رۆژەیان دەخواست کە ئاواتی ئەم دوو خوشکە بێتە دی .لالە ولادەن سەرەنجامو لە سەر رەزامەندیو پێداگرتنی خۆیان، نەشتەرگەرییەکی سەختو پڕمەترسییان لە سەنگاپوور لە سەر کرا. ئێمەش وەك دەیان میلیۆن هاونیشتمانان لە ئێرانو وەك هەموو مرۆڤێکی بە هەستو ئینساندۆست لە هەموو جێیەکی جیهان لە رێگای سەر هەڵنەگرتن لە هەواڵو راپۆرتی رادیۆو تەلەویزیۆنو سایتە جۆراوجۆرەکانەوە، چاوەڕوانو هیوادار بووین هەواڵی سەرکەوتنی ئەم نەشتەرگەرییەو بەرهەمدانی هەولی دڵسۆزانەی دوکتۆرەکان ببیسین و بخوێنینەوە، بەڵام بەو پەری داخو کەسەرەوە هەواڵی مەرگیانمان بیست.

لالەو لادەن سەرئەنجام لێك جیابوونەوە، بەڵام نرخێکی ئەوەندە گرانیان بۆ ئەو جیابوونەوەیەیان بەخشی کە کزەیان لە جەرگی مرۆڤایەتی هەستاند. ئەوان بە قیمەتی بەخشینی گیانو ژیانیان، بە ئاواتی لێك جیابوونەوەی لەشیان گەیشتن. بەڵام مردنی پێکەوەشیان بەڵگەیەك بوو بۆ ئەم راستییە تاڵە کە هیچ هێزێك نەیتوانی لێکیان جیا بکاتەوە.



**لالەو لادەن گوڵێك یا دوو گوڵ بوون لە باغچەی ماڵی هاوبەشی هەموومان، ئێراندا. بە هەڵپرووکانی بەم شێوە تاڵو دڵتەزێنیان، چاو پڕ لە فرمێسكو دڵ پڕ لە ماتەمین. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە کەسو کاریانو لە هاونیشتمانانمان دەکەین.**

**بەڕێوەبەرانو کارگێڕانی "کوردستان"**

## شاری شنۆ، جارێکی دیکە بۆوە بە خاوەنی "کێڵەشین"




لە ٢٠ی بانەمەڕی ئەمساڵەوە شاری شنۆش چووە ریزی ئەو شارانەی خاوەنی گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیانن. لەم شارە دووحەوتوونامەیەك لە ژێر ناوی "کێڵەشین"دا بڵاو دەبێتەوە کە لقی تایبەت بە شنۆی بڵاوکراوەی "فردای ما"یە.

"فردای ما"، حەوتوونامەیەکی سیاسی، ئابووریو فەرهەنگیی "ئازەربایجان"ەو خاوەن ئیمتیازەکەی کەسێکی ئازەری زمانە بە ناوی "یوسف پیربوداقی". بەو هۆیەوە کەکاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا لەدانی ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤارو بڵاوکراوە بە کوردەکاندا، کەندو کۆسپی جۆراوجۆر دروست دەکەن، زۆر لە ئۆگرانی کاری رۆژنامەنووسیو دەرکردنی گۆڤارو بڵاوکراوە لە شارەکانی ئەم بەشەی کوردستان کە خراوەتە سەر ئەو ئوستانە، ناچار بوون هەر لە ژێر ناوی "فردای ما"دا لە شارەکەی خۆیان لقێك بۆ ئەو بڵاوکراوەیە بکەنەوە. "کێڵەشین" هەر دوو حەوتوو جارێكو بە دوو زمانی کوردیو فارسی بڵاو دەبێتەوە. تا ئێستا ٧ ژمارەی لێدەرچووە.

دیارە هەر بە ناوی "کێڵەشین"ەوە لە ساڵانی ٦١و ٦٢ی هەتاوییشدا بڵاوکراوەیەك لە ناوچەی شنۆ دەردەچوو کە کەمتر لە ١٠ ژمارەی لێبڵاو بۆوە.

لەو ژمارانەی "کێڵەشین"دا کە بە دەستمان گەیشتوون بابەتی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو هەواڵو راپۆرتی پێوەندیدار بە ناوچەی شنۆو دەوروبەر بەرچاو دەکەون. کارو کردەوەو بیروڕای نوێنەرانی خەڵکی ناوچەکەو مەجلیس، کەموکووڕیی کارو بەرنامەی هێندێك لە دامەزراوەکان و چالاکیی وەرزشکارانی شنۆو گیروگرفتو داخوازە سینفییەکانی توێژە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ کۆمەڵێك بابەتی سەرنج راکێش لە بواری کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا، لە سەر لاپەڕەکانی "کێڵەشین" رەنگیان داوەتەوە.

**بۆ "کێڵەشین" تەمەندرێژیو سەربەخۆییو بۆ بەرێوەبەرانو هاوکارانی سەربەرزیو سەرکەوتن لە ئەرکە پیرۆزەکانیاندا بە ئاوات دەخوازین.**